ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
ژماره ٦٢٠
چوار شه‌ممه
٢٩ی خه‌زه‌ڵوه‌ر ١٣٩٢
٢٠ی نوامبه‌ری ٢٠١٣
نرخ: ١٥٠ تمه‌ن
kurdistanukurd.com
kurdistanukurd.com
دامه‌زرانی کۆماری کوردستان له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا



## پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات له‌ په‌یره‌وانی ئاینی یاری به‌ بۆنه‌ی جێژنی خاوه‌نکار

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، به‌ڕێز خالید عزیزی له‌ په‌یامێک دا به‌ بۆنه‌ی جێژنی خاوه‌نکار، جێژنی تایبه‌ت به‌ په‌یره‌وانی ئایینی یارسان، پیرۆزبایی له‌ په‌یره‌وانی ئه‌ن ئایینه‌ ده‌کات.

ده‌قی پیرۆزبایی به‌ڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات:

به‌ بۆنه‌ی هاتنی جێژنی خاونکار، جێژنی خۆشک و براکانی کوردی یارسانیمانه‌وه‌، پر به‌دڵ پیرۆزبایتان لێ ده‌که‌م.

ئێوه‌ کورده‌کانی یارسانی که‌ هه‌ڵگری کۆمه‌ڵێک بنه‌ماو بایه‌خی مێژویی و نه‌ته‌وه‌یی گه‌لی کوردن، له‌ لایه‌که‌وه‌ وه‌ک هه‌موو کوردێک له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان زۆڵمتان لێ کراوه‌. له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ خاوه‌ن ئایین و رێبازێکن که‌ له‌گه‌ڵ بنه‌ماکانی ئایدیولۆژی ده‌سه‌ڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناته‌بایه‌ و دانی پێدا نه‌ندراوه‌.

ل ٢

# سیاسه‌تی ئینکارو سه‌رکوت‌و قه‌ده‌غه‌کردن له‌ دژی کورد و کوردستان هیچ خێرێکی بۆ تورکیه‌ نه‌بووه‌



سه‌فه‌ری مه‌سعوود بارزانی، سه‌رۆکی هه‌ریمی کوردستان‌و هه‌یئه‌تی هاوڕێی بۆ ئامه‌د و دیداری ئه‌و له‌گه‌ڵ ره‌جه‌ب ته‌یب ئۆردوغان سه‌رۆک وه‌زیرانی تورکیه‌و کۆمه‌ڵێک لایه‌نی دیکه‌ له‌و شاره‌ له‌١٦و ١٧ی نوڤه‌مبرو وتار و لێدوانه‌کانی بارزانی‌و ئۆردوغان له‌ نێو خه‌ڵکی ئامه‌د له‌ ئاست میدیاو کۆڕو کۆمه‌ڵی سیاسیی کوردستان، تورکیاو جیهان دا ده‌نگدانه‌وو ره‌نگدانه‌وه‌یه‌کی به‌رینیان هه‌بوو.

ره‌جه‌ب ته‌یب ئۆردوغان بۆ یه‌که‌م جارو له‌ به‌رچاوی میدیاکان، ناوی کوردستانی هێنا. هه‌ر له‌م پیوه‌ندییه‌ش دا که‌وته‌ به‌ر ره‌خنه‌ی تورکه‌ توندڕه‌وه‌کان. وه‌ک وڵامدانه‌وه‌یه‌ک به‌و ره‌خنانه‌ ئۆردوغان له‌ کۆبوونه‌وه‌یه‌ک له‌گه‌ڵ فراکسیۆنی ئاکپارتی له‌ په‌رله‌مانی ئه‌و وڵاته‌ ره‌خنه‌ی له‌ سیاسه‌ته‌کانی رابردووی تورکیه‌ گرت‌و وتی: «تا ئه‌مڕۆ کام یاسای قه‌ده‌غه‌کردنی تورکیه‌ بووه‌ به‌ هۆی فراوانی و گه‌وره‌یی وڵات؟ کام یاسای قه‌ده‌غه‌کردن بووه‌ به‌ هۆی پێکهێنانی ئاشتی؟ کام یاسای ئینکارو سه‌رکوت‌و سته‌م‌و زۆرداری تا ئێستا بۆ تورکیه‌ خێریان هه‌بووه‌؟ به‌دڵنیاییه‌وه‌ هیچ کامیان. نه‌ک هه‌ر خێریان بۆ تورکیه‌ نه‌بووه‌ به‌ڵکوو هه‌مووی ئه‌وانه‌ بوون به‌ هۆی لاوازیی تورکیه‌و به‌ره‌و دواوه‌یان گێڕاوه‌ته‌وه‌، بوون به‌ هۆی قوولتربوونه‌وه‌ی کێشه‌کان‌و ئاڵۆزیی پرسه‌کان، و پاشکه‌وتنی تورکیه‌»

## چاوه‌ڕوانییه‌کان له‌ ئیداره‌ی کاتیی رۆژئاوای کوردستان

نیزیک به‌ سێ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر دوابه‌دوای شۆڕشی گه‌لانی عه‌ره‌ب له‌ توونس‌و لیبی‌و میسر و به‌دی کردنی ئاسۆی ئازادی گه‌لانی ئه‌و ناوچه‌ له‌ ژێر ده‌سه‌ڵاته‌ سه‌ره‌ڕۆکانیان، خه‌ڵکی سووریه‌ش رێگه‌ی ده‌ربڕینی ناڕه‌زایه‌تی‌و به‌رپاکردنی شۆڕشیان گرته‌به‌ر. ئه‌م شۆڕشه‌ که‌ سه‌ره‌تا له‌ خوارووی سووریه‌و له‌ شاری درعا ده‌ستی پێکرد، سه‌ره‌ڕای سه‌رکوتی بێبه‌زه‌ییانه‌ی له‌ لایه‌ن پۆلیس‌و ئه‌رته‌شی رێژیمی به‌شار ئه‌سه‌ده‌وه‌ په‌ره‌ی سه‌ندو به‌ره‌به‌ره‌ هه‌موو ناوچه‌کانی سووریه‌و ته‌نانه‌ت دیمه‌شقی پایته‌ختیشی گرته‌وه‌. ئه‌م شۆڕشه‌ که‌ له‌گه‌ڵ هه‌مووجۆره‌ سه‌رکوتکارییه‌کی نامرۆڤانه‌ی رێژیمی ئه‌سه‌ده‌وه‌ به‌ره‌ورووبووه‌، به‌ هۆی فیداکاری‌و خۆراگری خه‌ڵکی راپه‌ڕیوی ناوچه‌ جیاجیاکانی ئه‌و وڵاته‌وه‌ هه‌تا ئێستاش درێژه‌ی کێشاوه‌و جگه‌ له‌ وێران بوونی گه‌لێک شاروگوندی ئه‌و وڵاته‌، سه‌دان هه‌زار کوژراو وبریندداری لێکه‌وتوه‌ته‌وه‌و به‌ میلیۆن که‌سیش رێگه‌ی ئاواره‌یی‌یان بۆ وڵاتانی ده‌ورووبه‌ر گرتوه‌ته‌به‌ر.

له‌وناوه‌دا بۆ ماوه‌یه‌کی زۆر ناوچه‌ کوردنشینه‌کانی سووریه‌ ئارام مایه‌وه‌و جموجۆڵێکی تایبه‌ت له‌لایه‌ن هێزه‌کانی رێژیمه‌وه‌ له‌و ناوچانه‌ نه‌ده‌بیندرا. ئه‌وه‌ی جێی خۆشحاڵی بوو، هه‌وڵی هێزه‌کانی کوردی سووریه‌ بوو بۆ لێک نیزیک بوونه‌وه‌و پێکه‌وه‌کارکردن‌و خۆئاماده‌کردنیان بۆ رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ پێشهاته‌کان که‌ده‌یتوانی گۆڕان له‌ چاره‌نووسی خه‌ڵکی رۆژئاوای کوردستان‌دا پێک بێنێ.

کۆبوونه‌وه‌ی هه‌موو حیزب‌و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی کوردی سووریه‌ له‌ ٢٠١٢/٧/١١ له‌ هه‌ولێرو گه‌یشتن به‌ رێککه‌وتننامه‌یه‌ک له‌ نێوانیان‌دا، که‌یه‌کێک له‌ده‌سکه‌وته‌ گرینگه‌کانی پێک هێنانی رێبه‌رییه‌کی هاوبه‌ش به‌ ناوی ده‌سته‌ی باڵای رۆژئاوای کوردستان بوو، بووه‌ ئومێدبه‌خشی ده‌سته‌به‌رکردنی سه‌رکه‌وتنی خه‌ڵکی رۆژئاوای کوردستان به‌دوور له‌ دووبه‌ره‌کی و تاقیکردنه‌وه‌ی ئه‌زموونه‌ تاڵه‌کانی پێشوو.

ساڵێک له‌مه‌وبه‌ر کاتێک تێکۆشانی چه‌کدارانه‌ له‌ هێندێک ناوچه‌ی رۆژئاوا ده‌ستی پێکرد و ئه‌م تێکۆشانه‌ له‌لایه‌ن زۆربه‌ی رێکخراوه‌کانه‌وه‌ به‌هه‌نگاوێکی به‌دوور له‌ رێنماییه‌کانی کۆبوونه‌وه‌ی هه‌ولێر له‌قه‌ڵه‌م درا، ئه‌و گومانه‌ی دروست کرد که‌ ده‌سته‌ی باڵا ئه‌و جۆره‌ی پێویسته‌ گرینگی پێنه‌دراوه‌و قسه‌ له‌وه‌ ده‌کرا حیزبێک ده‌یه‌وێ هێژمونی خۆی له‌و ناوچه‌دا بسه‌پێنێ. له‌درێژه‌ی ئه‌م هه‌نگاوانه‌دا و له‌ ٢١ی ئه‌م مانگه‌دا، له‌ لایه‌ن پارتی یه‌کیه‌تی دیموکراتیک PYD وه‌ دامه‌زراندنی ئیداره‌ی خۆبه‌ڕێوه‌به‌ری کاتی له‌ناوچه‌کانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی له‌ کوردستانی سووریه‌ راگه‌یێندرا.

ل٣

## ته‌قینه‌وه‌ له‌ به‌رده‌م باڵوێزخانه‌ی ئێران له‌ لوبنان

به‌هۆی دوو ته‌قینه‌وه‌ له‌ به‌رده‌م باڵوێزخانه‌ی ئێران له‌ لوبنان ٢٣ که‌س گیانیان له‌ ده‌ست دا.

ئه‌و دوو ته‌قینه‌وه‌ دوای به‌ دوای یه‌که‌ که‌ دوانیوه‌ڕۆی رۆژی سێشه‌ممه‌، ٢٨ ی خه‌زه‌ڵوه‌ر له‌ به‌رده‌م باڵوێزخانه‌ی ئێران له‌ لوبنان ڕووی دا، کوژرانی لانیکه‌م ٢٣ که‌س و بریندداربوونی ١٤٦ که‌سی دیکه‌ی لێکه‌وته‌وه‌و یه‌ک له‌ کوژراوه‌کان به‌رپرسی کاروباری فه‌رهه‌نگیی باڵوێزخانه‌که‌ بووه‌.

کاربه‌ده‌ستێکی ئاسایشی لوبنان به‌ ئاژانسی ئاسۆشیه‌تد پریسی ڕاگه‌یاند خۆکوژێک به‌ سه‌ر ماتۆرسکیلێکه‌وه‌ که‌ مه‌زه‌نده‌ ده‌کرێ ٢ کیلۆی ته‌قه‌مه‌نی پێ بووبێ، خۆی به‌ ده‌روازه‌ی سه‌ره‌کیی باڵوێزخانه‌که‌ ته‌قاندۆته‌وه‌و پاش که‌متر له‌ دوو خوله‌ک ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو که‌ مه‌زه‌نده‌ ده‌کرێ ٥٠ کیلۆ ته‌قه‌مه‌نی تیدا بووبێ، له‌ دوری نزیکه‌ی ١٠ میتریی باڵوێزخانه‌که‌ ته‌قیوه‌ته‌وه‌.



غه‌زه‌نفه‌ر ڕوکن‌ئابادی، باڵیۆزی ئێران له‌ لوبنان پشتڕاستی کرده‌وه‌ که‌ ئیبراهیم ئه‌نساری، به‌رپرسی کاروباری کلتووری باڵوێزخانه‌که‌ له‌ نێو کوژراوه‌کان دایه‌و کۆمه‌ڵێکی سه‌ر به‌ ئه‌لقاعیده‌ که‌ خۆی به‌ که‌تائیب عه‌بدوڵڵا عه‌زام ده‌ناسێنێ، به‌رپرسایه‌تیی ئه‌و هێرشه‌ی وه‌ئه‌ستۆ گرتوه‌.



٥

دەوڵەتی رووحانی و پرسی نەتەوەکان



٦

یەکگرتن، عەقڵانیەت یان هەست؟



٦

چەند دەنگی یان لێک جیاکردنەوەیەکیژیرانە؟!



٧

وتوویژ لەگەڵ حاکم رزگار سەبارەت بە ئیعدامەکان لە ئێران



٨

پێگەی ژن لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا



کوردستان
٢
ژمارە: ٦٢٠
٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢
٢٠ی نوامبری ٢٠١٣
هەواڵ و راپۆرت

درێژەی:

## پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە پەیرەوانی ئاینی یاری بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار

بەم هۆیانە و زۆر هۆکاری دیکەشەوە، لە کار و بەشداری لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتیش دوور خراونەتەوە و لێیان بێبەش کراون. بێحورمەتی بە خۆتان و بیر و باوەڕەکەتان دەکرێ و لە دوایین رووداوەکانیشدا نیشانتان دا کە دەتوانن بە شێوەی جۆراوجۆر بەرهەڵستی دەسەڵاتداران ببنەوە و داوای مافەکانی رەواتان بکەن. بێگومان یەک ریزی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەمو پێکهاتەو ئاین ئایینزاکانێوە بە یارسان و شیعە و سوننە پێداویستێکی گرینکی کار و تێکۆشانی ئیمەی کوردە لە پێناو مسۆگەر کردنی ویست و داخوازێکانماندا.

جارێکی دیکەش پیرۆزبایی جێژنی خاوەنکارتان لێ دەکەم و رۆژ و رۆژگارێکی خۆشتان بۆ بە ئاوات دەخوازم .

خالید عەزیزی
٢٧-٨-١٣٩٢
١٨/١١/٢٠١٣

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی دژ بە ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد

### هەولێر

سەدان کەس لە کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتووی باشووری کوردستان وێڕای کۆمەڵێک لە کوردانی باشوور بە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانێک لە شاری هەولێر ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان مەحکووم کرد.



لەو خۆپیشاندانەدا کە دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی ١٧ی خەزەڵوەر لەسەر بانگەوازی کەمپینی «نا بۆ ئێعدامی لاوانی کورد»و «ئەنجومەنی زێد» لە بەر دەرکی پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر رێک خرابوو، حەشیمەتێکی ٧٠٠ _ ٨٠٠ کەسیی بەشداران بە بەرزکردنەوەی دروشمی دژی کۆماری ئیسلامیو بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی کورد سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان مەحکووم کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا پەیامی هاوبەشی کەمپینی «نا بۆ ئێعدامی لاوانی کورد»و «ئەنجومەنی زێد» بە سێ زمانی کوردی، فارسیو ئینگلیسی خوێندرایەوەو نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش پەیامی خۆیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ئاکسیۆنەدا خۆپیشاندەران بە رێپێوان بە دەوری پارکی شانەدەرو بەبەرزکردنەوەی دروشمی دژی کۆماری ئیسلامیو خاوەنداری لە شەهیدانی کوردستانو زیندانیانی سیاسیی کورد کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکەیان هێنا، بەڵام دواتر کۆمەڵێک خەڵکی ناڕازی و خۆڕسک چوونە بەر باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر و بینای کۆنسوولگەریی ئێرانیان دایە بەر بەرد و رقو تووڕەیی خۆیان لە دژی ئێعدامەکان بەو شێوەیە دەربڕی کە پاش ماوەیەکی کورت لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بڵاوەیان پێکرا.

هەر لە پێوەندیی لەگەڵ بەردبارانی کونسوولگەری کۆماری ئیسلامی لەهەولێر، ٧ کەس لە بەڕێوەبەرانی خۆپیشاندانەکەی پارکی شانەدەری هەولێر، لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە بەبێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیان بە رووداووەکەی کونسووکگەرییەوە بێ، دەستبەسەر کران کە تا ئێستا کە نزیک دوو حەوتوویە هەر وا لە زیندان دەستبەسەرن.

### سۆران



شایانی باسە ئەندامانی کومیتەی سۆرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وێڕای ئەندامانی حیزبو لایەنە سیاسیو رێکخراوەییەکانی دیکە بەشداریی چالاکیان لە بەڕێوەبردنی ئەو خۆپیشاندانەدا هەبوو.

### ڤانکۆڤێری کاناداو کۆڵنی ئاڵمان

لە وانکۆڤێری کانادا و کۆڵنی ئاڵمان ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد مەحکووم کرا. رۆژی یەکشەممە، ١٢ ی خەزەڵوەر بە مەبەستی مەحکوومکردنی شەپۆلی ئێعدامو کوشتاری بەندکراوانی سیاسیی کورد و بلوچ لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە؛ماڵی کورد، بە پشتگیریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و چەند حیزبو رێکخراوی سیاسیی دیکەی کوردستانی، خۆپیشاندانێکی لە ئارت گالەری، ناوەندی شاری ڤانکۆڤێر بەڕێوە برد.



لەو خۆپیشاندانەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەیاننامەو پەیامێک کە بە زمانی ئینگلیسی لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەو خۆپێشاندانەوە، لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی دژی ئینسانیو دژی کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادە کرابوو، بە سەر رێبوارانو ئەو خەڵکانەی بەویدا تێپەڕ دەبوون بڵاو دەکرایەوە.

رۆژی شەممە، ١١ ی خەزەڵوەریش بە بەشداریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئەندامانی حیزبو لایەنەکانی دیکەی کوردستانیو ئێرانی خۆپێشاندانێک بۆ مەحکوومکردنی کردنی شەپۆلی ئێعدامەکان لە ئێران و کوردستانو بێدەنگی میدیاو راگەیەنە گشتییەکانی دەوڵەتی ئاڵمان، وەڕێ خرا.

لەو ئاکسیۆنەدا خۆپیشاندەران سەرەتا لە بەر دەم وێستگەی گشتیی قەتاری شاری کۆڵن کۆبوونەوە و دواتر کۆمەڵە وتارێک پێشکەش کراو لە کۆتایی ئەو خۆپیشاندانەدا ،تۆمارێکی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەربە بێدەنگی ولاتی ئاڵمان، لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە ئاراستەی ناوەندی گشتیی راگەیاندنی شاری کۆڵن کرا.

### نۆڕوێژ

بەپێی راپۆرتی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەو مانگرتنو خۆپیشاندانە کە قەرار بوو لە سەر ئیزنی پۆلیس لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی نۆڕوێژ بەڕێوە بچێ، دوای چەند سەعات لە سەر داوای پۆلیس بۆ سەنتەری ئۆسلۆ گواسترایەوەو خۆپیشاندەران پاش دوو کاتژمێر درووشمدان و ناڕەزایەتی دەربرین لە بەر دەم وەزارەتی دەرەوە دژ بە سیاسەتی بێدەنگیی دەوڵەتی نۆڕوێژ بەرانبەر بە پێشێلکردنی مافی کوردان ئەو شوێنەیان پێ چۆڵ کراو



لە سەنتەی ئۆسلۆ مانگرتنەکەیان بە سروودی ئەی رەقیبو شەهیدان درێژە پێدا.

ئەو مانگرتنە کە قەرار بوو تا ئێوارەی رۆژی شەممە، ١٨ ی خەزەڵوەر بەردەوام بێ، لە ژێر فشاری پۆلیس بڵاوە بە خەڵک کرا، بەڵام دواتر کۆمەڵێک لەو کەسانە گەڕانەوە شوێنی مانگرتنەکەو تا بەیانی کاتژمێر ٨ لەوێ مانەوە.

بەپێی ئەو راپۆرتە لەماوەی مانگرتنەکەدا کۆمەڵیکی زۆر لە خەڵکی نۆڕوێژو رێبواران لەو شوێنە سەردانیان کردوونو ئەندامانی حیزب چالاکانەو بەرێژەیەکی زۆر بەشدارییان لەو چالاکییە دا کردوە.

### سویس

رۆژی شەممە، ١٨ ی خەزەڵوەر سەدان کەس لە کوردو ئێرانییەکانی دانیشتووی سویس بە مەبەستی مەحکووم کردنی بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوتگرانەکەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانو لە سێدارەدانی لاوانی کورد، عەرەب و بلووچ لەلایەن رێژیمی تێرۆرو سێدارە، خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست.

لەم خۆپیشاندانەدا کە لەیەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شاری بێرن، پیتەختی سویس بەڕێوەچوو، ئەندامانی چەندین حیزبو رێکخراوی کوردستانیو ئێرانی بەشدارییان تێدا کرد. دوای سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب، بەشدارانی خۆپیشاندانەکە بە بەرزکردنەوەی دەیان وێنە، پۆستێر، پلاکاردو دانی دروشم لە دژی کۆماری ئیسلامی دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی تێکڕای ئازادیخوازانی کوردستانو پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدان نوێ کردەوە.



لەم خۆپیشاندانەدا، دوای خوێندنەوەی پەیامی زۆر لە حیزب و رێکخراوە کوردستانیو ئێرانییەکان داخوازینامەی خۆپیشاندەران کە لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکاری خۆپیشاندانەکە پێکهاتوو لە زۆربەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، باشووری کوردستانو چەندین رێکخراوەی ئێرانی گەڵاڵە کرابوو، بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئاڵمانی خوێندرایەوە.

شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن عەزیز ئەحمەدییەوە خوێندرایەوەو هەروەها کەسایەتیی سیاسیو ئەدەبی کورد، مامۆستا فەوزی رەمزی باسێکی لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیو لە سێدارەدانی لاوانی کورد پێشکێش کرد.

### بریتانیا

پاشنیوەرۆی رۆژی شەممە، ١٨ی خەزەڵوەر بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆر لە کوردانی چوارپارچەی کوردستان، دانیشتووی شاری لەندەنو دەرووبەری، لە داونینگ ستریتو پێش دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا خۆپێشاندانێک رێکخرا.




لە درێژەی ئەو کارو چالاکی‌یانەیە کە دژ بە ئیعدام لە کوردستانو ئورووپاو وڵاتانی سکاندیناویو ئەمریکا و کانادا لە لایەن رەوەندی کورد لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا بەڕێوەچوون، بە گوتنەوەی دروشم دژی کۆماری ئیسلامی ناڕەزایەتی دژ بە ئیعدامی زیندانیانی سیاسی لە ئێران رقو بێزاریی خۆیان دژ بە کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەربڕی.

لەو ئاکسیۆنەدا دەیان درووشمو پلاکاردی جۆراوجۆر کە بە زمانەکانی ئینگلیسیو کوردیو فارسی دروشمیان لەسەر نووسرابوون، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بەرز کرانەوەو هاوکات سەدان بەیاننامەو راگەیەندراو کە لەو پەیوەندییەدا پێشتر ئامادە کرابوون، بە سەر ئەو رێبوارانەدا دابەش کران.

پاشان هەیئەتێک لە رێکخەرانی ئەو خۆپێشاندانە نامەیەکیان لە پیوەندی لەگەڵ ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ئێران دایە دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا.

شایانی باسە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا لەو خۆپیشاندانەدا چالاکانە بەشدار بوون.

### ستۆکهۆلم

دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە،١٩ی خەزەڵوەر لەسەربانگەوازی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوئێدو هەروەها کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردو کوردستانییەکان، خۆپێشاندانێک لە گۆڕەپانی «سێرگێل تۆریەت» ی شاری ستۆکهۆڵم بەبەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان، چالاکانی مەدەنیو کەسانی سەربەخۆ، دژ بە شەپۆلی ئێعدام و لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی بەهۆی رژێمی ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو.

لەم خۆپێشاندانەدا ژمارەیەک پارلمانتاری سوئێدی وتاریان خوێندەوەو لە




قسەکانیان‌دا ئێعدامی چالاکانی سیاسییان بە توندی مەحکووم کردو داوایان ئەوە بوو کە سوئێدو یەکیەتی ئورووپا هەرچی زووتر ئەم کردەوانەی رژێمی ئیسلامیی ئێران مەحکووم بکاو رێگایەک بۆ بەرگرتن لەو ئێعدامانە بدۆزنەوە.

لە درێژەی ئەو چالاکییەدا وتاری چەندین حیزب و رێکخراوی دیکەی کوردستانیو هەروەها کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ خوێندرانەوەو وتاری کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد لە لایەن ئەسعەد یۆسفی، بەرپرسی کومیتەی «ستۆکهۆڵم»ی حیزب خوێندرایەوە کە لە بەشێکی وتارەکەدا هاوکاریو هاودەنگیی هێزە سیاسییە خەباتکارکانی کورد وەک پێوستییەکی گرینگی هەنوکەیی باس کرابوو.

ئەو خۆپیشاندانە دوای دوو کاتژمێر بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب کۆتایی پێ هات.

### کانادا

رۆژی یەکشەممە، ١٩ ی خەزەڵوەر ماڵی کورد لە کانادا، بە پشتگیری چەند حیزب و رێکخراوی سیاسی کوردستانی بۆ مەحکوومکردنی شەپۆلی ئێعدامو کوشتاری بەندکراوانی سیاسی کوردو بلوچ بەهۆی کاربەدەستە مرۆڤکوژەکانی رژیمی ئیسلامیی ئێران خۆپیشاندانێکی لە ئارت گالەری، ناوەندی شاری ڤانکۆڤێر بەڕێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا هاوکات بە شێوەیەکی بەربڵاو بەیاننامەو پەیامێک بە زمانی ئینگلیسی کە لهلایەن بەڕێوەبەرانی ئەو خۆپێشاندانەوە لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادە کرابوو، بە سەر رێبوارانو ئەو خەڵکانەی بەو شوێنەدا دا تێپەڕ دەبوون بڵاو دەکرایەوە.

شایانی باسە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان وێڕای چەند حیزبو رێکخراوی کوردستانیی دیکە، چالاکانە لەو خۆپێشاندانەدا بەشدارییان کرد کە لەلایەن ماڵی کورد رێک خرابوو.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٠
٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢
٢٠ نوامبری٢٠١٣



## سەردانی هەیئەتی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان بۆ بارەگای ناوەندیی دەرەوەی «ی ن ک» لە لەندەن

هەیئەتێکی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان لە بریتانیا سەردانی بارەگای ناوەندیی دەرەوەی «ی ن ک»کرد. پاشنیوەڕی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ ی خەزەڵوەر، ١٤ی نوامبری ٢٠١٣ لەلایەن شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، بەرپرسی ناوەندی دەرەوەی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستانو هاوار حاجی کارگێری ناوەندی دەرەوەی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، پێشوازییان لێکرا. لەم سەردانەدا باسێک لەسەر چالاککردنەوەی ئەم کۆمیتەیە لە بارودۆخی ئێستای کوردستان کرا. دەستنیشان کردنی کەموکورییەکان و هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چالاکتر کردنی لە داهاتوو دا و، هەر لەو کۆبونەوەیەدا هەیئەتێکی سێ کەسی بۆ بەداوا چوون و بەرنامە ڕێژی کردن و نۆژەن کردنەوەی بەرنامە و پرۆگرامی ئەم کۆمیتەیە دەستنیشان کرا. بەشێکی دیکەی باسەکان لەسەر ڕۆژە مێژووییەکانی کورد بووو هەوڵو تێکۆشانی ئەم کۆمیتەیەش لەو بارەوە بەرز نرخێدرا و پێداگری کرایەوە لەسەر زیندوو ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە مێژوویانە. جێگای ئاماژەیە کە مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانو نوێنەری حیزب لە بریتانیا بەشداری ئەو کۆبونەوەیە بوو.

### ئەمریکاو کانادا

ڕۆژی سێشەممە، ٢١ ی خەزەڵوەر لە سەر داوای ١٩ ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی ئێرانی و کوردستانیو، بە دەست پێشخەری کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو، بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە ئێعدامی چالاکانی سیاسی لە



ئێران، بە تایبەت لاوانی کوردو گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی بە گوێی کاربەدەستانی حکوومەتی ئەمریکا، خۆپیشاندانێک لە واشینگتۆن، پێتەختی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا و لە بەردەرگای وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانە کوردەکانی واشینگتۆن هاورێ لەگەل نەتەوەکانی ئازەری، بەلوچ و عەڕەب، بە محکوومکردنی سیاسەتی لە سێدارەدانی گیراوانی سیاسی لە ئێرانو هەروەها دەربرینی نارەزایەتی لە سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە نەتەوە ژێردەستەکانیلە ئێران، داوایان لە کاربەدەستانی ئەمریکا، بە تایبەت وەزارەتی دەرەوەی ئەو ولاتە کرد کە ئاوڕێکی جیدی لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بدەنەوە و هەموو کێشەکانی ئەو وڵاتە بە بەرنامەی ئەتۆمی ڕژیمی ئیسلامییەوە گرێ نەدەن.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە خۆپێشاندەران بە گوتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر لە دژی کۆماری ئیسلامی، بەرز کردنەوەی وێنەی گیراوە سیاسییەکانو ئێعدام کراوانی ئەم دواییانەو بە مەبەستی دەربڕینی پشتیوانیو پشتگیری خۆیان بو بەندییە سیاسییەکان بەشدار ببوون، لەلایەن نوێنەری هەر کام لە نەتەوەکانی بەلوچ، عەڕەب و کوردەوە وتارێک پێشکەش کرا کە تێیدا داوا لە دەوڵەتی ئامریکا کرابوو سیاسەتی کوشتوبڕی بەندکراوانی سیاسی لەلایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە مەحکووم بکا.

شایانی باسە لە کۆتایی خۆپیشاندانەکە دا، بڕیارنامەی خۆپێشاندەران خوێندرایەوەو دواتر نوێنەرانی خۆپێشاندەران لەگەڵ تام جارد بەرپرسی بەشی ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا کۆبوونەوەو بڕیارنامەی خۆپێشاندەرانیان پێشکەش کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا لە سەر سیاسەت و بارودۆخی ناوخۆی ئێران وتووێژی لەگەڵ ناوبراو کراو ئەویش لەلایەن خۆیەوە بەڵێنی دا کە دەنگی ناڕەزایەتیی خۆپیشاندەرانو بڕیارنامەکە بگەیەنێتە کاربەدەستانی پێوەندیدار لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

### سویس

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس بە دژی لە سێدارەدانی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و فتوای جیهادی گرووپە ئیسلامییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی نوڤامبەری ٢٠١٣ی زاینی کوردانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان، خۆپیشاندانێکیان لە شاری زوریخی سویس ڕێکخست.

لەم خۆپیشاندانەدا دەیان کەس لە کوردان بە بەرزکردنەوەی وێنە و پلاکارت و گوتنەوەی سروود و دروشم گەلێک کە تەعبیری لە هەلوومەرجی ئێستای کوردستان بەتایبەت ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانی دەکرد لە یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شاری زووریخ، سەرنجی دەورووبەریان بۆ لای کوردستان و کێشەی کورد ڕاکێشاو هەروەها دەردو ئازارەکانی گەلی کوردستانو داخوازیی



خۆپیشاندەران بە زمانی ئەڵمانی لە نێو خەڵکی سویس دا بڵاو کرانەوە.

لەم خۆپیشاندانە دا کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سویسو گرووپی ئاڕاراتەوە ڕێک خرابوو، پەیامی تایبەتی هەر کام لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئارارات خوێندرانەوە.

# کۆبوونەوەی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەبولحەسەنی بەنیسەدر



لە دیدارو کۆبوونەوەیەکی نێوان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەبولحەسەنی بەنیسەدردا دوایین بارودۆخی سیاسیی کوردستانو ئێران قسەیان لەسەر کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزب پێکهاتوو لە کاوە ئاهەنگەری، حەسەن حاتەمی لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبو ئارەش زەمانی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە پاریس چاویان بە بەنیسەدر کەوتو لە سەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە ئێرانو کوردستان، کێشەی ئەتومیی ئێران، کارنامەی ١٠٠ ڕۆژەی دەسەڵاتی حەسەن رووحانیو پێگەو بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات ئاڵوگۆری بیروڕا کرا.

لەو دیدارەدا کاوە ئاهەنگەری بە سەرنجدان بە بارودۆخی ڕێژیم لە نێوخۆ و لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا پێویستیی هاوفیکریی نێوان هێزەکانی دژبەری ڕێژیمی بۆ هاوئاهەنگیی زیاتربە هەنگاوێکی بنەرەتی داناو ئاغای بەنی سەدریش پێی وابوو کە هەبوونی متمانە دەتوانێ یەکەم هەنگاوو مەرجی گرینگ بە گەیشتن بە یەکیەتییەکی بە کردەوە لە دژی کۆماری ئیسلامی بێ.

لێکدانەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری، پرسی کورد لە ئێرانو بێ بڕوایی دەسەڵات بە چارەسەری ئەو کێشەیە هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ و سەپاندنی کەشی سەکوتو ئێعدام و ئەمنیەتی کردنی کوردستان چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا حەسەن حاتەمی زەحمەتو ڕوونکردنەوەو شایەتیدانی بەنیسەدر لە ڕەوتی دادگای مێکۆنۆسی بیر هێنایەوەو لەو بارەوە بە ڕێزەوە باسی ئەو هیممەتەی بەنیسەدر کراو ڕێزی لێ گیرا.

# فستیڤاڵی شێعری کوردی بۆ شاعیرانی کوردستانی گەورە لە ڕانیە



فستیڤاڵی شێعری کوردی بۆ شاعیرانی کوردستانی گەورە لە ڕانیە بەڕێوە چوو.

بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریو هونەر لە ڕانیەو سەنتەری هاوبەشیی لوڕ لە ڕۆژانی ١٦ تا ١٨ ی خەزەڵوەر بەبەشداریی ٥٠ شاعیرو نووسەری هەر چوارپارچەی کوردستان «فستیڤاڵی شێعری کوردی بۆ شاعیرانی کوردستانی گەورە»یان بەڕێوە برد..

ئەو فستیڤاڵە چەندین بڕگەی هونەریو فەرهەنگیی لە خۆ گرتبوو وەک کۆنسێرتی گۆرانیو مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بەزاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردیو، چەندین تابلۆی هەڵپەڕکێی کوردەواری.

لە پەراوێزی کاری ئەو فستیڤاڵەدا پیشانگەی کتێب، پیشانگەی شێوەکاری، پیشانگەی کەلەپور و کاری دەستی خۆماڵیی کۆمەڵەی هەرەوەزی دەست ڕەنگینەکانی سلێمانی کرابوونەوە کە بە درێژایی ٣ ڕۆژی کاری فستیڤاڵ بەردەوام بوو .

پێویستە بگوترێ کۆمەڵێکی بەرچاو لە شاعیران و ئەدەبدۆستانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات لەم فستیڤالەدا بەشدار بوون کە لە نێویاندا تێکۆشەرانی دێرینی حیزب مامۆستا عەبدووڵا حەسەنزادەو کاک جەلیل گادانی میوانی تایبەتیی میهرەجانی شێعری کوردی هەرچوارپارچە بوون .

لە ڕۆژی کۆتایی فستیڤاڵیش‌دا لەوحی ڕێزلێنانی لێژنەی بەرزی فستیڤاڵ بە سەر ئەم شاعیرانی بەشدار و کاناڵەکانی ڕاگەیاندن‌دا دابەش کرا کە لە ناو شاعیرەکان‌دا سۆهەیلا قادریو ڕەسوڵ سوڵتانی دوو شاعیر و ڕاگەیەنکاری کوردکاناڵو هەروەها لە نێو ڕاگەیاندنەکانیش دا کوردکاناڵ لەلایەن لیژنەی بەرزی فستیڤاڵەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا .

دریژەی:

# چاوەڕوانییەکان لە ئیدارەی کاتی ڕۆژئاوای کوردستان

هەنگاونان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە لەم هەلومەرجەدا پێویستی بە دیقەتو راوێژێکی زیاتر هەبوو، هەتا بکرایە لەهەموو تواناکانی خەڵک کەڵک وەرگیرایەو پشتگیرییەکی زیاتری لەنێو کورددا بەدەست بهێنایەو بە هەنگاوێکی تاک لایەنەو بۆپشتگوێ خستنی هێزەکانی دیکە لێک نەدرایەتەوە.

بێگومان سەرکەوتنی کورد لەهەر شوێنێکی کوردستانو دروستکردنو دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی لەهەر پارچەیەکی کوردستان جێگەی خوشحاڵییە. بەڵام ڕاگرتنو ئیدارەکردنی ئەو دەسەڵاتە کوردییە لە سووریە، کە ئێستاش لەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە نێوان کۆمەڵێک کێبەرکێ و بەرژەوەندی دژبەیەکدا، نازانرێ بەرەو چ ئاقارێک دەبردرێو داهاتوویەکی ناڕوونی هەیە، پێش هەموو شتێک پیویستی بە یەکیەتی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کورد هەیە و خۆپاراستن لە دووبەرەکی ولەپەراوێزخستنی لایەنەکان دەتوانێ یارمەتی سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە بدا.

لە ئیستادا، بۆ پێشگیری لە دروست بوونی دووبەرەکیو ڕەواندنەوەی هەر چەشنە گومانێک، ئەو لایەنانەی لە پێک هێنانی ئەم خۆبەڕێوەبەرییەدا دەوریان هەیە ئەو بەرپرسایەتییەیان لەسەرشانە کە، هەرچی زووتر میکانیزمی گونجاو و دڵنیاکەر پێشکەش بکەن بۆ بەشداری کردنی هەموو حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە هەرکام نوێنەرایەتی بەشێک لە توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەکەن، لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری کاتی‌دا. دەبێ دەرک بەوە بکرێ کە ئەم بڕیارە تاک لایەنانە ئەسڵی پێویستی یەکیەتی ریزەکانی گەل دەخاتە ژێر پرسیار و بە هەنگاوی بە جێ و لە ئیستادا پێویستە هەوڵی ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانیانە بدرێ.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٠
٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢
٢٠ نوامبری٢٠١٣

راست لە فەزای چاوەڕوانی و بێ ئیقدامیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابوو کە ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوە، بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی تایبەت بە ٢٣ی خەزەلوەر، هاتنە مەیدان. کاری ئەوان، هەم پێکەوە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە و هەم وەڵامدانەوە بە چاوەڕوانییەکانی ڕێژەیەک لە خەڵک، جێگای ڕێز و پێزانین بوو. لانیکەم ئەوان هەبوون کە بە خەڵک بڵێن کەسانێک هەن بیر لە چاوەڕوانییەکانی ئێوە دەکەنەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر وەک لە بانگەوازی ڕۆژی٧ی خەزەڵوەری خۆی دا رای گەیاندوە، لەو باوەڕە دایە کە بە هەڵوێستێکی گشتی و یەکگرتووانە لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کوردستانیان و ئێرانییانی ئازادیخواز لە نیوخۆ و دەرەوەی ولات دەتوانین بەر بە شەپۆلی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان بگرین

راگەیەندراو

# پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بانگەوازی هاوبەشی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان

## بۆ ئەوەی ٢٣ ی خەزەڵوەر ببێتە ڕۆژی ماتەمینیی گشتی

**بۆ نارەزایەتیی دەربڕین و دەنگهەڵبڕین دژ بە ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی کوردستان، ٦ ڕێکخراوی مەدەنی، لە بانگەوازێکی هاوبەش‌دا داوایان کرد کە: «ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر ببێتە ڕۆژی ماتەمینی گشتی.» بۆ ئەم مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی خۆی لە بانگەوازی ئەو ٦ ڕێکخراوەیە دەربڕی کە ئەمە دەقی بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە:**

٦ڕێکخراو و دامەزراوەی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، لە بەیاننامەیەکی هاوبەش دا داوایان کردوە ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو،٢٣ی خەزەڵوەر، ببێتە ڕۆژی ماتەمینیی گشتی و لەم ڕۆژە دا، خەلکی کوردستان سەردانی بنەماڵەی بەندییە سیاسییەکان بکەن و بچنە سەر مەزاری شەهیدانی ڕێگای ئازادی و دیموکراسی.

چاوەڕوانیی واژۆکەرانی بانگەوازەکە لە خەلکی کوردستان ئەوەیە لە ڕۆژی٢٣ خەزەلوەردا، بە پشتیوانی کردن لە بنەماڵەی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان، دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان دژی بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام وەک تاوانێکی دژە مرۆیی بەرز بکەنەوە و لە ڕیگا هێمنانە و مەدەنییەکانەوە ناڕەزایەتیی خۆیان بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیەنن. ئەو ٦ ڕێکخراوە داواشیان لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و راگەیەنە گشتییەکان کردوە پشتیوانی لەم بانگەوازە بکەن و خەڵک و لایەنگرانیان بۆ پشتگرتنی هان بدەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر وەک لە بانگەوازی ڕۆژی٧ی خەزەڵوەری خۆی دا رای گەیاندوە، لەو باوەڕە دایە کە بە هەڵوێستێکی گشتی و یەکگرتووانە لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کوردستانیان و ئێرانییانی ئازادیخواز لە نیوخۆ و دەرەوەی ولات دەتوانین بەر بە شەپۆلی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان بگرین.

هەر لەم روانگەیەشەوە، سوپاس و ڕێز و پێزانینی خۆمان بە هەموو کوردستانیان و ئێرانیان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات رادەگەیەنین کە لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوو دا، لە ئاکسیۆن وریپێوان و کەمپەینەکانی دژ بە سزای ئێعدامی بەندییە سیاسییەکاندا، چالاکانە بەشدار بوون. سوپاس و پێزانینی تایبەتیشمان بۆ خەڵکی شارەکانی مەریوان،سەقز و نەوسوود کە لە ئاست تاوانەکانی ئەم دوایانەی کۆماری ئیسلامی بیدەنگ و بێهەڵوێست نەبوون.

ئێمە پشتیوانیی خۆمان لە بانگەوازی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ رادەگەیەنین بۆ ئەوەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی خەزەلوەر، نەک هەر بکرێتە ڕۆژی ماتەمینی گشتی، بەڵکوو ببێتە ڕۆژی نارەزایەتیدەربڕینی گشتی و بەوشێوەیە، خەڵکی کوردستان یەکپارچە و یەکگرتووانە، ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم بکەن.

### خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

ئەگەر دەتانەوێ هەر ڕۆژەی هەواڵی ئێعدامی ڕۆڵەیەکی ئازادیخوازی خۆتان پێ نەگا،

ئەگەر دەتانەوێ کۆماری ئیسلامی چی دیکە ڕۆڵەکانتان و خەباتکارانی ڕێگای سەربەرزیی و ئازادیی ئێوە لە دار نەدا،

ئەگەر دەتانەوێ ئەو بەندییە سیاسی و مەدەنییانەی هەر ئیستا لە چاوەروانیی بەڕێوەچوونی سزای ئێعدام دان، لە مردن رزگاریان بێت،

ئەگەر دەتانەوێ پەیامتان کە داوای ئازادیی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکانە،بگاتە گوێی دەسەڵاتدارانی ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامی،

هەر چی یەکگرتووانەتر و راشکاوانەتر، ڕۆژی پینج شەممە ٢٣ی خەزەلوەر،ماتەم و نارەزایەتیی گشتیی خۆتان بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بە جیهان نیشان بدەن.

بۆ پێشەوە بەرەو حەرەکەتێکی یەکگرتوانە و سەرانسەری دژی ئێعدامی بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان!

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢١ی خەزەلوەری ١٣٩٢
٢٠١٣/١١/١٢

بۆ ئاگاداریی زیاتر:

ئەو ٦ ڕیکخراوە کە پێکەوە بانگەوازەکەیان راگەیاندوە، بریتین لە:

سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان (ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان)

گروه دفاع از حقوق بشر کرد ( گرووپی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد)

کمپین دفاع از زندانیان سیاسی و مدنی (کەمپەینی داکۆکی لە بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان)

کوردوسایتد واچ – چاک –کمیته شرق کردستان ( کوردوسایتد واچ، چاک– کۆمیتەی ڕۆژهەلاتی کوردستان)

کمیته کردهای مقیم امریکا برای دموکراسی و حقوق بشر در ایران (کۆمیتەی کوردانی دانیشتووی ئەمریکا بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران)

زنان صلح مریوان (ژنانی ئاشتیی مەریوان)

# هەتا بانگەوازێکی تر، ماڵاوا خەڵکی کوردستان!

## (لە بارەی ئاکامەکانی بانگەواز ی ٢٣ی خەزەڵوەرەوە)



قادر وریا

شتێکی سروشتییە ئەگەر کەسانێک لە ئاکامی بانگەوازەکەی تایبەت بە ٢٣ی خەزەڵوەر بپرسنەوە. ئایا خەلک پێشوازیی لێکرد و هیچ جموجۆڵ و حەرەکەتێک بەم بۆنەیەوە کرا؟ ئەگەربانگەوازەکە سەرنەکەوت هی ئەوە بوو کە هەموو کۆمەڵەکان و یەک لە دیموکراتەکان پشتیان نەگرت یا ئەگەر ئەوانیش پشتیان گرتبا، نەتیجەکەی هەر ئەوە دەبوو کە هەیە؟

بانگەوازی٢٣ی خەزەڵوەر هی کۆمەڵێک ڕێکخراو و گرووپی مرۆڤدۆست بوو. لەحاڵێک دا ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو جۆرە حیزبێکی هە بوو (گە ورە، بچووک، نە تە وە یی، کومونیست،سەربەخۆییخواز و هتد) و کەشوهەوای سیاسیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش، پیویستی بە ڕێکخستنی حەرەکەتێک بۆ دژایەتیدەربڕینی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان هەبوو، حیزبەکان هیچیان نەکرد. نە بە تەنیا و هەر کامێک بۆ خۆیان لە خۆیان ڕادیت ئیبتیکاری عەمەل بگرنە دەست، نە ئامادەش بوون پێکەوە لە سەر حەرەکەتێک ساغ بنەوە و بە هاودەنگی ویەکگرتووانە، خەڵک بۆ بەشداری لەو حەرەکەتە، بانگەواز بکەن. دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر زوو ئەم پێویستییەی لە بانگەوازی ٧ی خەزەلوەری خۆی دا وەبیر حیزبەکانی دیکە هێنایەوە، بەلام ئەوان بێ هیچ پاساو ودەلیلێک، خۆیان لە ولامدانەوەی بوارد. ئەو هیممەت وبوێرییەشیان– بە هەر هۆیەک بووە – نەبوو، بۆ خۆیان پێشقەدەم بن و بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە بڵێن وەرن پشتیوانی لە ئیبتیکاری ئێمە بکەن.

راست لە فەزای چاوەڕوانی و بێ ئیقدامیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دابوو کە ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوە، بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی تایبەت بە ٢٣ی خەزەلوەر، هاتنە مەیدان. کاری ئەوان، هەم پێکەوە بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە و هەم ولامدانەوە بە چاوەڕوانییەکانی ڕێژەیەک لە خەڵک، جیگای ڕێز و پیزانین بوو. لانیکەم ئەوان هەبوون کە بە خەلک بڵێن کەسانێک هەن بیر لە چاوەڕوانییەکانی ئێوە دەکەنەوە.

بەڵام ئیبتیکارەکەی ئەوان، چەند کەم و کووڕیی پێوە دیار بوو کە لەوانەیە بۆ خۆیان وەک خاڵی بە هێز و وەک شتی موسبەت (بە سەرنجدان بە فەزای سیاسی و ئەمنییەتیی وڵات) لە بەر چاویان گرتبێ. یەکەم ئەوە کە ( بە بڕوای من ئاگایانە) ڕۆژی عاشووڕایان هەڵبژاردبوو بۆ دەربڕینی جۆرێک نارەزایەتی. دووهەم کەم وکووڕیی بانگەوازەکەیان ئەوە بوو کە لە جیاتی نارەزایتیدەربڕین یا مانگرتن، داوای ماتەمینی گشتییان کردبوو! دەی باشە ڕۆژی عاشووڕا، بۆ خۆی (نەک هەر لە ئێران، ئێستا لە عێراقیش بە هەرێمی کوردستانیشەوە) ڕۆژێکی تەعتیلییە و لە بەر ئەوەش ساڵڕۆژی مەرگی ئیمام حوسێنە، لە هەر جییەک خەلکەکەی شیعەمەزهەب بن، ماتەمینی گشتییە. بەو حالەش، حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نزیکەی دوو حەوتووی، لە چاوەڕوانیی ساغبوونەوە لە گەڵ حیزبە سیاسیەکان لە سەر بانگەواز و حەرەکەتیکی هاوبەش دا تێپەڕ کرد و بە داخەوە ئاکامێکی نەبوو، پشتیوانیی لەم بانگەوازەی ڕیکخراوە مرۆڤدۆستەکان کرد. ئێمە ئەگەر چی تێبینیی خۆمان لە سەر بانگەوازەکە هەبوو، سەرەرای ئەوەش کە کاتیکی کەممان بۆ ٢٣ی خەزەلوەر مابوو، بەڵام هەر بۆ ئەوەی وڵامی ئەرێنیمان بە بانگەوازەکە دابێتەوە و ڕێزمان لە هەست بەبەرپرسایەتیکردنی ڕیکخراوە مرۆڤدۆستەکان گرتبێ، پێشوازی و پشتیوانیمان لێ کرد. دیارە حیزبی ئێمە لە جیاتی ماتەمی گشتی داواکاری بەڕێوەچوونی ئێعترازی گشتی بوو. پیویستە بکوترێ چەندین حیزب و ڕیکخراو و ئەنجومەنی دیکەش، ڕۆژی٢٢-٢٣ی خەزەلوەر بە یەکەوە پشتیوانییان لەم بانگەوازە کرد.

ئایا بانگەوازەکە، ولامی درایەوە؟ ئەگەر مەبەست لە ولام وەرگرتنەوە، بەڕێوەچوونی ماتەمی گشتی بێ، دەکرێ بڵێین بە شێوەی ڕێژەیی (نیسبی)، بەڵێ. چونکە ڕۆژی عاشووڕا، لە سەرانسەری ئێران تەعتیلی ڕەسمییە و تەنانەت دام و دەزگا دەولەتی و حکوومەتییەکانیش، هاندەری ڕەشپۆشی و عەزادارین. زۆر زەحمەتیش دەزانرێ کە ئەم ماتەمداگرتنە چەندی بە عادەتی جاران لە بەر عاشووڕا و لە سەدا چەندیشی لە بەر خاتری بانگەوازەکە بووە. ئەوەندەی بە ئێمە گەیشتووەتەوە لە هێندێک شار و ناوچە سەردانی هێندێک بنەماڵەی بەندیی سیاسی و بنەماڵەی شەهیدانی جەور و تاوانی کۆماری ئیسلامی هەبووە. دیارە ئەوەی ئێمە ئاگامان لێیەتی پێوەندیی هەیە بە دلسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بێگومان جموجۆڵ و چالاکیی ئەوتۆش هەبووە کە هەواڵ و راپۆرتەکەی بۆ ئێمە نەهاتوە.

لەوانەیە پرسیار بکرێ حیزبی ئێوە ئەگەر ئەو تێبینییانەی لەسەر حەرەکەتێک لە ڕۆژی عاشوورا دا هەبوو، بۆ لە گەڵ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان باستان نەدەکرد یا بۆ چی پشتیوانیتان لێ دەکرد؟ دیارە خۆ پێشتر لە سەر ڕۆژەکە و جۆری داوا لە خەڵک، راوێژ لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان نەکرابوو تا حیزب تێبینییەکانی خۆی بەو ڕێکخراوانە بڵێ. کاتێکیش بانگەوازە هاوبەشەکەی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بڵاو بۆوە، خۆ لێبواردن و پشتیکردنی بۆ حیزبێک کە بۆ خۆی هاندەری یەکگرتوویی و کاری هاوبەش لە پیوەندی لە گەڵ مەحکوومکردنی ئێعدامەکان لە نیوخۆی ولات دایە، نادروستە. ئاخر وەک دەلێن «یا سخنی داشته باش دلپذیر، یا دلی داشته باش سخن پذیر». نەدەکرا ئێمەش یەک لەوانە بین کە نە بۆ خۆیان پێشنیاری حەرەکەتێک دەکەن، نە ئەگەر هی دیکە کردیان، رەگەڵی دەکەون.

لە گەڵ هەمووی ئەوانە دا، نەفسی هاوکاری و هاودەنگیی کۆمەڵێک ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بۆ ڕاگەیاندنی بانگەوازێکی هاوبەش و داوای حەرەکەتێک لە خەڵک لە بارەی مەحکوومکردنی ئێعدامەکان، بە دەسکەوتێک دەزانم. با لانیکەم ئەو ڕیکخراوانە، بە دەردی حیزبە سیاسییەکان نەچن و پەتای وێکهەڵنەکردن و پێکەوە کارنەکردن، لەوان دوور بکەوێتەوە. ئەو ١٢ حیزب و ڕێکخراو و ئەنجومەنەش کە دەنگی خۆیان لە پشتیوانیکردنی بانگەوازەکە دا کردە یەک، جیگای خۆشحاڵی بوو. ئەگەر بۆ یەک جاریش بووە هەموو حیزبە گەورە یا خۆ پێگەورەکان، نەیانتوانیوە لە حەددی بەیاننامەیەکی هاوبەش دا لە گەڵ یەک ڕێک بکەون، جێگای خۆشحاڵییە کە حیزب و ڕیکخراوەکانی دیکە کە من ئیجازە بە خۆم نادەم بە حیزب و ڕێکخراوی بچووک ناویان بەرم، توانیان پێکەوە بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاو بکەنەوە.

**ئەو ١٢ حیزب و ڕێکخراو و ئەنجومەنەش کە دەنگی خۆیان لە پشتیوانیکردنی بانگەوازەکە دا کردە یەک، جیگای خۆشحاڵی بوو. ئەگەر بۆ یەک جاریش بووە هەموو حیزبە گەورە یا خۆ پێگەورەکان، نەیانتوانیوە لە حەددی بەیاننامەیەکی هاوبەش دا لە گەڵ یەک ڕێک بکەون، جێگای خۆشحاڵییە کە حیزب و ڕیکخراوەکانی دیکە کە من ئیجازە بە خۆم نادەم بە حیزب و ڕێکخراوی بچووک ناویان بەرم، توانیان پێکەوە بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاو بکەنەوە.**

### ئاکامی ئەو باسە:

ئەم قسەیە کە کۆمەڵگە یا خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئامادەیی بەڕێوە بردنی حەرەکەتێکی گشتی و سەرانسەریی وەک مانگرتنی گشتیی نییە، هەر بۆ خۆی قسە هەڵ دەگرێ. ئەگەر ئامادەیی نییە، هۆیەکەی چییە؟ ئایا هەر ئەم پەرشوبلاوی و بێبەرنامەیی حیزبەکان بۆ کارکردن لە سەر نارەزایەتییەکانی نیوخۆ، یەک لە هۆیەکانی نائامادەیی کۆمەڵگە نییە؟ پاشان ئەگەر کۆمەڵگە ئامادەییشی تیدا بێت، ئایا هەر ڕێکخراویک یا کۆمەڵە ڕێکخراوێک، داوای جووڵان و نارەزایەتیدەربڕین و مانگرتنی گشتیی لێ بکا، بە قسەیان دەکا؟ ئایا هەر خودی یەکگرتن و پێکەوە کارکردنی حیزبە سیاسییەکان و هاودەنگیی ڕێکخراو و کۆمەڵە مەدەنییەکان بۆ خۆی نابێت بە بەشێک لەو متمانە و وزە و هیوایە کە کۆمەڵگا بۆ جوولان ئامادە دەکا؟

من لەو بڕوایە دام بە پیلەوە (بەپیرەوە)نەچوونی یەک یا چەند بانگەواز لەلایەن خەڵکەوە، نابێ ببێتە هۆی ساردبوونەوەی بانگدەران لە بەردەوامبوونیان لە کار لە سەر نارەزایەتییەکانی خەڵک و دروستکردن و ڕێکخستنی جوولەی گونجاو لە گەڵ ئاست وگەورەیی نارەزایەتییەکە. ئێمە دەبێ پێوەندییەکی دائیمی، زیندوو و ڕۆژانە لە نێوان حیزبەکان و، ڕێکخراو و چالاکانی مەدەنی دروست بکەین. لە فەزایەکی دیموکراتیک و چارەدۆزانەدا باس بکەین و گوێ لە یەکتربگرین. ئەم باس و دیالۆگە ئەوەندە درێژە بدەین تا میکانیزمی گونجاو دەدۆزینەوە. میکانیزمی گونجاو بۆ ئەوەی لە هەلومەج و بارودۆخە تایبەتەکان دا، لە جیاتی دەستەوەستانی و چاولێککردن و چاوەڕوانی و بە هەدەردانی کات و دەست لە سەردەستدانان تا خاوبوونەوەی نارەزایەتی و تین و گوڕێ خەڵک، خێرا و بەوەخت وڵامی چاوەروانیی کۆمەڵگە بدەینەوە، وڵامێک کە هەمووان بە هی خۆی بزانن و هەمووان لە جیبەجیکردنی دا بەشداربن.

### تێبینی:

ئەو بابەتانەی بە ناوی خۆم بڵاویان دەکەمەوە، لە گەڵ ئەوەی هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابن، بەو حالەش بۆ خۆم لە نیوەرۆکیان بەرپرسیارم نەک حیزب.

قادر وریا

٢٠١٣/١١/١٦
١٣٩٢/٨/٢٥

سیاسەتی کابینەی تازە لەو بوارەدا بەر لەوەی تەعبیر لە هەنگاونانێکی وردە وردە و واقعبینانە بکا، نیشانەی بێ ئیرادەیی بۆ بردنەژێر پرسیاری بنەماکانی مامەڵەی تا ئێستای دەسەڵات لەگەڵ واقیعی فرەچەشنیی کۆمەڵگای ئێرانە

«بەڕەسمی ناسینی فرەچەشنی تەنیا کاتێک دەتوانێ دینامیزمێکی سیاسی و نیهادیی بەبەرهەم و کارا لەبواری متمانەسازیی نێوان بژاردەکان و عەداڵەتی نێوان پێکهاتەکاندا بەدووی خۆیدا بێنێ کە حاشا لە رەهەندی راستەقینەی فرەچەشنییەکە نەکا»

# دەوڵەتی رووحانی و پرسی نەتەوەکان :
# خێچ و خوارییە لەمێژینەکانی بنیاتی سیاسەتێکی نوێ



ئاسۆی حەسەن زادە

**(بەشی یەکەم)**

ڕێژەی بەشداریی خەڵکی کوردستان لە دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا هەرچەندێک بووبێ، حاشای لێ ناکرێ کە نێونجی ئەو بەشدارییە لە کوردستان و هێندێک ناوچەی غەدرلێکراوی تری ئێران وەک سیستان و بەلووچستان بەبەراورد لەگەڵ نێونجی بەشداری لەسەر ئاستی وڵاتدا زیاتر بووە. بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو زوڵم و زۆر و بێ بەڵێنییانەی لە دەیەکانی رابردوودا لە سایەی کابینە یەک لەدوای یەکەکان لە ئێراندا دەرهەق بە نەتەوە و کەمایەتییەکانی ئەو وڵاتە کراوە، ئەم هەڵوێستە هەر لەو کاتەدا کە دەکرێ هەڵگری پارادۆکسێکی زەینی بێ، دەرخەری پشوودرێژی و ئامادەیی ئەم گەل و نەتەوانە بۆ خەللاقیەت و دەسپێشخەری لە رەفتاری سیاسییاندا و لەڕاستیدا درێژکراوەی مامەڵەی پێشوویان لەو پێوەندییەدایە.

هەروەک چۆن دەکرێ هەڵبژاردنی ئەمجارە بە «ئافتایمی سێهەم»ی هەڵبژاردنەکەی پێشوو یان تەواوکردن و هێنانەوە جێی یاریی سەقەتکراو و ئاکام گۆڕدراوی هەڵبژاردنەکەی پێشوو لە قەڵەم بدەین (هەڵبەت ئەمجاریش هەر بە بڕیار و تەئیدی رێبەری نیزام)، بەهەمان شێوە رەفتاری هەڵبژاردنی خەڵکی کوردستان و نەتەوە و کەمینە ژێردەستەکانی تریش جیا لەوە کە لە تابلۆ سیاسییە گشتییەکەی وڵات و هەڵسەنگاندنی ململانێ نێوخۆییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دابڕاو و بێگانە نەبوو، پەیام دان و شانس بەخشینەوەیەکی سەرلەنوێش بوو بەو بەربژێرانەی ئاوڕدانەوەیەکی هەرچەند ناکافی لە بارودۆخ و مافی پێکهاتە و ناوچە پەراوێزخراوەکانی ئێرانیان لە بەرنامە و بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی خۆیاندا جێ کردبۆوە.

## راگەیاندنی نیەت

وتە و بەڵێنەکانی حەسەن رووحانی سەبارەت بە ئاوڕدانەوە لە پرسی «ئەقوام و کەمایەتییە مەزهەبی و ئایینییەکان» چ لە سەردانەکانی پێش هەڵبژاردنی بۆ هێندێک ناوچەی وەک کوردستان و خوزستان و دیدارەکانیدا لەگەڵ بژاردەکانی ئەو ناوچانە لە تاران و چ لەبۆنەی جۆراوجۆری پاش هەڵبژاردنەوە، دەنگدانەوەیەکی بەرچاویان لە مێدیاکاندا هەبووە و سەرنجی بیروڕای گشتییان بەتایبەتی لەلای پێکهاتە چەوساوەکانی کۆمەڵگای ئێران راکێشاوە. هۆکاری ئەم مەسەلەیە پێش ئەوەی بۆ نێوەرۆک و جیددییەتی ئەو قسە و بەڵێنانە بگەڕێتەوە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە بنەڕەت را روانگە و بۆچوونی لەم چەشنە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەتا ئێستاش شتێکی زۆر باو نیە. لەلایەکی دیکەوە، ئەم قسە و دەربڕینانە بەهۆی ئەوە کە ئێستا ئیدی بە بەشێک لە مەرامنامەی سیاسیی کەسێک دادەنرێن کە بەپێی قانوون بەرپرسایەتیی یەکەمی بەڕێوەبردنی وڵاتی لەسەر شانە، بایەخێکی گەورەتر پەیدا دەکەن. ئەگینا سەرجەم ئەو قسە و بەڵێنانە نە بە قەبارە و نە بەتایبەتی لە فەلسەفەی روانین و نێوەرۆکدا شتێکی زۆر زیاتر و پێشکەوتووتر لەوەیان تێدا نیە کە هێندێک بەربژێری ناسراو بە ریفۆرمخواز چ لەو دەورەیەی هەڵبژاردن و چ لە دەورەکانی پێشتردا رایانگەیاندبوو.

تا ئێستاش کە کابینەی تازە لە شیپانەی سەت رۆژی یەکەمی ویلایەت تێپەڕیوە، سیاسەتی سەرکۆماری نوێ لەو پێوەندییەدا لە راگەیاندنی نیەت بەولاوە نەچووە و جگە لە دیاریکرانی قسەلەسەری کەسێکی وک عەلی یوونسی بە «یاریدەدەری تایبەتیی سەرکۆمار بۆ کاروباری ئەقوام و کەمایەتییە مەزهەبی و ئایینییەکان»، هێشتا هەنگاوێکی بەکردەوە لەو بوارەدا تۆمار نەکراوە. بەڵام ئەگەر تەنانەت ئەو کەمایەسی و خەمساردییەش بخەینە لاوە، پێویستە بگوترێ کە خودی ئەم راگەیاندنی نیەتە هەڵگری کۆمەڵێک کەموکوڕی چووک و گەورەی فەلسەفی و مێتۆدیکە کە بەر لەوەی تەعبیر لە بە کەم دەست پێکردن و هەنگاونانێکی وردە وردەی تیمێکی ژیر و واقعبین بکا، نیشانەی بێ باوەڕی و بێ ئیرادەیی ئەو تیمە بۆ بردنەژێر پرسیاری ئەو بنەمایانەی سیاسەتی نیزام لە مامەڵە لەگەڵ واقیعی فرەچەشنیی کۆمەڵگای ئێراندایە کە دۆخی ئەمڕۆی سەرکوت و هەڵاواردن و چەوسانەوەی دووقات و چەند قاتی بۆ پێکهاتە ژێردەستەکانی ئەم کۆمەڵگایە لێ کەوتۆتەوە.

## بەڕەسمی ناسینی فرەچەشنی

سیاسەتی هەر حکوومەتێک لەبواری رێکخستنەوەی جێگە و پێگە و پێوەندیی نێوان گرووپەکانی نێو کۆمەڵگا بە چەشنێک کە یەکسانیی رێژەیی نێوان ئەم گرووپانە دابین بکا، بە بەڕەسمی ناسینی واقیعی فرەچەشنی لە ئاستی هەرە بەرزی سیاسی و دەستووریدا دەست پێ دەکا. بەڵام ئەو بەڕەسمی ناسینە تەنیا کاتێک دەتوانێ دینامیزمێکی سیاسی و نیهادیی بەبەرهەم و کارا لەبواری متمانەسازیی نێوان بژاردەکان و عەداڵەتی نێوان پێکهاتەکاندا بەدووی خۆیدا بێنێ کە لەبەکاربردنی چەمک و پێناسەکانی پێوەندیدار بە چیەتیی ئەم پێکهاتانەدا لێڵی و تێکەڵ پێکەڵی و چاوچنۆکی و لە ئاکامدا حاشاکردن لە رەهەندی راستەقینەی فرەچەشنییەکەی پێوە دیار نەبێ و هەر لە دەسپێکەوە تەمی شک و گومان لەسەر جیددیەت و لێبڕاویی دەسپێشخەرانی بەڕەسمی ناسینەکە نەنیشێ.

لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە بە دانپێدانانی کەسێکی وەک مێهدی کەرووبی «کەمایەتییە قەومی و مەزهەبییەکان» زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن، بەشی هەرە بەرچاوی بژاردە و لایەنەکانی نوێنەری ئەم پێکهاتانە بەلەبەرچاوگرتنی هۆشیاریی نەتەوایەتیی ئەندامانی گرووپەکەیان و ئەو رابردووە دوور و درێژ و پڕ تێچووە کە لە خەبات بۆ داخوازە نەتەوایەتییەکانیان هەیانە، لە ناوهێنان و پێناسەکردنی گرووپەکەی خۆیاندا پەنا بۆ چەمکەکانی گەل و میللیەت و تەنانەت نەتەوە دەبەن و بەم جۆرە گوزارش لە بەڕەوا زانینی لانی زۆری کەسایەتیی حقووقی لە چوارچێوەی وڵات و تەنانەت لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسیی مەوجوود بۆ گرووپەکەیان دەکا. لەولاشەوە، زۆر پاش ئەوەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی وشەی نەگونجاوی «قەوم» و وشەی ئارکاییک (سەردەم بەسەرچوو)ی «قەبیلە»ی بۆ دەستنیشان کردنی پێکهاتە ئێتنیکی و زمانی و ئایینیەکانی وڵات بەکار بردووە، سەرکۆماری نوێ و سەڵاحیەتی هیچ «ئینقلاب»ێکیان بۆ نەهێشتن یا کەمکردنەوەی ئەو مەودایە نەبێ. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە گوتاری نوێی حکوومەتی نەک هەر پابەندی ئەو چەمک و پێناسانەش نیە کە لەلایەن خودی سیستمەوە پەسند کراون، بەڵکوو دەست دەداتە جۆرێکیش لە داهێنانی تێرمینۆلۆژی (اصطلاح شناسی) کە لە خراپترین حاڵەتدا مانای بەکەم دیتن و داکشاندنی هەرچی زیاتری کەسێتیی گرووپە باسکراوەکان دەدا و لە باشترین حاڵەتیشدا بۆ کەسێک (رووحانی) کە ئیدیعای پەڕینەوە بەرەو «مامەڵەیەکی ئێرانیبووندا جێیان نابێتەوە، لەئاستی خودی ئەو گرووپانەشدا کە بەڕواڵەت دەکەونە بەر خێری ئەم پۆلێنبەندییەوە بەکەمگرانە و سەرچاوەی گومان و دڕدۆنگییە چونکە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ چەمکی «وەفاداری بە ئێران» دێنێتەوە نێو چەقی باس و پرۆسەیەک کە بڕیار وا بوو زانستی و وەخۆگری هەموو لایەک و بەدوور لە پێشداوەری و لەسەرەوەڕا روانین بێ. ئەوە لەکاتێکدایە کە سەرجەم باس و خواس و پەسندکراوەکانی پێوەندیدار بە مافی کەمایەتییەکان لە ئاستی نێونەتەوەییشدا لەسەر ئەوە بوونی فەرق و جیاوازی و هەڵاواردن (تەبعیز)ە. بێگومان بەڵێنی رووحانی لەمەڕ «هەڵگرتنی هەڵاواردنەکان» و «گەڕاندنەوەی ئەقوام بۆ جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان»، مەحکووم کردن و تەنانەت بەکفردانانی لێکجیاکردنەوە و مەوداخستنە نێو ئەقوامی ئێرانی، و راسپاردنی وەزیرە نوێیەکان بۆخۆبواردن لە هەرچەشنە روانین و کردارێکی هەڵاوێرکارانە لە دەوڵەتێکدا کە بڕیار وایە «دەوڵەتی ئێرانی بێ نەک دەوڵەتی فارسی»، هەمووی بە مانای دانپێدانان بە رابردووی هەڵاواردن و پەراوێز خستنی نەتەوە و کەمایەتییە ماف پێشێلکراوەکانی کۆمەڵگای ئێرانە.

کەچی لێرەشدا یاریدەدەری تایبەتیی سەرکۆمار لەجیاتی قووڵکردنەوە و بەردرێژکردنەوەی ئەم دانپێدانانە بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ حاشا لەم هەڵاواردنە دەکا یا لانیکەم بە کەمڕەنگ کردنەوەی هۆکار و دەرکەوتەکانی، واقعییەتی هەڵاواردنەکە دەباتە ژێر پرسیار. یوونسی وێڕای ئیدیعای ئەوە کە «چەنددانەبوونی قەومی و مەزهەبی وەک مەترسی و هەڕەشەیەک چاو لێنەکراوە بەڵکوو وەک واقعییەتی جوانی وڵاتێک دیتراوە»!، دەڵێ «سەرچاوەی ئەم هەستە کردەوەی دەوڵەتەکان نیە چونکە بەشێک لەو بێبەشیانە بەشێوەی سروشتی هەن بەڵام رەنگە ئەوان [ئەقوام] ناوای نەبینن». ناوبراو وێڕای بە نموونە هێنانەوەی جیاوازیی تەبەقاتیی نێوان باکوور و باشووری تاران دەیەوێ بڵێ نابەرابەری لە هەموو شوێنێک هەیە بەڵام کەمایەتییەکان پێیان وایە لەبەر ئەوەی کەمایەتیین غەدریان لێدەکرێ.

باشترین و ئاسانترین رێگە بۆ نادیدەگرتنی زوڵم و ستەمی سەر کەس یا گرووپێک بەلارێدابردنی باسەکە بۆ لای ئەو فاکتەیە کە هەموو کەس و هەموو گرووپەکان پێیان وایە زوڵمیان لێ کراوە. نزیک بە سی و پێنج ساڵ پێش ئێستا کاتێک هەیئەتێک لە کوردەکان بۆ یەکەمجار پاش ئینقلاب بەمەبەستی خستنەڕووی داخوازییەکانی گەلی کورد لە قوم سەردانی ئایەتوڵڵا خومەینی‌ـ یان کردبوو، ناوبراو لە وڵامدا گوتبووی ئەوانەی لە مەشهەد و شیرازیشەوە سەردانم دەکەن هەر دەڵێن زوڵممان لێ کراوە. پەنابردنەوەی یاریدەدەری سەرکۆماریش بۆ چەمکی «زێهنییەتی قوربانی» کە لە باس و خواسەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵناسیی دەروونیی کەمایەتییەکاندا چەمکێکی باوە، هەوڵێکە بۆ قبووڵ نەکردنی رەهەندی راستەقینەی هەڵاواردن و لە ئاکامدا تەبرەئەی دەسەڵات و هێشتنەوەی ستاتووکۆ (وەزعیەتی مەوجوود). ئەم حاشاکاری و نەسەلماندنە هەروەها پشت بە لێکدان و تێکەڵکردنی رەهەند و شێوە جیاوازەکانی هەڵاواردن دەبەستێ. بێگومان هەڵاواردن بوار و رەهەندی جۆربەجۆری هەیە و دەکرێ لە دەروونی گرووپێکی قەومیی باڵادەستیشدا نایەکسانی لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند یا ژن و پیاودا هەبێ. بەڵام زۆرجار لە وڵاتێکدا رەهەندە جیاوازەکانی نایەکسانی یەکتر دەگرنەوە و لەوەش زیاتر، بە هۆکاری سیاسی بەشی زۆری رەهەندەکانی هەڵاواردن بەشێوەی چەند قات لەسەر گرووپێک یان چەشنێکی دیاریکراو لە گرووپەکانی نێو کۆمەڵگا کەڵەکە دەبن.



**تا ئێستاش کە کابینەی تازە لە شیپانەی سەت رۆژی یەکەمی ویلایەت تێپەڕیوە، سیاسەتی سەرکۆماری نوێ لەو پێوەندییەدا لە راگەیاندنی نیەت بەولاوە نەچووە و جگە لە دیاریکرانی قسەلەسەری کەسێکی وک عەلی یوونسی بە «یاریدەدەری تایبەتیی سەرکۆمار بۆ کاروباری ئەقوام و کەمایەتییە مەزهەبی و ئایینییەکان»، هێشتا هەنگاوێکی بەکردەوە لەو بوارەدا تۆمار نەکراوە**

یاریدەدەرە تایبەتییەکەی لەگەڵ ئەوەدا کە دان بە خیسڵەتی «مۆزائیکی»ی کۆمەلگای ئێران و بوونی «فرەیی قەومی و مەزهەبی» لەو وڵاتەدا دەنێن (شتێک کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و لە رەهەندێکی لاوازدا دەمێکە یاسای بنەڕەتی کردوویەتی)، بەڵام لە خوردکردنەوەی ئەم مۆزائیک و فرەییەدا دەستەواژەگەلی وەک «خوردە فەرهەنگ» و «فرقەهای ایرانی» بەکار دەبەن.

ئەوەی لێرەدا پێش هەموو شتێک مایەی سەرسووڕمان و دڵساردییە بریتی نیە لەوە کە مەودای نێوان گوتاری دەسەڵات و گوتاری بژاردەی نەتەوە و کەمایەتییەکان لەبواری قاتبەندیی (سلسله مراتب)ی ناسێنە (هویت)ی گرووپەکاندا ئەوەندە زۆر بێ. تەنانەت بەلەبەرچاوگرتنی روانگەی مێژوویی ئیسلام بۆ مەسەلەی نەتەوەکان و ماهییەت و زەرفییەتە سیاسی و قانوونیەکانی کۆماری ئیسلامی، شتێکی سروشتییە کە سەرکۆماری نوێ و تیمەکەی ئیرادە زانستی» بۆ ئەو پرسانەی دەکرد، دەرخەری گۆترەکاری و جیددی نەبوونە.

هەر لە ئاکامی ئەم پۆلێنبەندی و چەمکسازییە ناڕوون و هەرەمەکییانەشەوەیە کە لەو شوێنەی وا ئیدیعا دەکرێ و چاوەڕوان دەکرێ سەرکۆماری تازە روانگەیەکی نوێ بۆ پرسی رەنگاوڕەنگی لە کۆمەڵگای ئێراندا جێ بخا، یاریدەدەرەکەی ـ وێڕای ناوهێنانی کوردەکان و بەلووچەکان و زەردەشتییەکان ـ پەنا بۆ هێندێک چەمکی پێشتر دووبارەبووەوە و دژەبەرهەمهێنەری (counterproductive) وەک «ئەساڵەتی ئێرانی» دەبا و خۆی و غەیری خۆی لەوە خاترجەم دەکاتەوە کە «زۆر لە کەمایەتییەکان لە وڵاتی ئێمەدا هەر بە رەچەڵەک ئێرانین و لە زۆر ئێرانیی دیکە ئێرانیترن». دابەشکردن و جیاکردنەوەیەکی لەم چەشنە، جیا لەوە کە بێ لوتفی و نادیدەگرتنێکی زەقی ئەو گرووپانەی تێدایە کە بەڕواڵەت لەو تێگەیشتنە نەژادی و مێژووییە لە کۆکن کە ئەگەر قەرار بێ لە وڵاتێکدا هێندێک گرووپ بەشێوەی هاوبەش و هاوسان ستاتووی گەل و نەتەوەی پێکهێنەری قەوارەی دەوڵەتیان نەدرێتێ (وەک لە دەوڵەتە فیدرالییەکاندا باوە و دەبووایە لە ئێرانیش هەر بەم چەشنە با)، ئەو گرووپانە یان کۆچبەر (مهاجر)ن، یان گرووپگەلێکن کە بەهۆی بوونی مێژووییان لەسەر خاکی وڵاتەکە حیسابی کەمایەتییان بۆ دەکرێ و بەپێی خواست و پێویستی و تایبەتمەندییە فەرهەنگی و دێموگرافییەکانیان لە پلە جۆربەجۆرەکانی مافە بەڕەسمی ناسراوەکانی کەمایەتی سوود وەردەگرن و ئیدی رەچەڵەک و ئەساڵەتییان ناکرێتە پێوانەی جێگە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان.

## دانپێدانانی هەڵاواردن

یەکێکی دیکە لە پێشمەرجەکانی سیاسەتێکی لێبڕاوانە و بەبرشت لەبواری بەدیهێنانی یەکسانیدا دانپێدانانی

**بەپێی پێناسەی چەمکە سیاسییەکانو کۆمەڵناسیی سیاسی، لەبنەڕەتدا هەر رەوتێکی سیاسی بە دوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیو پێویستییەکانی کۆمەڵگادا دەگەڕێ. رێگاکانی پێکهێنانی ئەم گۆڕانە دەکرێ لە رێگەی شۆڕش یان ریفۆرم یان تێکەڵێک لە هەردووکیان روو بدا.**

**ئارەش لۆرستانی**

**دژایەتیی ئەمریکا و دانی درووشمی مەرگ و نەمان بۆ ئەمریکا،بۆتە بنەمایەکی پرۆپاگەندە- ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی و،رۆڵێکی یەکخەری هەیە.وێدەچێ لە روانگەی ئیستراتیژیستەکانی کۆماری ئیسلامی یەوە وەلانانی ئەم دژایەتی و درووشمانە وەک پێویستیی و ئۆگری(یەکی زیاد لە حەد) بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا لێکبدرێتەوە،ئەمەش هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە دانوستانەکان لاواز بکا،بۆیە باسی ئیستراتیژیەکی دوو مەبەستەی «دانی درووشمی دژی ئەمریکا و دانوستان لە سەر پرسی ناوەکی» دەکەن.**

**حەسەن شێخانی**

# یەکگرتن، عەقڵانیەت یان هەست؟



**ئارەش لورستانی**
**وەرگێڕان بۆ کوردی: م مەعرووفی**

یەکگرتنو بەشداریکردن یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی کۆمەڵگایەکی ساغو بەرپرسە. کۆمەڵگای کوردستانیش لەم یاسایە بەدەر نیە و نابێ. نەتەوەی کورد کە هێشتا بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانی خۆی بە تایبەتی مافی دیاریکردنی چارەنووس خەبات دەکا سەرنجێکی تایبەتی دەدا بە کەشوهەوای سیاسیو حیزبە سیاسییەکانی خۆی. سەرەڕای پرەنسیپەکانی یەکگرتنو بەشداریکردن زۆربەی حیزبە کوردییەکان زۆربەی کاتەکان یەکگرتوو نەبوونو رادەی بەشداریو هاوکارییان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە. ئەگەر سەیرێکی حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی ئێران بکەین دەبینین دوو رەوتی سەرەکیو بە رابردووی کوردستان « دیموکرات» و «کۆمەڵە« چەندین جار جیابوونەوەو نێوەنێوە ئەمە روو دەدا.

لەم وتارەدا سووکە ئاوڕێک لە گرنگترین هۆیە کاریگەرەکان لە پرۆسەی یەکگرتنو بەشداریی دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) دەدەینەوەو تەنیا لەسەر چەند فاکتەری سەرەکیو بنەڕەتی دەدوێین.

ئەو پرسو بابەتانەی کە دەبێ بە شێوەیەکی وردو مەنتیقی هەڵسەنگێندرێنو لەلایەن نووسەرانو شیکارانی سیاسیو بەرپرسەوە یان ئەوانەی ئۆگری ئەم پرۆسەیەن وەڵام بدرێنەوە، ئەم بابەتانە دەگرێتەوە کە دەبێ بزانین هۆیەکانو ئامانجەکانی هێنانەگۆڕی یەکگرتن چینو ئەم پرۆسەیە خاوەنی چ تایبەتمەندییەکی سیاسیو کۆمەڵناسانەیە؟ ئەم یەکگرتنە هەر لەجێدا روو دەداو ئەگەر یەکگرتنی ئەو دوو حیزبە سەری گرت داخوا یەکگرتنێکی درێژخایەنو کاریگەر دەبێ یان هەر لەجێدا ئەم پرۆسەیە سەر ناگرێ یان ئەگەر یەکگرتنەوەش روو بدا پاش ماوەیەکی کورت دیسان جیابوونەوە دەسەپێتەوە؟ پرەنسیپەکانی یەکگرتنو بەشداریی دروستو مەنتیقی کامانەنو چۆن دەکرێ بۆ ئاکام وەرگرتنو باشترکردنی پێوەندییەکانو تواناکان پلان دابنرێ؟

هەروەک گوتراو پێویستە پێی لەسەر دابگیرێتەوە کە پرۆسەیەکی سیاسیی گرنگی ئەوتۆ، گەلێک حەساسییەتو پرسیاری گرنگی لەسەرە کە بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنیان پێویستیمان بە کات بەڵگەهێنانەوەیەکی زۆرە، بەڵام لەم وتارەدا بە کورتیو بە گشتی باسی گرنگترین هۆیەکانی پرۆسەی یەکگرتنو بەشداریکردن دەکەینو هەڵیان دەسەنگێنین.

ئەگەر سەیری خاڵە هاوبەشەکانی حدک و حدکا بکەین مێژووی هاوبەش، ئامانجو ستراتیژیی هاوبەش، سەرچاوەو ناوچەی نفووزی هاوبەشو هەستی هاوبەش لە گرنگترین فاکتەرە واقعییەکانن. هەردوو حیزب لە کەشوهەوای سیاسیو مەدەنیی کوردستاندا سەرەڕای جیابوونەوەکان هەمیشە بە زەینییەتی حیزبی دیموکراتی ٦٨ساڵەوە دەناسرێنەوەو ناسنامەی حیزبی دیموکرات بۆ هەردووکیان وەبەر چاو دەگیرێ، بە جۆرێک کە رادەو گرنگیی ئەم خاڵە هاوبەشانە دادوەری لەبارەی جیاکردنەوەو لێکهەڵاواردنی ئەو دووانەی وەزەحمەت خستوەو هەر لەجێدا زۆر جار دیتراوە کاروکردەوەی هەرکام لەو دوو حیزبە کاریگەریی راسەوخۆ یان ناراستەوخۆی لەسەر حیزبەکەی دیکە هەیە.

بۆ تێگەیشتن لە بوارە جیاوازەکانی رێگەچارەی دوو حیزبی حدک و حدکا دەبێ هۆیەکانی جیابوونەوەو پێگەی ئەمڕۆی هەردوو حیزب شیبکەینەوە تاکوو بتوانین بە باشی لە جیابوونەوەکانی رابردوو و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی ئەمڕۆ بگەین.

بەپێی پێناسەی چەمکە سیاسییەکانو کۆمەڵناسیی سیاسی، لەبنەڕەتدا هەر رەوتێکی سیاسی بە دوای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیو پێویستییەکانی کۆمەڵگادا دەگەڕێ. رێگاکانی پێکهێنانی ئەم گۆڕانە دەکرێ لە رێگەی شۆڕش یان ریفۆرم یان تێکەڵێک لە هەردووکیان روو بدا. حیزبێکی سیاسی کە دەیەوێ تەنیا لە رێگای رووخاندنەوە گۆڕان پێک بێنێ وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەناسرێ. ئەو حیزبە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە رێفۆرمی سیستمی زاڵ نیە (لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە)و دژیەتی، پێی وایە سیستمەکە رێفۆرم هەڵناگرێ. رەوتی دووەم، حیزبێکە کە تەنیا لەگەڵ رێفۆرمی هەنگاوبەهەنگاو هاودەنگەو مەنتیقەکەی بریتییە لە هەوڵدان بە مەبەستی کەمترین تێچوو بۆ کۆمەڵگاو ئەم حیزبە لێکهەڵوەشانی یەکجاریی سیستمی زاڵ بە کارەساتێک بۆ کۆمەڵگا — بۆ وێنە ئێران — دەزانێ. هەمیشە هەوڵ دەدا کەڵک لە دەرفەتە نێوخۆییەکان وەربگرێو دەرفەتی نوێ پێک بێنێ (وەک حیزبو رەوتە رێفۆرمخوازەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی). سەرەنجام سێیەمین رەوت یان حیزب، پێی وایە دەبێ بەگوێرەی هەلومەرج کەڵک لە تاکتیکی جۆراوجۆر وەربگیرێ و کۆمەڵگا وەک تەوەری سەرەکی دەبێ گرنگترین فاکتەر بێ کە ڕەنگە ببێتە هۆی شۆڕش یان رێفۆرم کە زاراوەی تێکەڵ بۆ ئەم جۆرە حیزبانە بەکار دێ (ئاکامگەرایی بە مەبەستی دانانی کۆمەڵگا بە تەوەر).

ئەگەر سەرنج بدەینە حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرنجدان بە بڵاوکراوەکانیان کە بە گشتی لە راگەیاندنی هەردوولادا بە ئاشکرا دەبینرێو بمانەوێ پۆلینبەندیی بکەین، حدکا لە ریزی حیزبە شۆڕشگێڕەکاندایەو حدک لە ریزی حیزبە تێکەڵەکان دایە. بۆ نموونە دەکرێ سەیری هەڵوێستی ئەو دوو حیزبە لە بەرامبەر هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ١٣٨٨و ١٣٩٢ بکەین. حدکا هەردوو هەڵبژاردنەکەی تەحریم کردو بە ئاشکرا رایگەیاند سیستمی کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر چاک ناکرێو تەنیا دەبێ لە فکری رووخانی سیستمەکە دابین، بەڵام حدک هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ی تەحریم نەکردو پشتیوانیی لەوە کرد کە بە باشی کەڵک لە کەشوهەوای هەڵبژاردن وەربگیرێ بە مەبەستی سازکردنی گوتارێک بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانو مافەکانی خەڵک. هەروەها لە ساڵی ١٣٩٢دا سەرەڕای تەحریمی هەڵبژاردن بە ئاشکرا لە بەشێک لە بەیاننامەکەیدا هاتبوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستان رێز لە ئیرادەی خەڵک دەگرێ تەنانەت ئەگەر دەنگیش بدەن. کەوابوو زۆر روونە ئەو دوو هەڵوێستە بە تەواوی لێک دوورن. گەلێک نموونەی دیکە هەن کە ئەم پۆلینبەندییە دەسەلمێنن.

دووەمین خاڵی جێگەی سەرنج بریتییە لە هەڵوێستی هەر حیزبێک لە بەرامبەر لایەنەکی دیکەی لە پرۆسەی یەکگرتندا.حدکو حدکا بە پێکهێنانی کۆنگرەو پەسندکردنی پێڕەوی نێوخۆ و گەلاڵەو بەرنامەی سەربەخۆ، هەروەها هەڵبژاردنی نوێنەرانو بەرپرسان لەلایەن ئەندامانی حیزبەوە بە رەسمی لە کۆڕوکۆمەڵی کوردستانیدا (هەر چوار پارچەی کوردستان)، ئێرانی، ناوچەییو جیهانی وەک دوو حیزبی جیا ناسراونو خەریکی تێکۆشانن و لە زۆر کۆڕوکۆمەڵی سیاسیدا لەو ماوەیەدا وەک دوو حیزبی سەربەخۆ بەشدار بوون. بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە خۆی لە بە رەسمی ناسینی سەربەخۆی حیزبی دیموکرات پاراستوەو تەنیا کەڵکی لە زاراوەی «هاوڕێیانی پێشوو» بۆ ئەو بەشە وەرگرتوە. لە کاتێکدا هەر حیزبێک دروشمو تایبەتمەندیی سیاسیو مافی تایبەتیی خۆی هەیە.

قبووڵ نەکرانی حدک لەلایەن حدکاوە وەک حیزبو هەروەها جیاوازیی تاکتیکیو هەڵسوکەوتی ئەو دوو حیزبە کۆسپێکی زۆر گەورەن کە بەبێ ناسینو لێکتێگەیشتنی مەنتیقیو بناغەیی، دەبنە کۆسپی بنەڕەتی لەسەر رێگای هەر پرۆسەیەکی یەکگرتن، یان ئەگەر هەر وا بە سادەیی سەیری پرۆسەی یەکگرتن بکرێ، یەکگرتنەکە دوای ماوەیەکی کورت دەبێتە هۆی جیابوونەوەی سەرلەنوێ.

پرسیارێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە هەر لەجێدا ئەم یەکگرتنە بەچ ئامانجێکە و بەدوای چ دا دەگەڕێ؟ ئەگەر گوێ بدەینە قسەی بەرپرسانی هەردوو حیزب لە راگەیەنە جۆراوجۆرەکان کە هەردوو حیزب هۆی سەرەکی دەبەنەوە سەر پێویستیی خێرای کۆمەڵگای کوردستانی ئێران (رۆژهەڵات) و بەردەوام دەڵێن کە هەم کۆمەڵگای کوردی داخوازێکی وای هەیەو هەم هەردوو حیزب بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەبێ بە یەکگرتن بە شێوەیەکی بەهێز لە کەشوهەوای کوردستاندا دیار بنو وەڵامی پێویستییە خێراکانی سیاسی — مەدەنیی کۆمەڵگای کوردی بدەنەوە، پێویستییەک کە تەنیا لەسەر تەوەرەی ناسنامەی کوردیو قازانجەکانی کورد پێناسە کراوەو دەناسرێ.

لە کاتێکدا ئەگەر پێویستییەکانی کۆمەڵگای کوردو هەردوو حیزبەکە لەبەرچاو بگرینو سەیری خاڵەهاوبەشەکانو جیاوازییەکان بکەین، ئەوکات تەنیا چارەسەری مومکینو رێگا چارەی دروست، بریتییە لە پلاندانانی ستراتیژی لەسەر بنەمای سەرەکیی قازانجەکانی نەتەوەی کورد. هەردوو حیزب دەتوانن بە بنامادانانی قازانجەکانی نەتەوەی کوردو هەنگاوی بە کردەوە لەو پێناوەدا کە گیروگرفتو جیاوازییەکان و تەنانەت ناکۆکییەکان بە پێوانەی بەدیهێنانی خاڵە سەرەکییەکانو قازانجەکانی نەتەوەی کورد هەڵبسەنگێندرێنو بایەخیان بۆ دابنرێ، پرۆسەی یەکگرتن دەتوانێ پێک بێو بە شێوەیەکی کاریگەرو پتەو قۆناغی نوێی تێکۆشان دەست پێبکا.

دیارە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو پرۆسەیەی کە زیاتر لە ساڵێکە هەردوو حیزب بۆ یەکگرتن دەستیان پێکردوە، دەبینین دوو گیروگرفت،» ١- قبووڵ نەکرانی حدک لەلایەن حدکاوە وەک حیزب، ٢- جیاوازیی تاکتیکیو رەفتاریی ئەو دوو حیزبە« بە شێوەیەکی جیددی لەو ماوەیەدا دەبینرێن. ناچار دەبێ بۆ گەیشتن بە یەکگرتنێکی مەنتیقیو پتەو وا باشە هەردوو حیزبەکە لەسەرەتادا ماوەیەک بە کارو پرۆژەی هاوبەش لە بواری جۆراوجۆردا بە مەبەستی یارمەتی بە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی یەکگرتن بکەن، چونکە هاوبەشیکردن دەتوانێ جیاوازییەکانو ناکۆکییەکان بەرەبەرە کاڵ بکاتەوەو بواری لێکتێگەیشتن، بەسراوەیی، یەکگرتنو یەکبوون پێک بێنێ. لە پرۆژەی هاوبەشدا تواناکانی هەردوو لا پاش چەندین ساڵ جیایی باشتر دەردەکەونو دەناسرێن. هەروەها لە رەوتی باشداربووندا بایەخەکانو نەریتەکانی هەردوو حیزب بە ئاسانیو بە جارێکی تووشی گۆڕانو تەنانەت رووخان نابن.

* * *

# چەند دەنگی یان لێک جیاکردنەوەیەکی ژیرانە؟!



**حەسەن شێخانی**

١) سیستمی کۆماری ئیسلامی، سیتمێکی تێکەڵاوە. ڕێبەری کە ڕەگەزێکی مۆنارشیی سیستمە، هێڵە سەرەکی و ئامانجە ئیستراتیژیکەکان دیاری دەکا. تیمی وتووێژکاری ناوەکی لە پێناو و لە چوارچێوەی ئەم ئامانجانەی کە لە ژێر چاوەدێری و بە ئۆکەی ڕێبەری دیاری دەکرێن، بە شێوەیەکی ئامانجدار تێدەکۆشێ. دۆخەکە بەم شێوەیە کە بۆچوون و تێبینییەکانی دەوڵەتی روحانی، بە تایبەت میتۆدی گەیشتن بە ئامانج، کە پێشتر ڕێککەوتنی لە سەر کراوە، ڕەچاو دەکرێ. تیمی وتووێژکار لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە پێچەڵپووچەی پێی سپێردراوە، لە چوارچێوەی ڕێککەوتن کراودا، ئازادیی کردەی هەیە.

٢) ئاشتبوونەوە لەگەڵ دنیای دەرەوە و چارەسەریی پرسی ناوەکی لە سەرەوەی ئەولەوییەتەکانی دەوڵەتی روحانیدا جێدەگرن، بۆیە زۆرترین هەوڵی لەم پێناوەدا خستۆتەگەڕ و تا هەنووکەش چالاکترین بواری کار کردنی دەوڵەتی روحانی بووە.

ئەگەر سیاسەت دان و ستان بێ، روحانی لە بیاڤی سیاسەتی نێوخۆییدا کارێکی بنەمایی لە پێناو بەرنامەکانی دا، کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ دەکردن، نەکردووە. لەوانەیە بکرێ بڵێین کە روحانی لە بواری سیاسەتی نێوخۆییدا قورس و قایم ڕانەوستاوە و لە بەرامبەر ڕاستی توندئاژۆدا نەرمی نواندوە تا لە بوارەکانی دیکەدا کە بۆ وی ئەولەوییەتیی زیاتریان هەیە، کەمتر دژایەتی و کارشکەنی بکەن؛ هەڵبەت ئوسوولگەراکانیش لە بیاڤی سیاسەتی نێوخۆییدا بواریان لێتەنگتر کردۆتەوە و ئەوان لەم بیاڤەدا ڕۆڵ و کاریگەریی زۆر دەنوێنن. دەکرێ ئێعدامەکانی ئەم دواییانە لەم روانگەشەوە شرۆڤە بکرێن.

٣) دیاردەیەکی نامۆ نییە کە تا ڕادەیەک لە نێوان مێزی وتووێژ و گوتاری دەوڵەتان ڕوو بە رای گشتیی (خۆیان) جیاوازی هەبێ. لەم بڕوایە دام کە ئێران لە سەر مێزی وتووێژ بە شێوەیەکی عەقڵانیتر دەجووڵێتەوە و زیاتر لەوەی کە دەینوێنێ، حیسابی قازانج-تێچوو دەکا. بەشێک لە دژایەتییەکان لەگەڵ بە ڕێککەوتن گەیشتنی ناوەکی لەگەڵ گرووپی ٥+١ سرووشتین و لە روانگەی جیاوازی بنیاتگەلی جۆراوجۆری دەسەڵات لە ئێرانەوە سەرچاوە دەگرن؛ هەندێک لەم بنیاتانە چارەسەری پرسی ناوەکی لە بەرژەوەندیی خۆیان نابینن. با ئەوەش بڵێم کەبەشێک لە ڕەخنەکانی ئوسوولگەراکانی توندئاژۆ لە پرۆسەی دانوستانەکان، بە تەواوی نالۆژیکی نین.

دژایەتیی ئەمریکا و دانی دروشمی مەرگ و نەمان بۆ ئەمریکا، بۆتە بنەمایەکی پرۆپاگەندە-ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی و، ڕۆڵێکی یەکخەری هەیە. وێدەچێ لە روانگەی ئیستراتیژیستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە وەلانانی ئەم دژایەتی و دروشمانە وەک پێویستیی و ئۆگری (یەکی زیاد لە حەد) بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا لێک بدرێتەوە، ئەمەش هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە دانوستانەکان لاواز بکا، بۆیە باسی ئیستراتیژیەکی دوو مەبەستەی «دانی دروشمی دژی ئەمریکا و دانوستان لە سەر پرسی ناوەکی» دەکەن.

کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت ڕۆژئاوا بێ متمانەیە و هەموو ئەگەرەکانی بەردەم پرۆسەی دانوستانەکان لە بەرچاودەگرێ، بۆیە تا پرۆسەی دانوستانەکان بە دەرەنجامێکی دڵخواز نەگەن، دەستکاریی ئەو نۆرم و دروشمانەی کە بوونە بەشێک لە چییەتیی، ناکا. کۆماری ئیسلامی هەموو هێلکەکانی ناخاتە سەوەتەی دوورەدیمەنێکی گەش لە دانوستانەکانەوە.

بەڕێوەچوونی بەربڵاوی ڕێورەسمی ١٣ی خەزەڵوەر و پابەندیی بە بایەخە شۆڕشگێڕییەکان، لە لایەک ڕۆڵی ڕازی هێشتنەوەی ئوسوولگەرا توندئاژۆکان دەبینێ، لە لایەکی دیکەش لە ئەگەری بە بنبەست گەیشتنی وتووێژەکان، سەقامگیری و بەردەوامیی سیستم دەردەخا؛ تازە دەتوانێ سوپاپێکی متمانەش بێ بۆ پاش لەرزەکانی ڕێککەوتن لە گەڵ ڕۆژئاوا، لە نێو لایەنگرانی ڕێژیمدا کە درێژەدان بە چالاکیی ناوەکی بەو شێوەیەی کە دەخوازن، بۆیان بۆتە مەسەلەیەکی پرێستیژیی.

**سیستمی کۆماری ئیسلامی، سیتمێکی تێکەڵاوە.ڕێبەری کە ڕەگەزێکی مۆنارشیی سیستمە،هێڵە سەرەکی و ئامانجە ئیستراتیژیکەکان دیاری دەکا.تیمی وتووێژکاری ناوەکی لە پێناو و لە چوارچێوەی ئەم ئامانجانەی کە لە ژێر چاوەدێری و بە ئۆکەی ڕێبەری دیاری دەکرێن،بە شێوەیەکی ئامانجدار تێدەکۆشێ.دۆخەکە بەم شێوەیە کە بۆچوون و تێبینی یەکانی دەوڵەتی روحانی،بە تایبەت میتۆدی گەیشتن بە ئامانج،کە پێشتر ڕێککەوتنی لە سەر کراوە،ڕەچاو دەکرێ.تیمی وتووێژکار لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە پێچەڵپووچەی پێی سپێردراوە،لە چوارچێوەی ڕێککەوتن کراودا،ئازادیی کردەی هەیە**

٤) دۆخی هەستیاری ئێران وای کردووە کە ئێران بە جیددی بچێتە نێو پرۆسەی دانوستانەکانی ناوەکییەوە. هەڵبەت ئەوەی کە ئایا ئەم دانوستانانە بە ئاکام دەگەن یان نا، گرێدراوە بە هەڵوێست و جیددییەتیی لایەنی بەرامبەریش. ئەوەی کە لە بەدواداچوونی ئەم پرسەدا تێبینیم کردووە ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەر بنەمای ئەم خوێندنەوە کە فشاری گەمارۆکان ئێرانیان ناچار کردووە کە نەرمی بنوێنێ و ئێران بۆ دەرباز بوون لە فشارە نێونەتەوەییەکان، دەیەوێ لە گەڵ ڕۆژئاوا بە ڕێککەوتن بگا، بۆیە تا ڕادەیەک خۆیان خستۆتە سەر پشت و دەیانەوێ بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران بگەن کە ئێران کەمترین پوانی پێ ببڕێ؛ شتێک کە لە لایەن ئێرانەوە پێناچی قبووڵ بکرێ. وەک بەرپرسانی ئێرانی دەڵێن دانوستانەکان دەبێ لە سەر بنەمای «برد-برد» بێ، واتا لە بەرامبەر هەر ئیمتیازێک کە ئێران دەیدا، ئیمتیازێکیش وەرگرێ.

پشتیوانی عەلی خامنەیی لە تیمی دانوستانکاری ئێران و ئەوەی کە ئەوان ڕاسپێردراوانی ڕێژیمن و هیچ کەس بۆی نییە لاوازیان بکا، یان قسەکانی کازمی سەدیقی پێش نوێژی هەینی تاران کە دەڵێ تیمی دانوستانکار لە هێڵە سوورەکان لایان نەداوە و لە هەڵوێستی هێزەوە وتووێژیان کردووە، نیشاندەری ئەوەیە کە لە سەرئەم پرسە هاوڕان و ئەو هاوڕاییە کە بنەمای دانوستانەکانی ئێران لەگەڵ گرووپی ٥+١ پێک دێنێ. ئەوەی کە ئاراستەدەری دانوستانی ناوەکیی ئێرانە، ئەو کۆڕاییە کە دروست بووە نە دژایەتیی لایەنگەلێکی نێو سیستم. جیاوازی هەیە لە نێوان بۆچوونی ئەم لایەنانە و ئەوەی لە پراکتیک دا پیادە دەکرێ. دۆخێک لە ئێران هاتۆتە پێش کە کەسانێکی توندئاژۆی وەک حسێن شەریعەتمەداری کە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی کەیهانی تارانە، دەڵێ وێڕای پشتیوانی لە تیمی وتووێژکاری ئێران، لە کەماسییەکانیش ڕەخنە دەگرین. مەبەست ئەوەیە بلێم کە دوای پشتیوانی ئاشکرای خامنەیی لە تیمی دانوستانکاری ئێران، ئوسوولگەرا توندڕەوەکانیش فتیلەی ڕەخنەکانیان تا ڕادەیەک هێناوەتە خوارێ و هەموو لایەنەکان بە رواڵەتیش بێ، کەم و زۆر خۆیان لەگەڵ ڕەوتی سەرەکی گونجاندووە، هەرچەند لە هەوڵەکانیان بۆ گۆڕینی ڕەوتەکە وازیان نەهێناوە و هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە ڕەوتەکە بە ئاراستەی دڵخوازی خۆیان دا بگۆڕن.

٥) هەرچەند لە ئێران دا ناوندێکی قورسایی بە ناوی وەلی فەقیە هەیە کە ئاڵوگۆڕ ناکرێ و هەروها حیزب و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتیش لە نێوان حیزبەکان دا بە واتای ناسراو و جێکەوتوو بوونی نیە، بەڵام باڵەکان تا ڕادەیەک ڕۆڵی حیزب دەگێڕن. دوای بە دەسەڵات گەیشتنی دەوڵەتی میانەڕەوی حەسەن روحانی، دەکرێ ئوسوولگەراکان وەک ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی روحانی لەقەڵەم بدرێن، ئۆپۆزیسیۆنێک کە بە پێی توانای کارشکێنیش دەکا. ئەم جۆرە بەراورد کردنانە ئەگەر «مع الفارق»یش بن لە تێگەیشتنی دۆخی سیاسەت لە ئێران یارمەتیمان دەدەن. ڕوون و ئاشکرایە بەشێک لە ڕەخنەکان و دژایەتییەکان لە جەوهەری سیاسەتی دەسەڵات-ئۆپۆزیسیۆنەوە سەرچاوە دەگرن.

گوتمان کە پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکان بە پرسی ناوەکیشەوە، لە لایەن ڕێبەرییەوە بڕیاریان لە سەر دەدرێ، ئەڵبەتە ڕێبەریش لە بۆشایی دا بڕیار نادا و دەزگایەکی گرینگی وەک شورای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی کە نیوە یان زیاتر لە نیوەی ئەندامەکانی لە سەرۆک کۆمار و ئەندامانی کابینەی دەوڵەت پێک دێن، لەم مەسەلەیەدا دەخیلن و خاوەن کاریگەرین.

دەوڵەتی حەسەن روحانی وەک لایەنی جێبەجێکاریش کە ئەم ئەرکە قورسەی لە سەر شانە، لە چۆنییەتی بەرەوپێش بردنی دانوستانەکان دا ڕۆڵی هەیە. روحانی کاتێک دەتوانێ کە لە بەرەوپێش بردنی ئەم پرسەدا کە لە ئەولەوییەتیی بەرنامەکانی دا جێی گرتووە، سەرکەوێ کە بە هاوڕایی هەنگاو بنێ و لە تەراتێنی خۆ ببویرێ.

وەکو باسم کرد خۆی لە بنەڕەتدا سزا کەڵکی نیە ئەگەر تاوان کەم نەکاتەوە و ئەگەر نەبێتە هۆی عەدالەت، ڕاستتر وایە و باشتر وایە بۆ دەوڵەتان و بۆ حکوومەتان و بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک، هەوڵ بدەن هۆکارەکانی تاوان کەم بکەنەوە نەک سزا زیاد بکەن. سزا زیادکردن تاوانی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێ

پێویستە ئەو کەسانەی کەوا دەگیرێن، مافی بێدەنگیان بدرێتێ و مافی ئەوەیان بدرێتێ پارێزەریان هەبێ، و ئەگەر خۆیان توانای پارێزەریان نەبوو، دەبێ دادگا پارێزەریان بۆ بگرێ و نابێ لە دەرەوەی دادگای قانوونی ئەو وڵاتە هیچ جۆرە دادگا و دادبینیەک هەبێ، دەبێ مافی موتەرجیمیان پێبدرێ و مافی وڵام دانەوە و وڵام نەدانەوەیان پێبدرێ

### هەڵبژاردەیەک لە وتوویژی کوردکاناڵ

# لەگەڵ ڕزگار محەمەد ئەمین ناسراو بە حاکم ڕزگار سەبارەت بە ئێعدامەکانی ئەم دواییانە لە ئێران

**دیمانە: ئارەش لۆرستانی**

**– بەڕێز حاکم حەزدەکەین نەزەر و بیروڕای جەنابت بزانین لەسەر ئەو ئێعدامانەی ئێستا لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەبرێن!**

**حاکم ڕزگار:** من وەکوو حقووقییەک، وەکوو مرۆڤێک و وەک کوردێک و وەکوو کەسێکی سەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دژی سزای لەسێدارەدانم بەشێوەی گشتی و داوام کردووە پێشتریش و ئێستاش داوا دەکەم لێرەوە لە هەموو دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سزای لەسێدارەدان لە قانوونەکانیان هەڵگرن چونکە ئەو سزایە توندە و قەسوەتی تێدایە و سزایەکی نامرۆڤانەیە، سزای تر هەیە، بەدیلی تر هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئیسلاح بکرێ، نەوەکوو تۆڵەی لێبکرێتەوە.

**پرسیار: بەپێی ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە، تەعریفی زیندانی سیاسیمان نییە، وە ئەو کەسانەی شمولی ئێعدام دەبن بە تاوانی ئەمنییەتی و ئاسایشە، ئایا بە بڕوای ئێوە لە دەزگای قەزاییدا ئەوە دروستە؟**

**حاکم ڕزگار:** دیارە هەر وڵاتێک سیسمی قەزایی و قەوانینی خۆیانیان هەیە، بەدەر لە مەوزوعی دەستێوەردان لە سیستمی هەر وڵاتێک، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، مێژووی سزای لەسێدارەدان، دیارە جەدەلێکی گەورە هەیە لەسەر مەوزوعی سزای لەسێدارەدان. ئەو جەدەلە بیرمەند و موفەککیر و فەیلەسووف و دادوەر و.... بە مافەکانی مرۆڤ، لەتبوونێک هەیە لە بۆچوونەکانیان بۆ مەوزوعی سزای لەسێدارەدان. زۆربەی ئەو بیرمەندانەی زیاتر گرنگیی بە مافەکانی مرۆڤ دەدەن، لەسەر ئەو ڕایەن کە دەبێ سزای لەسێدارەدان نەمێنێ بە تایبەتی لە مەسائیلی سیاسی، یەعنی لە سویسرا لە ساڵانی هەزار و هەشتسەدەکانەوە، لە فەڕەنسا لە هەزار و هەشتسەدەکانەوە، لە ئەڵمانیا لە ساڵانی ١٨٤٨ و پێش ٤٨ ئەم سزایە لە مەجالی سیاسییدا هەڵگیراوە. لە هەندێ لەو وڵاتانە ئەگەر بە نموونە ئەڵمانیا بێنینەوە، لە ساڵی ١٩١٩ەوە ئەو سزایەی لە قانوونەکانی خۆی دەرکردووە تا گەڕانەوەی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣. لە ١٩٣٣ هیتلەر سزای لەسێدارەدانی هێناوە نێو قانوون. لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە دوای ئەوە ئەڵمانیان لە قانوونە سزاییەکانیدا سزای لەسێدارەدانی نەهێشت، هەروەها ئینگلتەرا، ئینگلتەرا لە ساڵی ١٨٠١ منداڵی ئێعدام دەکرد، منداڵی ٧ ساڵ یا منداڵی ١٣ ساڵ، لە ١٨٠٨ جارێک منداڵێکی ٧ ساڵان ئێعدام کراوە، لە ساڵی ١٨٠١ جارێک منداڵێک ئێعدام کراوە لەسەر دزینی کەوچکە چایەک، بەڵام دەبینی وردەوردە عەقڵییەتی قانوونی و عەقڵییەتی تەشریعی ئەو وڵاتانە و بیرمەندەکان و فەیلەسووفەکان و ئەوانەی کە مەعنین بە ژیانی خەڵک، داوایان کرد وردەوردە ئەو سزایە نەمێنێت، لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٩٦٥ەوە بە یەکجاری سزای لەسێدارەدانی لە هەموو قانوونەکانی خۆیدا لابردووە. بۆیە مەوزووعی بوونی سزاکە لە قانوونی وڵاتەکەدا جارێک بە پێی تەشریعات، تەشریعاتی جەزائی، دەڵێ نە سزا و نە تاوان هیچیان نابێ بەسەر کەسێکدا بسەپێنرێن، ئەگەر دەقێکی قانوونی نەبێ. ئەوە مەبدەئێکی عالەمییە، لەسەر ئەساسی تەکفیریش ئەمەش قۆناغێکی قەدیمە، یەعنی خۆتان دەزانن سزا لە ئینتقامی فەردی هاتووە لە پێشدا دواتر بۆتە ئینتقامی جەماعی دواتر چووە بۆ تەکفیر دوایە ئەو هاتووە بۆ مەنفەعەی ئیجتماعی دوای ئەوە هاتووە بۆ ئیسلاح و تەئهیل، مەوزوعی تەکفیر. سزا لەسەر ئەساسی تەکفیر قۆناغێکی قەدیمە و ئەو قۆناغە بەشەرییەت جێی هێشتووە دەبێ لە هەر وڵاتێکی تریش کە لەسەر ئەو بنەمایە خەڵک لە سێدارە دەدرێ، دەبێ ئەو قۆناغە جێبێڵێ. تەکفیر واتە بۆ ڕازیکردنی ڕەببولعالەمین لە کەسێک. ئەوەیکە پێوەندیی بە شکاندنی دینەوە هەبێ، ئەو سزایانە لە ئاخیرەتایە و لە عیقابی ئەخرەوییە و سزای دنیەوی ناخرێتە بەر ئەو سزایانەی لە ئاخیرەتا خوای گەورە بۆ خۆی دەزانێ، خۆی لوتفی هەیە و خۆی دەزانێ چۆن لە تاوانی عەبدەکانی خۆی خۆش دەبێ.

**پرسیار: ئێران، حاکمییەتی جمهوری ئیسلامی قانوونی یاسایی بە پێی ئەسڵی ویلایەتی فەقیهی و فیقهی شیعە تەنزیم کردووە، لەلایەکی تریشەوە پابەندە و تەعەهودی داوە بە ڕەعایەت کردن و ئەنجامدانی تەعەهوداتی نێونەتەوەیی، ئایا بە نەزەری جەنابت ئەم دووشتە پێکەوە دەیخوێنێنەوە؟**

**حاکم ڕزگار:** لەڕاستیدا هەڵبژاردنی ڕێژیمی سیاسیی هەر وڵاتێک، ئەوە خۆیان ئازادن چ ڕێژیمێکی سیاسیی بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن و چ جۆرێک لە حوکم ڕەچاو دەکەن، بەڵام هەموو دەوڵەتانی دنیا دەبێ لەسەر جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کۆک بن. ئەوە بۆتە عورفێکی نێودەوڵەتی، جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و هەر دوو عەهدی دەولی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە کولتوورییەکان، بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی وا تەوقیعیان لەسەر کردووە، دەبێ پایەندی ئەو بەندانە بن و دەبێتە چ ئیعلانی عالەمی یەعنی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و عەهدە دەولییەکان، ئەو دەوڵەتانەی چوونەنێوی و تەنانەت هەندێ لەو دەوڵەتانەی تێشیدا نەبێ، بەڵام ئەم جۆرە بنەما قانوونیە سەرەکیانە دەکرێ بە نەزەری ئێعتبار وەربگیرێ، و تەنانەت هەندێ لە فقهای قانوونی _ دەستووری پێیان وایە کە ئەو بنەما دەوڵەتی و نێودەوڵەتییانە دەکرێ لەسەرووی دەستووری دەوڵەتەکانیشەوە دابنرێن. بۆیە پێویستە هەموو دەوڵەتەکان پابەندی ئەو جاڕنامەیە بن و لە ناو جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤیش مافی ژیان یەکێکە لەو مافە سەرەکییە گرنگەکانی کە دەبێ بپارێزرێ. ئەمە سیستمی سیاسیی هەر چۆنێک بێ دەبێ سیستمی قەزایی و سیستمی قانوونی و دەستوور ئەوە پێوەندیی بە مافە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ و بنەما سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤەوە هەیە، دەبێ ڕەچاوی هەموو ئەو جاڕ و ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانە بکرێت کە هەر دەوڵەتێک لە دونیا کە بیهەوێت دەوڵەتێکی مۆدێرن بێ و دەوڵەتێکی مەقبوول بێ، لەنێو کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەوڵەتێکی گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتێکی گەورەیە و پێگەیەکی گرنگی سیاسی و ئیقتسادی هەیە لە ناوچەکە بۆ جمهووری ئیسلامی ئێران باشتر وایە کە هەتا سزای لەسێدارەدان کەمتر بێ لە وڵات، ئەوا بۆ سومعەی دەولی وڵاتەکەی باشترە و جوانترە.

**پرسیار: هەروەک دەزانن ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی بە تایبەت زیندانیانی سیاسیی کورد چەند ساڵ لە زینداندا بەند دەکرێن دوای ئەوە بێ سەروسەدا لە زینداندا ئێعدام دەکرێن، بێ ئەوەی حەقی وەکیلیان هەبێ و بنەماڵەکانیان ئاگادار بن، بە نەزەری ئێوە چۆن دەتوانین کۆماری ئیسلامی مولزیم کەین، ئیلتزامی لێوەگرین کە ئەو کارە نەکا؟**

**حاکم ڕزگار:** مونەززەمماتی حقووقی هەیە، مونەززیمەی مڕاقبەی حقووقی ئینسان، یەعنی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و مونەززیمەی عەفوی دەولی، ئەوانە یەکێکن لەو ڕێکخراوانەی کە هەموو دەوڵەتان دەبێ ڕێگایان پێبدەن بچنە ناو بەندیخانەکانییانەوە، لەوێ ئەوان ڕاپۆرتی ساڵانەیان هەیە و مونەززیمەی حقووقی ئینسان کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئەمانە چاودێرن و کە لە بواری مافی مرۆڤ کار دەکەن ئەمانە مافی ئەوەیان هەیە کە بچنە هەر دەوڵەتێک و لەڕاستیشدا مەسەلەی گرنگیدان بە زیندانەکان و زیندانییە سیاسییەکان ئەوە پێوەندیی هەیە بە پێگەیشتنی پێگەی دێموکراسییەت لە هەر وڵاتێکدا. هەر وڵاتێک کە بیهەوێ بە دێموکراسییانە حوکمی وڵاتەکەی خۆی بکات، ئەوە دەبێ گرنگی زۆر بدا بە مەسەلەی قانوون و مەسەلەی زیندان و زیندانییەکان، دەبێ بە پێی قانوون مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بە پێی ئەو بنەما دەوڵەتییانەی کە موحاکماتی عادیلانە فەرزی کردووە لەسەر هەموو دەوڵەتێک بە تایبەتی لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤو عەهدە دەولییەکان ئەمانە دەبێ محاکماتی سەریع، محاکمەی عادیلانە، محاکمەی ئازاد و محاکمەی بێلایەن و بە حاکمی شارەزا/ دەبێ لەم جۆرە دادگاییکردنانە، لەم جۆرە دادبینیانە، لە هەموو ئەو دەوڵەتانە هەبێ و پێویستیشە ئەو کەسانەی کەوا دەگیرێن، مافی حەتتا بێدەنگیان بدرێتێ و مافی ئەوەیان بدرێتێ پارێزەریان هەبێ، و ئەگەر خۆیان توانای پارێزەریان نەبوو، دەبێ دادگا پارێزەریان بۆ بگرێ و نابێ لە دەرەوەی دادگای قانوونی ئەو وڵاتە هیچ جۆرە دادگا و دادبینیەک هەبێ، دەبێ مافی موتەرجیمیان پێبدرێ و مافی وڵام دانەوە و وڵام نەدانەوەیان پێبدرێ بێئەوەی لە دژی ئەوان حیساب بکرێت و دەبێ ئەو مەحکەمەی دادگاییان دەکا، حاکمی تەبیعی بێ لە چوارچێوەی سیستمی یاسایی دادوەری ئەو وڵاتەدا بێ نابێ بە محاکماتی تاییبەتمەند، بە محاکماتی ئیستسنائی و محاکماتی عەسکەری، لەو جۆرە محاکماتانە خەڵکی مەدەنی نابێ دادگایی بکرێ و دەبێ ئازادیی و دێموکراسی هەر وڵاتێک لەنێو دادگاکانی ئەو وڵاتە دەردەکەوێ چەندە شەفافیەت هەبێ لەناو دادگاکان و چەندە مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێ لەناو دادگاکاندا ئەمە بەرپەرچدانەوە و ئاوێنەی ئەو نیزامە سیاسییەیە. بۆیە من هیوادارم لەو وڵاتانەی ئێمە بەشێکین تێیدا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاو بخشێننەوە بە جۆری سیستمی دادوەری خۆیاندا و دادبینیەکانیان بچێتەوە سەر ئەو بنەما جیهانیانە، و ئەو ستانداری جیهانی و محاکماتی عادیلانە پەیڕەو بکرێ.



**پرسیار: ئەگەر ڕۆژێک بێت و خۆتان لە دەزگای قەزایی ئێران کار بکەن، بەپێی ئەو تەجروبیاتەی هەتانە و بەپێی ئەوەی ئاغای ڕووحانی ماوەی سێ مانگە هاتۆتە سەرکار، دەیان کەس ئێعدام بووە، ئایا پێت وایە جەنابت دەتوانی لەوێ کار بکەی و ئەو فاکتانەی لەبەرچاوتان گرتووە پێتان وایە لە ئێران دەتوانی ئیستیفادەی لێبکەی و لەبەرچاوی بگری و لە دەزگای قەزایی ئێراندا ئیستیفادەی لێ بکەی؟**

**حاکم ڕزگار:** لەڕاستیدا من شارەزاییم نیە لە دەزگای قەزایی ئێرانی و من قانوونی سزایی ئێرانم نەدیوە بە کوردی یان بە عەرەبی، دەقێکی قانوونی سزایی ئێرانیم دیوە قانونی مجازاتی ئێرانی، لەبەر ئەوە هەر ڕەئیەک بدەم ئێستا، ڕەئیەکەم نە دەقیقە و نە زانستیانەیە. بۆیە من نازانم بەبێ شارەزایی لەسەر دەزگای قەزایی ئێرانی، مەعلوماتم نیە هەتاوەکوو وڵامی ئەو لایەنە بدەمەوە،

... دەبێ دادوەران لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایە بن، پابەندی قانوونەکان بن، پابەندی پرەنسیپە دەولی و نێودەوڵەتییەکان بن، نابێ لە سیاسییەکان بترسن و نابێ بکەونە ژێر کاریگەری هیچ حکوومەتێکەوە.

**پرسیار: مەسەلەیەکتان مەترەح کرد ئەوەیە کە قازی لە وڵاتێک ناتوانێ دەخاڵەت لە قەزاوەتی وڵاتێکی تردا بکات، ئایا هەر ئەو مەسەلەیەی کە ئێوە باستان لێوەکرد، ئەوە نابێـە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ڕووحانی و کۆماری ئیسلامی سوئیستیفادە لەمە بکات و ئیدامە بە کارەکانی بدات؟**

**حاکم ڕزگار:** نا، خۆی مەوزوعی ڕێژیمی حوکم لە هەر وڵاتێکدا مەفرووزە عەدالەت جێبەجێ بکات. سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی ئەو بەرپرسیارێتییە و بەپێی ئەو سەڵاحیاتانەی کە پێی دراوە، دیارە بەرپرسیارێتیی بە رامبەر خۆی و بەرامبەر ڕێژیمی خۆی و بەرامبەر گەلی خۆی، وەکوو هەر سەرۆک دەوڵەتێکی تر ئەوەیە کە عەدالەت فەراهەم بکا. ئەو خۆی دەبێ ئەو پرنسیپانە بپارێزێ کە قەزاییەکی عادڵ و بنەما نێودەوڵەتییەکان بۆ محاکماتی عادیلانە فەراهەم و بێنێتەدی، چونکە لە ئەخیرا بەرپرسیارێتیی سەرۆکی دەوڵەت بەرپرسیارێتییەکی قانوونییە و بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتی، دینییەو ئەخلاقییە، دەبێ هەموو سەرۆک وڵاتێک لە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتیانە، لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتیانە دا بن. خۆیان هەوڵ بدەن لە هەر وڵاتێک هێزی دەسەڵاتی دادوەری لە هێزی حکوومەت و دەوڵەتەکەیە، لاوازی دەسەڵاتی دادوەری نیشانەی لاوازیی دەسەڵاتی تەنفیزی و جێبەجێ کردنە، چونکە ئەم دەسەڵاتانە هەموو پێکەوە کار دەکەن و لاوازی هەر لایەکیان و خەلەل لە هەر لایەکیان کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر بارودۆخەکەی تر. بۆیە لێرەوەو داوا لە هەموو دەسەڵاتەکان دەکەم ولاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێمە هیچمان کەمتر نیە لە وڵاتانی دنیا ئەگەر دەبینیت زیاتر لە سەد دەوڵەت یا دوو تەقسیم سێی وڵاتانی دنیا وازیان لە سزای لەسێدارەدان هێناوە و تاوانیش لەوێ کەمترە لە چاو ئەو وڵاتانەی کە سزای لەسێدارەدانی تێدایە. سزای لەسێدارەدان نە ڕەدعە و نە ئەوەیە کە خەڵک لە تاوان بتەکێتەوە ، نە ئەوەشە کە مەنفەعەتێکی تێدابێ بەڵکوو ئێستا بیری مرۆڤایەتی بۆ سزا ئەوەیە کە لە ئینتیقام لاچووە دەچێتە سەر ئیسلاح و تەئهیل، من هیوادارم قەزایی ناوچەکە بەم جۆرە بیر بکەنەوە و سوڵتانی ناوچەکە بەم جۆرە بیر بکەنەوە، و بە هەموو جۆرێکیش سزای لەسێدارەدان بە نیسبەت سیاسییەکانەوە، دەبێ خەتی سوور بێ، نابێ هیچ کەس لەسەر بیروڕا و لەسەر فکر و لەسەر خەباتی سیاسیی خۆی، چونکە حیزبە سیاسییەکان هەموویان خەبات دەکەن بۆ کۆمەڵێ پرەنسیپی مرۆڤانەی خۆیان کە هەیانە و بە دڵنیاییەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە هەر دەسەڵاتێک کە لەسەر فکر و لەسەر سیاسەت و لەسەر ئارا هەر کەسێک لەسێدارە بدا، چونکە لە کۆتاییدا بە هەرچی سەیر بکرێت، ئەم دەبێتە شەهیدی حیزبەکەی خۆی و شەهیدی ئەو فکرەی لەپێناویدا لەسێدارە دراوە و دواتریش تۆمارێکی ناشیرین لە سجیل و لە تۆماری ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر ئازادیی فکر و لەسەر ئازادیی سیاسی و لەسەر خەبات بۆ دێموکراسییەت هەر کەسێک لەسێدارە بدەن ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، هەر دەسەڵاتێکی تێی بکەوێت.

**پرسیار: خۆتان قازیین بە نەزەری جەنابت ئەو ئێعدامانەی دەکرێ بەبەرچاوی خەڵکییەوە، پێتان وایە ئەو هەموو ئێعدامانە بەرلەوەی ئیجرای حوکم بێ ئایا موغریزانە نیە، لەڕووی قین و تۆڵەسەندنەوە نیە؟**

**حاکم ڕزگار:** ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە لە دونیا، چونکە دەبێ هەموو سزایەک مەنفەعەتێکی کۆمەڵایەتی تێدا هەبێ، هەر سزایەک مەنفەعەتی کۆمەڵایەتی تێدا نەبێ، دەبێتە تۆڵەسەندنەوە، دەبێتە قەسوەت، هەر بۆخۆی بیرمەندان تەوزیع بوون لەسەر ئەوەی ئایا لەبەرچاوی خەڵکی سزای لەسێدارەدان جێبەجێ بکرێ یان لەبەرچاوی خەڵکی نەبێ؟ زۆربەی کۆکن لەسەر ئەو ڕایە لە هەر وڵاتێکدا کە لەبەرچاوی خەڵکی ئەم سزایە جێبەجێ بکرێت، دەبێتـە هۆی ئەوەی توندوتیژی و تاوان لەو وڵاتە زیاتر ببێت. تەجروبە زۆرە لەسەر ئەوە، هەیە ئیحسائیەک لە ئینگلتەرا، لە یەکێ: لە سجنەکان کە کراوە، دەڵێ ١٦٧ کەس ئەوانەیکە سزای لەسێدارەدانیان لەسەر جێبەجێ کراوە، ١٦١ کەسیان ئامادەی مەراسیمی لەسێدارەدانی خەڵکی دیکە بوون، بەڵام دەبینی لەو ١٦٧ کەسە کە بەرەو ئێعدام دەچن، ١٦١ کەس هیچ ئیستیفادەیەکیان لەوە نەکردووە کە لەبەرچاوی ئەوان خەڵک لەسێدارە دراوە، بۆیە تەجروبە هەیە لەکاتێکدا خەڵک لەسێدارە دەدرێت، لەسەر تاوانی دزی، یان تاوانی ئیغتساب، لە کاتی سزای لەسێدارەدانەکە کە لەوێ ڕاوەستاون، خەڵک هەبووە دزی کردووە ئەوە چاوی لێیە خەڵک ئێعدام دەکرێ لەسەر ئەو تاوانە، بەڵام دزی ئەکا، بۆیە ئەو مەسەلەیە هیچ مەنفەعەتێکی تێدا نییە و لەڕووی ئینسانییەوە مەقبول نیە و بۆ هەر دەوڵەتێکیش کە بیهەوێ کە هەنگاو بنێ بەرەو پێشکەوتن و بەرەو دنیای نوێ، دەبێ ئەو جۆرە شێوازانە لە سزای توند و قاسی و نامرۆڤانە واز لێبێنێ.

**پرسیار: با توجە بەوەکە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسێن، کوشت و کوشتار لە عێراقدا لە ناوچە عەرەب نشینەکاندا زۆر بووە و زۆر هەیە، ئایا پێتان وا نیە ئەگەر بێتو سیستمی قەزایی عێراقیش بێت هەر ئەو کارە بکا، ئێعدام بکا لەبەرچاوی خەڵک، ئایا ئەمە تەئسیر دانانێ لەسەر ئەوە؟**

**حاکم ڕزگار:** وەکو باسم کرد خۆی لە بنەڕتدا سزا کەڵکی نیە ئەگەر تاوان کەم نەکاتەوە و ئەگەر نەبێتە هۆی عەدالەت، ڕاستتر وایە و باشتر وایە بۆ دەوڵەتان و بۆ حکوومەتان و بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک، هەوڵ بدەن هۆکارەکانی تاوان کەم بکەنەوە نەک سزا زیاد بکەن. سزا زیادکردن تاوانی زیاتر بەدوای خۆیدا دێنێ. بەڵام پێویستە دەوڵەتان دێموقراتییەت و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و عەداڵەتی ئیقتسادی بەرجەستە کەن، ئەم هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی، ئێستا بیرمەندانی زانستی سزا، پێیان وایە تاوانبار بە تەنیا تاوانبار نیە، بەڵکوو هۆکاری زۆر هەیە لەوەی کە ببێتە هۆی ئەوەی تاوانێک بکات، لەبەر ئەوە کۆمەڵیش بەشێک لە بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی دەچێـە ئەستۆ، بۆیە دەبێ بەم مەنزورە سەیری تاوان و تاونبار بکرێ نابێ هەر سەیری تاوان بکرێ. دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە دەسەڵاتە سیاسییەکان چۆن بە گشت تاواندا دەچنەوە بە ڕێگەچارە سیاسییو ئیقتسادیو ئیجتماعی و دەروونی کە هۆکاری تاوانەکان کەم بکرێتەوە دواتر پێویستمان بە سزا نیە. بۆیە من بڕوام وایە لە فترەی پێشوی نیزامی حوکمی عێراقیدا زۆرترین ژمارەی ئێعدام و محاکماتی تایبەتی و خەرق کردنی مافەکانی مرۆڤ لەوێ دەکرا و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەناو زیندان و زیندانیەکاندا، دەبینی سیاسەت هەر کۆتایی پێ نەهات و تاوانیش هەر بەردەوام دەبوو، هیچ تەجروبەیەکیش نیە بڵێی لە وڵاتێک سزا زۆر بێ و سزا توند بێت تاوان کەم دەبێتەوە بەپێچەوانەوە. بۆیە چارەسەری ڕاستەقینەی کەم کردنەوە تاوان وەلەو کە مەزاهیرەیەکە لەگەڵ بەشەرییەت هاتووە، بوونی هەیە و بەردەوامیش دەبێ، تاوان دەبێ ڕێی لێبگیرێ و کەم بکرێتەوە، چارەسەر بۆ ئەم مەسەلەیە باشترە لەوەی کە چارەسەری دوای کردنی تاوانەکە، بەڕاستی کوشتنی یەکێ: کە دەکوژرێ، دوایی ئەگەر هەموو کەسیشی لەسەر ئێعدام کەی هەر حەیاتی کەسە کوژراوەکە ناگەڕێنێتەوە دەڵی کەسوکاری ئەو کوژراوەی پێ خۆش نابێ. عەداڵەت دەبێ لە مەسەلەی سزا هەبێت و ئێمە هەوڵ بدەن هۆکاری تاوان کەم بکەینەوە لەبری ئەوەی سزا زیاد بکەین.

**پرسیار: لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت باس نەکردووە قسەیەک ماوە و پێت خۆسە باسی بکەی فەرموو.**

**حاکم ڕزگار:** من تەمەننای ئاشتی دەکەم بۆ هەموو جیهان و بۆ ڕژهەڵاتی ناوەڕاست، من نابینم هیچ جۆرە هۆکارێک هەبێ بۆ ئەوەی قەومەکانی ئەم ناوچانە دژی یەک بن، پێویستە فارس و تورک و عەرەب و کورد هەموو برای یەک بن و بە ژیانێکی کامەرانی و ئاسوودەیی و دێموکراسیانە سوود لەم سەروەت و سامانە زۆرەی ناوچەکە وەربگرن بە هەموو دەوڵەتەکانیانەوە، هیوادارم دێموکراسییەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سیادەتی قانوون ببێتە ڕەمز بۆ ئەم وڵاتانە و هیوای سەرکەوتنیش بۆ ئێوە ئەخوازم بۆ کەناڵەکەتان.

**دەقی پیادەکراوی ئەو وتوویژە لە سایتی «کوردستانو کورد» دایە:**

**دەردەکەوێ کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگەدا کەمڕەنگ بکاتەوەو لە نێوان بەشداریی ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا، گرینگی داوە بە ڕۆڵی دایکایەتی**

**عومەر باڵەکی**

**ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیەوێ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کۆمەڵگەیەکی ترسنۆک و خەساو باربێنێ. ترس و تۆقاندن و هەڕەشە، هەمیشە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێژیمە بووە**

**کوێستان فتوحی**

# پێگەی ژن لە یاسای بنەڕەتی ئێران دا



**عومەر باڵەکی**

کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٩ لە هەشتاو سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی خۆیدا لە خولی پەنجاو چوارەم لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی «کۆمیتەی سێهەمی جێبەجێکاری»و بە ڕەزامەندی نوێنەرانی ٧٩ وڵاتی ئەندام بڕیاردرا ٢٥ی نوامبری وەک ڕۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری بکرێ و لەو ڕێکەوتەوە هەتا ئێستا ١٤ ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا تێپەڕ دەبێ کە لە ماوەی ئەو ١٤ ساڵەدا جیهان پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و گەلێک ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاتوونەتە ئاراوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر مرۆڤایەتی بە گشتی و ژنان بە تایبەتی.

بەڵام ئەوەی لەم نووسراوە کورتەدا دەمانهەوێ ئیشارەی پێبکەین وەزعییەتی ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی ژنانە لە ئێراندا کە بە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕانەی لە جیهاندا ڕوویانداوە بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ژن بە قانوون دەچەوسێندرێتەوە.

دەڵێین ئامانج لە دانانی یاساکان ڕێکوپێک کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگایە. بەڵام کاتێک چاو بە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا دەگێڕین ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە پایەو ئەساسی ڕێکوپێک کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا لە ڕێگەی یاساوە چۆنە؟ کە ژن وەک نیوەی کۆمەڵگای ئێران لە ڕێگەی یاساکانەوە مافی پێشێل دەکرێ.

لە پێشەکی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەو شێوەیە باس لە جێگەو پێگەی ژن دەکا و دەڵێ: «بۆ پێک هێنانی پایەو ئەساسی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی هێزە مرۆییەکانی کە هەتا ئێستا لە خزمەتی چەوسانەوەی هەمەلایەنەی دەرەکیدا بوون پێناسەی ئەسڵی و مافی ئینسانی خۆیان وەدەست دێنەوە و لەو خۆدیتنەوەدا سرووشتییە کە ژن بە هۆی تەحەمول کردنی ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە لایەن ڕێژیمی ملهوڕ «طاغوتی» پێشوو لێیان کراوە داواکاری ئەوان زیاتر دەبێ ....... و لە ئاکامدا هەڵگری بەرپرسایەتییەکی گەورەتر دەبێ و لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هەڵگری بایەخ و کەرامەتی زۆرتر دەبێ» . ئەو پێشەکیە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە یاسای بنەڕەتی ئێران کەسایەتی سەرەکی ژنان و مافی ئینسان ئەوان تەنیا لە چوارچێوەی پێکهاتنی دامەزراوە ئیسلامییەکان بە دروست دەزانێ. هەربۆیە لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا مافی ژنان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرنجی پێنەدراوە بەڵکو ژن تەنیا وەک کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەڵکی لێوەرگرتووە.

هەر لەو پێشەکییەدا دەردەکەوێ کە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگەدا کەمڕەنگ بکاتەوەو لە نێوان بەشداریی ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکاندا، گرینگی داوە بە ڕۆڵی دایکایەتی. هەرچەندە ڕۆڵ و نەخشی دایکایەتی زۆر گرینگ و پڕبایەخە بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە زانست و تکنولۆژیا ئەوەندە خێرا پێشکەوتن بە خۆیەوە دەبینێ تەنیا ڕۆڵی دایکایەتی بۆ ژنان ناتوانێ بەهرەیەکی وای هەبێ کە نەقش و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا دەربخا و لەو وزە و تواناکانی ژن بەسودی کۆمەڵگا کەڵکی باش وەربگیرێ. ئەوە لەلایەک و لە لایەکی دیکەوە زۆربەی زۆری خەڵک لە تەنزیمی پێوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا گوێڕایەڵی دەوڵەت نین، هەر بۆیە دەبینین زۆر ڕۆڵ و نەخش لە کۆمەڵگادا بە ژنان دەدرێ کە وەپێش ڕۆڵی دایکایەتی دەکەوێ.

دیارە ئەوەی جێگای سەرنجە هەر ئەوە نییە کە لەو پێشەکییە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەو شێوەیە باس لە ڕۆڵی ژن دەکا، بەڵکوو کاریگەری لەسەر ئەو یاسایانەی کە لە دواییدا لە مەجلیسی شورای ئیسلامی پەسند دەکرێن و ئەگەر هاتووە یاسایەک بە پێچەوانەی ئەو ڕۆڵە بوو کە لەو پێشەکییەدا هاتووە دەستی شورای نیگابان ئاوەڵەیە کە بڵێ ئەوە دژایەتیی هەیە لەگەڵ یاسای بنەڕەتی ئێران.

لەئەسڵی ١٠ لە یاسای بنەڕەتیدا دەڵێ:

«بەو پێیە کە بنەماڵە هەستەی پێکهێنەری کۆمەڵگای ئیسلامییە هەموو یاسا و ڕێساکان و گەڵاڵەکانی پێوەندیدار دەبێ لە ڕاستای کارئاسانی پێکهێنانی بنەماڵە، پارێزگاری لە پیرۆزی ئەو و خۆڕاگری و مانەوەی پێوەندیی بنەماڵەیی لەسەر ئەساسی حقوق و ئەخلاق ئیسلامی دەبێ».

ئەوی لێرەڕا جێگای تێڕامانە یاسادانەر حقوقو ئەخلاقی ئیسلامی لە تەنیشت یەکدا داناوە لە حاڵێکدا ئەخلاق و حقوق دوو بابەتی لێک جیاوازن. ئەخلاق بابەتێکی تایبەتە بە تاک و هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی نیە لە حاڵێکدا حقوق بابەتێکە هەم کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە و هەم زەمانەتی ئیجراییشی هەیە. بۆ ئەوە زیاتر ئەو مەسەلەیە ڕوون بێتەوە پێویستە ئیشارە بەو نموونەیە بکەین: بەپێی قانوون «نفقە«ی ژن بژێوی ژیانی ژن دەکەوێتە سەر شانی پیاو. بەڵام خەرج و مەخارجی نەخۆشیی درێژخایەنو چارەنەکراو ناکەوێتە سەر شانی پیاوو ئەوە بە قانوون دەستنیشان کراوە کە پیاوەکە لەو حاڵەتەدا لەوژنە نەخۆشە بەرپرسیارە و تەنیا پەسندە بەڕێنوێنی ئەخلاقی کراوە کە پیاوان لە بواری ئەخلاقییەوە وا باشە چاوەدێری زیاتری ئەو جۆرە ژنانە بکەن کە نیازیان زۆرترە و لێرەڕا دەبینین بەڕێوبردنی ئەخلاق پێوەندیی بە تاکەوە هەیە و هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی نییە.

لە ئەسڵی ٢٠ی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا هاتووە:

«هەموو تاکەکانی میللەت لە ژن و پیاو بە شێوەی یەکسان قانوون پارێزگاریان لێدەکا و لە هەموو مافەکانی مرۆڤ، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەلەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی ئیسلام بەهرەمەند دەبن»

لەو ئەسڵەدا لە سەرەتادا دەگوترێ ژن و پیاو وەک یەک بە شێوەی یەکسان قانوون پارێزگارییان لێدەکا. بەڵام ڕوونی نەکردۆتەوە لەو بابەتانەی کە وەک یەکن ئایا ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە. بۆنموونە لە مەسەلەی زینادا کە ڕووداوەکە بە پیاوو ژن دەکرێ، بەڵام زۆرجار دەبینین ژنەکە حوکمی قورسی وەک ئێعدام و بەردبارانی بەسەر دەسەپێ، بەڵام پیاوەکە وەک بەرزەکی بانان بۆدەردەچێ. لە لایەکی دیکەوە ئەو ئەسڵە بەستراوەتەوە بەشەرتێک ئەویش لەبەر چاوگرتنی پێوەرەکانی ئیسلامە کە ئەوە هەم زۆر گشتییە هەم زۆر ناڕوونە، چونکە کە باس لە ئیسلام دەکرێ تەنیا ناتوانرێ ڕوانگەکانی مەزهەبی شیعە لەبەر چاو بگرین، ئیسلام بەدەیان فەرقە و مەزهەبی هەیە کە ڕەنگە ڕوانگە و بۆچوونیان لەسەر مەسەلەکان بەتایبەتی مافی ژن و پیاو لەیەکتر جیاواز بێ. بۆیە ئەو ئەسڵە ڕوونی نەکردۆتەوە کام ڕوانگە و بۆچوون بە بناخە دانراوە. هەر بۆیە هەر بابەتێک کە دێتە پێش زۆرتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سەلیقەیی ئەو کەسانەی دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتوون و هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەسڵی ٢٠ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا نەیتوانیوە و ناتوانێ پارێزگاری لە مافی ژن بکا و بەرابەری ژن و پیاو بە یاسا بپارێزێ و لە ئەسڵی ٢١شدا دەوڵەت ڕادەسپێرێ کە بە لەبەرچاو گرتنی پێوەرەکانی ئیسلام مافەکانی ژن لە هەموو بوارێکەوە پارێزراو بێ کە پێشتر باسمان کرد کە ئەو دوو ئەسلە ئەوەندە گشتی هاتوون کە ڕوون نیە دەوڵەت چۆن مافەکانی ژن دەپارێزێ.

ئەوەتا لە قانوونی مەدەنیدا هاتووە کە پیاو لە هەڵبژاردنی هاوسەردا بە تەواوی ئازادە و دەتوانێ لەگەڵ ژنی غێرە ئیسلام یا هاووڵاتی وڵاتێکی دیکە ژیانی هاوبەش پێکبێنێ بەڵام ئەو ئازادیە بۆ ژن نیە. ئەگەر وایە چۆن ئەو بەرابەریو یەکسانییە دەپارێزرێ.

بە پێی مادەی ١٠٥٩ی قانوونی مەدەنی هاوسەرگیری ژنی موسڵمان لەگەڵ غێرە موسڵمان دروست نیەو لە مادەی ١٠٦٠دا دەڵێ هاوسەرگیری ژنێکی ئێرانی لەگەڵ پیاوێکی غێرە ئێرانی بەو شەرتە کە بەربەستی یاسایی نەبێ، بەستراوەتەوە بە ئیزنی تایبەتی دەوڵەت. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئێران کونواسیۆنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانی ساڵی ١٩٧٥ی واژۆ کردووە کە ئەو کۆنۆاسیۆنە بە ڕوونی و بە ئاشکرا دەڵێ هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو پەیماننامەیان واژۆ کردوە لەسەریانە کە مافی یەکسانی ژنو پیاو بە مەبەستی سوودمەندبوون لە مافی مەدەنیو سیاسی کە لەو کۆنۆاسیۆنەدا هاتووە دابین بکرێ.

بەڵام ئەگەر ئاکامگیری بکەین بەو ئاکامە دەگەین کە چ لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیداو چ لە یاساکانی دیکەدا کە بە ڕواڵەت ڕێکخەری کۆمەڵگان، ژن وەک مرۆڤێکی سەربەست و ئازاد چاو لێناکرێ بەڵکوو وەک بوونەوەرێکی بەستراوە و ناسەربەخۆ کە لە ژێر چاوەدێری و پارێزگاری پیاو و دەوڵەتدایە چاوی لێدەکرێ.



# منداڵانی وڵاتی ئێمە، کەرەسەی یارییان مین و پەتی سێدارەیە!



**کوێستان فتوحی**

چ کارەساتە منالان یاری بە کەرەسەکانی مەرگ دەکەن، ئەگەر لە ئەمریکا و ئورووپا و تەنانەت گوندێکی جوانڕۆ و مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێ! چ کارەساتە گەورە دەسەڵاتدارەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بیر لە دواڕۆژی ئەوان ناکەنەوە و بە ناوی دوور خستنەوە لە تاوان، بەناوی پارستنی ئەمنو ئاسایشی وڵات مێژوویەکی پڕ لە تاوان و توندوتیژی بۆ وڵات تۆمار دەکەن!

ئەمڕۆ لەم دنیای بە ناو مۆدێڕنەدا هەموومان شاهیدی ڕووبەڕووبوونەوەی منداڵنین لەگەڵ بیرکردنەوەی شەڕ، کوشتار، ئێعدام و ... کەرەسەکانی یاریی منداڵان وەک فیلم وسیدی و... بەشێوەی جۆراوجۆر لەبەر دەستی منداڵاندان. ئەزموون نیشانی داوە فیلمی شەڕ پێش هەموو شتێ کاریگەری مەنفیی لەسەر کاسایەتی منداڵ دادەنێ. بەرهەمهێنەرانی کەرەسەکانی یاریی و فیلمە جەنگییەکان، ڕەنگە تەنیا بیر لە سوودی ماددی خۆیان بکەنەوە، ڕەنگە بیر لەوە نەکەنەوە کە منداڵ ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە و جۆرەها ڕەفتاری توندوتیژی لێفێر دەبێ.

## ئێعدام بەبەرچاوی خەڵک و ئاکامەکانی

لە ماوەی ٣ مانگدا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕووحانییەوە، زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە بەشێکیان بەبەرچاوی خەڵکەوە حوکمەکەیان بەڕێوەچووە. ئەوە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگەی ئێران.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بکا وەک ئێعدام بەبەرچاوی خەڵکەوە، زۆر ئامانجدارانەیە. بەڕواڵەت وا نیشان دەدا کە ئێعدامی تاوانکارێک بەبەرچاوی خەڵکەوە وەک تەمبێ و سزایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی ڕێگای چەوت هەڵدەبژێرن. بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیەوێ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کۆمەڵگەیەکی ترسنۆک و خەساو باربێنێ. ترس و تۆقاندن و هەڕەشە، هەمیشە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێژیمە بووە.

## بەڕێوەبردنی «عەداڵەتی ئیسلامی!»

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە بەبەرچاوی خەڵکەوە حوکمی ئێعدامی تاوانباران بەڕێوە دەبا، بە ئێعدامکردنی «تاوانبار» بەبەرچاوی خەڵکەوە بە ڕواڵەت بەو مەبەستە ئەنجامی دەدا کە خەڵک دەرسو عیبرەت لە ژیان و مەرگی ئەو ئینسانانە وەر بگرن و نەچن بەلای خراپەکارییەوە. بەڵام ئایا ئەم کردوەیە چەندە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی تاوان لە کۆمەڵگەدا؟!

بەم پێیە دەبوو ساڵ لە دوای ساڵ تاوانە کۆمەڵایەتییەکان کەم بنەوە، بەڵام دەبینین نەک تەنیا نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی تاوان لە ئێران، بەڵکوو کاریگەریی زۆر خراپیشی لەسەر ڕەفتار و کرداری مرۆڤەکان داناوە. کۆمەڵگەیەکی تووڕە، بێهیواو پڕ لە توندوتیژیو تاوانی بەرهەم هێناوە.

گیان لێسەندن و شکاندنی کەرامەتی ئینسانەکان بە ناوی سزا (بەبەرچاوی خەڵکەوە)، بە (تاوانبار و بێتاوانەوە) نەک ئاسایی نیە، بەڵکوو جۆرێکی دیکەیە لە تاوان دژی مرۆڤایەتی. هەر ئەوەی ڕاپۆرت و هەواڵەکان لە سەر ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوان لە ئێران پێمان دەڵێن کە تاوان و توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕۆژ بەڕۆژ لە زیاد بوون دایە. ڕۆژانە هەموو شاهیدن پۆل پۆل لاوان بە تاوانی جۆراوجۆر لە شارەکانی ئێران بەبەرچاوی خەڵکەوە ئێعدام دەکرێن.

پێویستە بگوترێ (ئێعدامە سیاسییەکان جیاوازن لەوانە).

## لە ئێران منداڵان یەکتر ئێعدام دەکەن!



لەم وەرزی پاییزەدا لەماوەیەکی زەمەنی کەمدا دوو ڕووداوی دڵتەزین لە ئێران ڕوویان دا. ئەوەیش مردنی دوو منداڵ بەهۆی لاسایی کردنەوەی سەحنەی ئێعدام بووە.

مێهرانی یوسفی تەمەن ٨ ساڵە لە جوانڕۆ دوای ئەوەی ئێعدامی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕەئوف مستەفایی دەبینێ، ڕۆژی ١٧ی خەزەڵوەر لە ئاوایی «کلاش لولم»ی سەر بە شاری جوانڕۆ لە کاتی یاریی کردن، بە پەت (تەناف)ەوە خۆی هەڵدەواسێ و دووبارەکردنەوەی ئەو سەحنەیەی دیتوویەتی، بەبەرچاوی هاوڕێکانییەوە گیانی لەدەست دەدا. زۆر لەم ڕووداوە دڵتەزێنە تێناپەڕێ کە منداڵێکی دیکەی ٧ ساڵە بە ناوی محەممەد ئاشووبی لە ئاوایی فیشوور لە پارێزگای فارس لە کاتێکدا ماشێنی یارییەکەی دەکاتە کورسی و پەتێک هەڵدەواسێ و دەیکاتە ملی خۆی و دەچێتە سەر ماشێنە منداڵانەکەی و ماشێنەکە لەبن لاقی دەخزێ و ئەویش بە هەمانشێوە گیان لەدەست دەدا. محەممەدییش پێشتر بۆ بینینی ئێعدامی دەوڵەتی، لەگەڵ بنەماڵەکەی بەشداریی کردبوو.

بێگومان لە بەڕێوەچوونی حوکمی هەر ئێعدامێک بەبەرچاوی خەڵکەوە، کەسانێک لەتەمەنی خوار ١٨ ساڵ حوزووریان هەیە و چاو لە گیان لێسەندنی ئەو ئینسانانە دەکەن کە بەقسەی بەڕێوەبەرانی سزادەر تاوانبارن. گەورەکانی بنەماڵە ئەوانەی حەزیان لە دیتنی گیانسەندنی ئەو ئینسانانەیە کە گۆیا تاوانبارن، ڕەنگە زۆریش ئاگایانە و باوەڕمەندانە، منداڵاکانیان بەرن بۆ دیتنی ئەو سەحنە ترسناکانە! ئەوان بۆئەوە مندالەکانیان دەبەن تاکوو لە ئێستاوە دەرس لەژیانی ئەوانە وەرگرن و هەرگیز بەلای کاری خیلاف و تاوانکارییەوە نەچن و چارەنووسی ئەوانە نەبێ بەنسیبیان! بێئاگا لەوەی دیتنی ئەو سەحنانە چ کاریگەرییەکی مەنفی لە سەر بیر و زینی ئەو منداڵانەدا دەبێ و دەمێنێتەوە. ئەوان پێش هەموو

ل ٩

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنەوە بووە بە خاوەن ئەم دەسەڵاتە کە ئێستا هەمووان بەدەستیەوە دەناڵێنن.
ئیخوانەکان لە وڵاتی میسر بەهەمان شێوازی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراسیی سیاسی دەسەڵاتیان گرتە دەست و کەوتنە گیانی جیابیران و تا دوایی.

ئێقباڵ سەفەری

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەڕێوەبردنی سزا نامرۆڤانەکانی وەک ئێعدام و قامچیکاری و بڕینەوەی پەنجە و.... بەناوی بەڕێوەبردنی «عەداڵەتی ئیسلامی!» بەبەرچاوی خەڵکەوە، ڕاستەوخۆ فەرهەنگی توندوتیژی و زیادبوونی رق و کینە و تاوان لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا پەرە پێداوە

کوێستان فتوحی

# پرۆسەی دێموکراسی، ئازادیی بێ قەیدو شەرتو چەند ڕوونکردەوەیەکی کرداری!



ئێقباڵ سەفەری

پێشەکی:

دێموکراسیش وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی سیاسی – کۆمەڵایەتی، خاوەن کۆمەڵێک بەربەستە کە ناکرێ و ناتوانین ڕەها یان بێ قەید و شەرت شرۆڤەی بکەین. بە واتایەکی دیکە هیچ کۆمەڵگەیەک لەم دنیا پان و بەرینە نابینینەوە کە دێموکراسیی ڕەهای هەبێ یان بەربەست و قەید و شەرتی نەبێ. دێموکراسی نە دروشمی سەر تریبونەکانە و نە گوتار و وتاری ڕۆژنامە و تێڤی و دونیای مەجازی. بەڵکو کردارێکە کە لە کردەوەدا بوونی خۆی دەسەلمێنێ. بۆ ئەوەی بتوانین دێموکراسی وەک پرۆسەیەک شرۆڤە بکەین و ئاکامێکی دیار و ڕوونی لێ نیشان بدەین، کۆمەڵێک بواری جۆراوجۆر کە پێوەندیان بە پرۆسەی دێموکراسی، بەربەستەکان و لاوازیەکانیەوە هەیە ، دەکەینە نێوەرۆکی ئەم وتارە.

## دێموکراسی و ڕۆڵی هیۆمانیزم و فەلسەفە فکرییەکان:

هیۆمانیزم وەک فەلسەفەیەکی مرۆڤ مێحوەر کە لەسەر سێ کۆڵەکەی بنەڕەتیی دێموکراسیخوازی: واتە ئازادی، ئاسوودەیی (رفاه) و یەکسانی (برابری) بێچمی گرتوە، دەبێ وڵامی چەندین پرسیارمان بداتەوە.

ئازادی کردارە یان ئارمان؟

ئەگەرئازادی ئارمانە کە هەیە و گومانیشی لێ ناکرێ، ئەوکات ئارمانێکی ڕێژەییە و هیچکات ناتوانێ موتڵەق بێ. کە وابێ ئازادی بێ قەید و شەرت نە ئێستا و نە هیچکاتێکی دیکە دەستەبەر نابێ. ئەمەش حوکمی مێژوویی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتییە و سەلمێندراوە.

ئاسوودەییش وەک ئازادی، ئارمانیە و ناکرێ نە ئێستاو نە هیچ کاتێکی دیکەش بێ قەیدوشەرت مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. کاتێک باس لەئاسوودەیی دەکەین، یەکەم بابەت کە بەرەوڕووی دەبینەوە، ئاسوودەیی ژیانی ئابووری و کۆمەڵاتییە. بەواتایەکی دیکە تاکو ئاسوودەیی ئابووریو کۆمەڵایەتی بۆ هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ دەستەبەر نەکرێ، ئاسوودەییش وەک ئازادی، بە ئارمانی دەمێنێتەوە.

کە باسی یەکسانی دێتە ئاراوە، دیسان لەگەڵ بابەتێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە ناکرێ بەجیا لە دوو کۆڵەکەکەی دیکەی هیۆمانیسم شرۆڤەیان بکەین. چونکە یەکسانییش وەک ئاوات و ئارزوو خواستی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی سەر گۆی زەوییە. ئەمەش لە ئارمانی بوونی نیزیکە تا کرداری. بەو حاڵەش تا ئێستا هیچکام لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا کە دێموکراسییش بە شیوەیەکی بەرچاو لە وڵاتەکەیان پەرەی سەندوە، نەیانتوانیوە٤٠٪ ی ئەو ئارمان و ئامانجانە بەدی بێنن.

ئەوەی نابێ لەبیرمان بچێ دیاردەی فێمینیسمەکە وەک پرۆسەیەکی نوێ و بەشێکی گرینگ لە خۆاستی یەکسانیخوازی نێوان ڕەگەزەکان، بۆتە یەکێک لە پرسە هەنووکەیەکانی کۆمەڵگای ئەمرۆ. مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو و نەمانی جیاوازی لە نێوان ئەم دوورەگەزە بە هەموو ڕەهەندەکانی ئابوری، مافی وەک یەک لە هەڵبژێران و هەڵبژاردن، کار لەماڵ و دەرەوەی ماڵ، مووچەی وەک یەک و هەتا دوایی، یەکێک لە کێشەکانی پرۆسەی دێموکراسییە. ئەوەی ڕوونە ئەم بەشە واتە فێمینیسم ئارمانی نییە و کردارییە. تاکوو بەرابەریی نێوان ژن و پیاو نەبێتە کرداری ڕۆژانەی مرۆڤەکان و دەسەڵاتداران. دێموکراسییش بێجگە لە وشە و درۆشمیکی بریقەدار، مانایەکی دیکە نابەخشێ.

کەوابێ، کەنگێ ئارمانەکانی ئازادی، ئاسوودەیی و یەکسانی دەبنە کردار وئاسوودەیی و ئوقرەیی باڵ بەسەر ژیانی هەموو مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی دا دەکێشێ، پرسیارێکە کە وڵامەکەی لای ئومانیسم و هیچکام لە فەلسەفە فیکرییەکانی دیکە نییە و پرۆسەی دێموکراسییش ناتوانێ وەدیان بێنێ.

ئەم ڕوانگەیە بەمانای نائۆمێدی یان وەستان بەدژی ئەو ئارمانانە نییە و مەبەست ئەوەیە کە دوو ڕەهەندی ئارمانی و کرداری لێک جیا بکرێنەوە.

فەلسەفە فکرییەکانی کۆمونیسم و سۆسیالیسمیش وەک فەلسەفەی فیکری کۆمەڵ میحوەر، لەباری تیئۆریەوە لای لە ژیانی سیاسی- ئابووریی کۆمەڵگا کردۆتەوە و هەنگاوی بەکردەوەشی هەڵگرتوە. بەڵام ڕوانگەی ئەم فەلسەفانە لەسەر پرۆسەی سیاسی لە دێموکراسی، گەلێک جیاوازیی پێوە دیارە.

لەو فەلسەفە فیکرییەدا چینی کرێکار زۆرینەی دەنگدەرانی هەر کۆمەڵگایەک پێکدێنێ و ئەم چینەش حیزبی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر لەم ڕوانگەشەوە دەڕوانێتە ئازادی و دێموکراسیی سیاسییەوە. لەو ڕوانگەوە چینی کرێکار وەک زۆرینەی دەنگدەرانی کۆمەڵگا کە لە پرۆسەیەکی سیاسی و بەهەڵبژاردن دەگاتە دەسەڵات، ئەوە بە ئەسڵی دێموکراسی دەزانێ و خۆیشی بە دێموکرات. داوەریکردن لەم پێوەندییەدا با بۆ ئەوانە بهێڵینەوە کە بڕوایان بەم جۆرە دێموکراسییە هەیە! بەڵام ئەوەی لە کردەوەدا خۆی دەرخستوە، شرۆڤەکردنی دێموکراسی بەم پێوەرە، لەگەڵ ڕۆحی دێموکراسی بێگانەیە. چۆنکە دێموکراسی وەک پرۆسەیەکی بەربڵاو، تەنیا هەڵبژاردن و هەڵبژێران نییە و پانتایەکەی زۆر بەربڵاوتری هەیە کە لەم بەشەی خوارەوە شیکردەوەیان بۆ دەکرێ.

لەم بەشەی سەرەوە چەند ئاماژەیەکمان بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی فەلسەفە فیکریەکان لەگەڵ دیموکراسی کرد، بەڵام لەو فەلسەفەکانی دیکە وینەمان نەهیناوەتەوە. بەتایبەت لە لیبرالیسم و لیبرالیسمی نوێ. چونکە هەم لیبرالیسم و هەم لیبرالسیمی نوێ، دیدگایەکی تاک میحوەر و نۆخبە گەرایان لەم پێوەندیەدا هەیە و لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەوە تاکەکانن کە دەتوانن مێحوەر بن، نەگ کۆ یا کۆمەڵگا. ئەمەش خۆی لە خۆی دا، لەگەڵ بنەما سەرتاییەکانی دیموکراسی و پرۆسەی دێموکراسی ناتەبا و بێگانەیە و بەکردەوەش دەرکەوتوە کە هێزی پشتیوانی ئەم فەلسەفە فێکریە مۆنوپۆڵەکان، کارتێڵەکان و خاوەن مەنسەفەکانن، نەگ جەماوەر. بۆیە باس کردن لەسەر ئازادی، ئاسایش و یەکسانی لەم فەلسەفە فیکریانەدا، هەمان کۆکردنەوەی سەرمایە و جیگۆرکی پێکردنیانە.

## پانتایی پرۆسەی دێموکراسی و ڕەهەندەکانی:

### ئەلف- دێموکراسیی سیاسی:

مافی ئازادی هەڵبژاردن و هەڵبژێران، مافەکانی تاک و کۆمەڵ، مافی بەشداری یان موشارکەت، مافی میتینگ و خۆپێشاندان، ڕێزدانان بۆ بیروڕای جیاواز و ڕادەربڕین، بوونی حیزب و ڕێکخرای سیاسی. هەموو ئەمانەی کە لەسەرەوە باسیان کرا، یاساچوارچێوەیان بۆ دیاری دەکا. کە وابێ بێ قەید و شەرت شرۆڤە کردنیان دورە لە ڕاستی کرداریەوە.

### ب- دێموکراسیی ئابووری:

کۆمەک هەزینەی ژیانی نێوەنجی» سۆسیال»، دابەشکردنی داهاتی سەرانەی وڵات» ب ن پ» بە بێ جیاوازی، پێشگرتن لە جیاوازی بەرچاوی چینایەتی لە ڕێگای ماڵیاتەوە، کاری وەک یەک و مووچەی وەک یەک، و هتد.دیسان یاسا و چوارچێوەکانی.

### ت- دێموکراسیی کۆمەڵایەتی:

بیمەی نەخۆشی، بیمەی داودەرمان، بیمەی بێکاری، بیمەی پەککەوتوویی، بیمەی خانەنشینی، ڕەخساندنی زەمینەی کار و شۆغڵ، خوێندنی بەخۆڕایی لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تاکو دواپلە، .. . ، هەمتر یاسا.

### ج- دێموکراسیی جەماوەری:

ڕێفراندۆم، تۆمار کۆکردنەوە، مانگرتنی گشتی و بەرهەڵەستکارانە، چوونە ناو پەیمانێک یا بەرەیەکی ناودەوڵەتی یان نیونەتەوەیی، گۆڕین یان دانانی یاسای بنەڕەتی وڵات و هتد. هەر یاسا.

### چ- دێموکراسی کەلەپۆری – کولتۆری:

پارێزگاری لە کۆنەوار و شوینەوارە مێژوویەکان، داب و نەریتەکان، فۆلکلور و سەرچاوەکانی، دەسکەوتە هۆنەریەکان بە هەموو شیوازەکانیەوە، پاراستنی زاراوە و بنزاراوەکان لە فەوتان، و ... .یاسا و یاسا.

### ح- یموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی:

مافی هەبوونی سندیکاکانی کرێکاری و تا دوایی، ئین جی ئو یان ڕێکخراوەکانی دیفا لە مافەکانی مرۆڤ، منداڵ پارێزی، ژینگە پارێزی، ئاژەڵ پارێزی، زندانیان بەگشتی، کەمە نەتەوەیی و ئایینیەکان و هتد.یاسا بەدوای یاسادا.

### خ- دێموکراسی و دەسەڵاتی چارم «ڕاگەیەن گشتیەکان»:

ڕۆژنامە،حەوتوونامە، مانگنامە، ساڵنامە، گۆڤارەکانی جۆراوجۆر، تەنزنامە و متافۆریک، کاریکاتۆر و فیگۆر، شانوکاری، فیلم و دڕاما، ڕادیو، تێڤێ یا دەنگ و ڕەنگ، ئینتێرنێت و فەزای مەجازی و تا دوایی. هەمتریش یاسا.

### د: دێموکراسی تەوافوقی:

پلۆرالیسمی سیاسی، دێسانترالیسمی ئیداری، دیسانترالیسمی جۆغرافیایی، فیدرالیسمی ئیداری، فیدرالیسمی میللی جۆغرافی، کۆنفیدرالیسم. یاسایە و یاسا.

### س- دێموکراسی و بەربەست و لەمپەرەکانی سەر ڕێگای:

یاسا، ئیدئۆلۆژی بە هەموو جۆرەکانیەوە، دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی،دەسەڵاتی سەرەڕۆ، هێزەکانی پارێزەری دەسەڵاتی سەرەڕۆ، نەبوونی فەرهەنگی پەروەردە لە بنەماڵە، قۆتابخانە، خوێندنگا و کۆمەڵگا، سوننەتەکان و یاسا نەنووسراوەکان،دیسان یاسا.

### ش- دێموکراسی و لاوازیەکانی:

یەکەم لاوازی لەبەردەم هەموو ڕەهەندەکانی پرۆسەی دێموکراسی، هەر دێموکراسی بۆ خۆیەتی. لە هەموو ڕەهەندەکانی دێموکراسی کە لە سەرەوە باسیان کراوە، ئاماژە بە شتێک وەک یاسا کراوە. واتە دەست بۆ هەرکام لەو ڕەهەندانە بەرین، ڕووبەڕووی ئەسڵ، مادە، بەند، پاراگراف یان تێبینیی یاسایی دەبینەوە کە پڕە لە چوارچێوە. ئەو یاسایەش لە پرۆسەیەکی دێموکراسیی سیاسی و لە ڕێفراندۆم دا دەنگی پێ دراوە. واتە لە ڕێگای جەماوەرەوە لە دێموکراسی جەماوەریدا ئەو پرۆژە یاسا دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانی کۆمەڵگای هێناوەتەوە. ئەم وتارە کاری بەوەوە نییە کە ئەو کۆمەڵگایە چەندە ئازاد بووە کە دەنگی بەو پرۆژە یاسایە داوە، یان ئەو گۆمەڵگا و دەنگدەرەکانی لە باری کۆمەڵایەتییەوە چەندە پێشکەوتوون. بەڵام لەهەمان کاتدا دەبێ باسی ئەوە بکەین کە زۆرینەی دەنگدەران دەنگی ئەرێنیان پێ داوە و ئەمەش بەشێکە لەو مافە کە پرۆسەی دێموکراسیی سیاسی و جەماوەری بە دەنگدەرانی ئەو کۆمەڵگایەی داوە.

لاوازیی دیکەی دێموکراسی ئەوەیە کە ناتوانی بەربەست بۆ هەڵاتنی سەرمایە لە وڵاتیکەوە بۆ وڵاتی دیکە دابنێ. ئەگەر بە حوکمی خودی ئازادیی ڕێژەییش بێ نەک ئازادیی بێ قەید و شەرت، سەرمایەدار دەتوانێ لە وڵاتێکەوە کە حەقی کار و ماڵیاتی زۆر لەسەرەوەیە، سامانەکەی بگوازێتەوە بۆ وڵاتێک کە هەم حەقی کار کەمەو هەم ڕێژەی ماڵیات لە خوارەوەیە. هەرئێستا ئەو ڕەوتە لە هەموو وڵاتانی ئوروپایی، ئامریکا و ژاپون کە دێموکراسییش تێیاندا شکڵی گرتوە بەردەوامە و کەسیش ناتوانێ پێشیان پێ بگرێ. ئەمەش بە حوکمی هەمان دێموکراسی کە باسی وتارەکەمانە، مافێکی پەسەند کراوە و بەشێکیشە لە ئازادی، چ ئارمانی بێ یان ڕێژەیی و بێ قەید و شەرت. ئەگەر لەم پێوەندییانە دا کە لەسەر لاوازییەکانی دێموکراسی هاتوونەتە ئاراوە بە جۆرێکی دیکە بجووڵێینەوە، ئەوجار هەر بە حوکمی دێموکراسی دەکەوینە خانەی بەسەردا سەپاندنەوە و ئەمەش وەک شێوازێکی دیکتاتۆریانە دێتە ئەژمار.

### ئاکامگیری:

هەموو ئەوانەی شارەزای مێژووی وڵاتی ئاڵمانن دەزانن کە ئادوڵف هیتلر، لە پرۆسەیەکی دێموکراسیی سیاسی و بە هەڵبژاردن گەیشتە دەسەڵات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنەوە بووە بە خاوەن ئەم دەسەڵاتە کە ئێستا هەمووان بەدەستیەوە دەناڵێنن.

ئیخوانەکان لە وڵاتی میسر بەهەمان شێوازی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراسیی سیاسی دەسەڵاتیان گرتە دەست و کەوتنە گیانی جیابیران و تا دوایی.

لە هەمووی ئەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە ئێستا لە سێوەر و پەنای دێموکراسی و ئازادی مەرجداریشەوە و بەو هەموو بەربەستە یاساییشەوە کە بەربینگی پێ دەگرێ، نەک بێ قەید و شەرتەکەی!، ڕەگەزپەرستەکانی ئوروپایی حیزب و ڕێکخراوی یاساییان هەیە و هیچ نەبێ لە بەشێک لە وڵاتە هەرە دێموکراتەکان، تا ٣٥ کورسیی پارلمانییان وەدەست هێناوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە یاسایەک لە بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی ئوروپاییدا هەیە کە ئەم بەربەستەی خۆارەوەشی بۆ پێشگیری لە پلۆرالیسمی سیاسی و پارلمانی داناوە و دەڵێ:

«هەر حیزب یان جەریانی سیاسی کە بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلمانی دا دەکا، ئەگەر ڕادەی دەنگەکانی کەمتر لە چوار لەسەدی ٤٪، دەنگدەرانی گشتیی هەڵبژاردنەکە بێ، ناتوانێ نوێنەر بنێرێتە پارلمان».

ئەم بەربەستە یاساییە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، پارێزگاکان یا پارلمانیش هەیە، بە بێ جیاوازی. کەمتر کەسیکیش هەیە نەزانێ کە فەلسەفەی فیکری نژادپەرستەکان، هەمان فەلسەفەی نازیسم و فاشیسمە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی تووشی وەیشوومەی شەڕی جیهانیی دووهەم کردەوە و بێجگە لە کوژرانی بە ملیونان مرۆڤ، تراژیدیای ژینگەی و بەکار هینانی چەکی ناوکییشی لێ کەوتەوە.

کێ دەزانێ هەمان بیرۆکەی فاشیسم و نازیسم لەگەڵ ئیسلامی سیاسی، لەڕێگای دێموکراسیی سیاسی و جەماوەرییەوە، ناگەنە دەسەڵاتێک کە دیسان هەمان تراژێدیای تاقیکراوەی ڕابردووی لێ نەکەوێتەوە.

ئەگەر ئەم وێنانە کە لە ئاکامگیریی سەرەوە دا باسیان کرا بە بەشێک لە دیموکراسیی سیاسی و ئازادیی مەرجدار دابنێین، کە هەر وایشە، داخۆ بێ قەید و شەرتەکەی بە چ نۆسخەیەکی نۆستالژی پێچرابێتەوە کە بمانگەیەنێتە لوتکەی ئارمانی ئازادی!

درێژەی:

# منداڵانی وڵاتی ئێمە، کەرەسەی یارییان مین و پەتی سێدارەیە!

شتێ گیانسەندنی ئینسانەکان بەلایانەوە ئاسایی دەبێ کە ئەمە بۆخۆی لەباری زانستی کۆمەڵناسییەوە کارەساتە بۆ کۆمەڵگەیەک کە گیانسەندنی ئینسانی بەلاوە ئاسایی بێ، کوشتنی هەر مرۆڤێک تەنانەت ئەگەر تاوانباریش بێت، لێسەندنەوەی ژیانە لە ئینسانێک، ئەمەش جۆرێکە لە تاوان. پاشان هەستی سزا و تۆڵەسەندنەوە لە ناخی ئەو منداڵەدا ڕیشە دادەکوتێ و پێی وایە هەرکەس کارێکی کرد و بە دڵی ئەو نەبوو دەبێ سزا بدرێ. بە دیتنی سەحنەی ترسناک و توندوتیژئامێز لەسەر مرۆڤێک کە کەسایەتیی نەک هەر لەباری جیسمییەوە بەڵکوو لەباری رووحییشەوە، لەحاڵی داڕشتن و پێگەیشتووی دایە، مەترسیدارە و ئەو کەسە لە داهاتوودا دەکاتە مرۆڤێکی ترسنۆک، تووڕە و توندوتیژ.

ڕاستە بە ڕواڵەت کەسێکی تاوانکار لە کۆمەڵگەدا دەسڕدرێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانەی کە بۆ دیتنی ئەو دیمەنانە دەچن لە داهاتوودا زۆریان دەبنە تاوانکارێکی دیکەی کۆمەڵگە. چونکە ئەوانە هەر ئەوە لە بیرو زەینیاندا دەمێنێتەوە کە دەیبینن و دواتر بە شێوەیەکی دیکە بەرهەمی دێننەوە. بەتایبەتی منداڵان کە بیروزەینیان زۆر ئامادەترە بۆ وەرگرتنی هەر ڕووداو و ڕەسمێک. ئەوان لە داهاتوودا ئەوانە بەرهەمدێننەوە کە کەسایەتییان لەسەری شکڵی گرتوە و بینیویانە و فێربوون.

هێندێک کەس کە بەردەوام بۆ دیتنی ئەو جۆرە سەحنەنانە دەچن، پاش ماوەیەک ئەوندە بەلایاوە ئاسایی دەبێ، کە چێژ لە ئێعدامی ئینسانەکان وەردەگرن. دووبارەبوونەوەی ئەو دیمانانە یارمەتی ئەو ئینسانانە دەدا کە ڕەفتارە توندوتیژئامێزەکانیان دەرخەن، ئەمەش بوار بۆ جینایەت و تاوان زیاتر خۆش دەبێ.

سەرەڕای ئەو هەموو ئاگادار کردنەوانە لە مەترسییەکانی ئێعدام بەبەرچاوی خەڵکەوە، ئەو ڕێژیمە بە سەلیقەی قازییەک کە هەرگیز مانای حورمەت و کەرامەتی ئینسانیی نازانێ، بەردەوام ئەم کردەوەیە دووبارە دەکاتەوە. بەداخەوە خەڵکانێک کە کەمیش نین بە خواستی خۆیان بۆ دیتنی ڕووداوەکە دەچن و هێندێکیان وەک دەبینین منداڵانیش لەگەڵ خۆیان دەبەن. منداڵ نەگەیشتۆتە دەورانی پێگەیشتوویی فکری، کە جیاوازی ڕاستییەکان و خەون خەیاڵ جیا بکاتەوە. ڕووداوی گیان لە دەست دانی ئەو دوومنداڵە دروست ئەوە دەردەخەن کە مەترسیدارترین ڕووداوی ڕاستەقینەیان وەک یارییەکی منداڵانە هەڵبژاردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەڕێوەبردنی سزا نامرۆڤانەکانی وەک ئێعدام و قامچیکاری و بڕینەوەی پەنجە و.... بەناوی بەڕێوەبردنی «عەداڵەتی ئیسلامی!» بەبەرچاوی خەڵکەوە، ڕاستەوخۆ فەرهەنگی توندوتیژی و زیادبوونی رق و کینە و تاوان لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا پەرە پێداوە. بە یاسا و ڕێسا و کردەوە نامرۆڤانەکانی زۆر زیاتر توندوتیژی و سووکایەتی بە گیان و کەرامەتی ئینسانی لە کۆمەڵگەدا نەهادینە کردوە. هەر ئەوەی خەڵک ڕاتیک و ڕوونی بەتانی دەستە دەستە دەچن بۆ سەیر کردنی گیان لێسەندنی ئینسانەکان و کەسانێکیش چێژ لەم دیمەنانە دەبینن، ئەوە ئەو کەلتوورەیە کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە سێ دەیەیە کاری بۆ دەکا و هەوڵی جێگیر کردنی دەدا کە بەداخەوە تێشیدا سەرکەوتوو بووە.

پێویستە دەروونناسان، چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو کەس و لایەنانەی کاری فەرهەنگی و زانستی و لێکۆڵینەوە دەکەن وشیارکردنەوەی کۆمەڵ بە ئەرکی خۆیان دەزانن، لانی کەم بە دژی پەرەپێدانی ئەو فەرهەنگە نائینسانییە بوەستنەوە و لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە کاریگەرییە مەنفییەکانی ئێعدام و توندوتیژییە سیستماتیکییەکانی ڕێژیم، غافڵ نەبن. بەتایبەتی مەترسیداربوونی دیتنی ئەو سەحنانە بۆ منداڵ، بۆ خەڵک شی بکەنەوە.

مردنی ئەو دوو منداڵە نەک تەنیا بۆ ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ دیتنی ئەو سەحنە ترسناکانە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی زەنگێکی مەترسیدارە. ئەوانەی بۆ دینتی ئێعدامەکان دەچن پێویستە بە خۆیاندا بێنەوە و چی دیکە فریوی سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی کە بە هەرەشەو کوشت و کوشتار و ئێعدام و جینایەت، خۆی بەسەر خەڵکانی ئێراندا سەپاندوە، نەخۆن. پێویستە لە نێوان ئامانجی بنەماڵەو مەترسیدابوونی دیتنی ئەو جۆرە سەحنانە سنوورێک دابنرێ. ڕاستە بنەماڵە ئەرکیەتی ڕێگای چەوت بۆ منداڵ شی بکاتەوە و ڕێگای دروستی پێ نیشان بدا، نەک بە ترسو تۆقاندن و بەوشێوەیەی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە هەرگیز ڕێزی مرۆڤایەتی نازانێ دەیەوێ.

کوردستان
١٠
ژمارە: ٦٢٠
٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢
٢٠ نوامبری٢٠١٣
هزر

## داوای ٢٥ ڕێکخراوی مەدەنیی نێودەوڵەتی بۆ پەسندکردنی بڕیارنامەیەک لەدژی ئێران

٢٥ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ناحکومی داوایان کردوە بڕیارنامەیەک لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران پەسند بکرێ.
لە حاڵێکدا وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان خەریکن بۆ دەنگدان لەسەر بڕیارنامەی شێست و هەشتەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران کۆ دەبنەوە، ٢٥ ڕێکخراوی مەدەنیی ناحکومی نامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردۆتەوەو لەم نامەیەدا داوایان لە وڵاتانی ئەندام کردوە کە دەنگی بەڵێ بەم بڕیارنامەیە بدەنو کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران مەحکووم بکەن. لەم نامەیەدا باس لە بەردەوامیی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران کراوە کە سیستماتیک لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بەڕێوە دەچێو وەک نموونەش ئاماژە بە هاوکاری نەکردنی ئێرانو خۆ ڕێکنەخستنی لەگەڵ میکانیزمەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو هەروەها، بەربەست پێکهێنان لەسەر ڕێگەی سەفەر کردنی هەواڵنێری تایبەتی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ ئێرانو، درێژەی سەرکوتکردنی هەواڵنێران و بەرز بوونەوەی ژمارەی ئێعدامەکان کراوە.

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

## (٦-٧)

ن: پاڵ ستراتێرن

و:مادح ئەحمەدی




بەم پێیە جێ سەیر نییە کە لەم سەردەمەدا میل کاریگەرترین کتێبی لەمەڕ فەلسەفەی سیاسی، واتە « لەبارەی ئازادییەوە» بڵاو کردەوە. میل لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ کە لەسەر پرسی فەلسەفیی ئیرادەی ئازاد یان جەبر و ئیختیار ناڕوا، بەڵکو بایەخی داوە بە «ناوەڕۆک و چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە کۆمەڵگە دەتوانێ بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر تاکدا پراکتیزەی بکا.» لە درێژەدا دەڵێ: «ململانێ لە نێوان ئازادی و ئۆتۆریتەدا زەقترین تایبەتمەندیی چەند بەشێکی مێژووە کە هەر لە کۆنەوە دەیناسین» و هەروەها دەیسەلمێنێ کە ئەمە هێشتاش» سەرەکیترین تایبەتمەندی»ی دنیای ئەمڕۆیە ـ هەرچەند زیاتر لە ئەورووپا وا بووە تاکو لە بەریتانیا کە «لە سۆنگەی بارودۆخی تایبەتی مێژووی سیاسیی ئێمەوە... کێشەیەکی زۆر لە سەر دەستوەردانی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی یاسادانان یان جێبەجێکردن لە کایەی تایبەتدا بەدی دەکرێ». ئەمەش «لەبەر ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی تاک نییە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەو نەریتەیە کە ئێستاش هەر ماوە و وەک بابەتێکی جیا لە خەڵک، سەیری حکوومەت دەکا.» لەم سۆنگەیەوە «زۆربەی خەڵک هێشتا لەسەر ئەوە ڕانەهاتوون کە دەسەڵاتی حکوومەت بە دەسەڵاتی خۆیان، یان بۆچوونەکانی بە بۆچوونی خۆیان بزانن.»

میل پێی وایە کە تەنیا «پرەنسیپێکی زۆر سادە» هەیە کە دەبێ «بەسەر پێوەندیی نێوان کۆمەڵگە و تاکدا، لەڕووی کۆنترۆڵ و ناچارییەوە، زاڵ بێ.» و ئەوەش ئەوەیە کە «تەنیا ئامانجێک کە مرۆڤ بۆی هەیە، چ تاک یان بە گرووپ، ڕێی لە ئازادژیانی تاکێک بگرێ، پاراستنی خودە.» ئەوەی کە «دەڵێین مرۆڤگەل دەبێ بۆ دابینکردنی ئاسایشی ژینگەکەمان واتە زەوی کۆوەبن» تاکە قسەیەکی ڕەوایە ـ هەرچەند ئەوەشی زیاد کردووە کە کۆمەڵگە دەبێ «پێداویستیگەلی خۆشبژی» بۆ هاووڵاتیانی دابین بکا. میل بە دوای دەوڵەتێکی سوودگەرای ئایدیالەوە بوو. ئەمەش زۆر لە سەرووی یۆتۆپیاوەیە و هەروەها لێکچوونێکی ڕێژەیی زۆر زیاتری لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆ لە زۆربەی بەشگەلی جیهانی ئازاددا هەیە (هەرچەند بەتەواوی پێشبینیی ئەوەشی تێدا نەکراوە کە وەها کۆمەڵگەیەک چ گرفتێک دەنێتەوە).

دەوڵەتە سوودگەراکەی میل بوارێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وا پێک دێنێ کە تێدا هەر تاکێک بتوانێ بە پێی خواست و بۆچوونی خۆی بژیت. بەم شێوە تاک دەتوانێ وەک مرۆڤێک سەرجەم تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ. لێرەشدا پێ لەسەر خۆپێگەیاندنی پێشکەوتنخوازانە، پەروەردەکردنی بەهاکان و هەروەها بەدواداچوونی ئامانجگەلێک دادەگیرێ کە وا لە تاک دەکەن بتوانێ کەسایەتیی خۆی بڕسکێنێ. (وەک دەیبینین میل باوەڕی بە هەڵاواردنی ڕەگەزی نەبوو: کۆمەڵگەی سوودگەرا بۆ دابینکردنی ڕەزامەندیی هەموو هاووڵاتیانی تێ دەکۆشێ.)

بەم شێوەیە ئازادی لەسەر ئایدیالگەلی سوودگەرا بنیات نراوە. هاووڵاتی و دەوڵەت بە پێی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی» کۆ نابنەوە تاکو لەو سۆنگەیەوە چاو لە هەندێک لە مافگەلی تاکەکەسیی خۆیان بپۆشن بۆ ئەوەی بگەنە مافە کۆمەڵایەتییەکانیان. بەپێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێویستە واز لە هەندێک لە ئازادییەکان بهێنرێ، لە کاتێکدا کە ئایدیالی سوودگەرا پێویستی بە پەروەردەکردنی تایبەت و تاکەسیی ئەو مافانەیە. ئازادی و سوودگەرایی هەر لە سەرەتاوە لێک گرێ دراون. ڕوانگەی بێنتام لەمەڕ ئازادی تەنیا لەڕووی تیۆریکەوە نەبوو. باوەڕی بە ئازادیی تاک وای لێ کردبوو کەوا پێشنیار بکا یاسای قەدەغەکردنی هاوڕەگەزبازی هەڵبوەشێنرێتەوە: سەختە بتوانرێ ئەم خواستەی نێوان دوو کەس پێوەندی بدرێتەوە بە تەندروستیی خۆیان یان کەسێکی دیکەوە. بۆچوونێکی پێشکەوتووانەی وەها لە سەردەمێکدا کە « نێربازەکان» لە سێدارە دەدران، نەدەکرا بەئاشکرا بانگەشەی بۆ بکرێ. ڕای بێنتام لەمەڕ هاوڕەگەزبازی، بەتایبەت بۆ کەسێکی بەرزەمڕی وەک ئەو لە بیرمەندێکی گەورەدا کە قەت ئەزموونی سێکسیی نەبوو ـ ئەو بۆخچەیەک بو هەر نەکرایەوە ـ ئەمەش زۆر شت لەمەڕ کاریگەریی ئازادکەری سوودگەراییەکەی ناوبراو دەردەخا. هەر وەک میل بۆ خۆی بە زمانێکی پاک و گشتی ـ کە ڕەنگە ئیدی لە ڕەبەنێکی هەتایی وەک ناوبراو هەر چاوەڕوان دەکرا ـ گوتی: « هەروەک چۆن پێویستە لە سەردەمی نەڕسکانی مرۆڤایەتیدا بیروباوەڕی جۆراوجۆر هەبن، پێویستە شێوەگەلی جۆراوجۆری ژیانیش تاقی بکرێنەوە.» (لەڕاستیدا لە کۆمەڵگەی سوودگەرای ئێستادا ئەوە خودی داوێنپاکی و خۆپاراستنە کە وەک «ئەزموونی ژیانێکی» نامۆ لە قەڵەم دەدرێ.) بەڵام دواقسە لەمەڕ ئەم چەشنە پارادۆکسانە دەبێ قسەی میل بێ: « ئازادیی تەواوی ڕەتکردنەوە و ئینکاری بیروباوەڕ، ڕاست ئەو ڕەوشەیە کە مافی ئەوەمان پێ دەدا تاکو بزانین بیروباوەڕەکەمان لەپراتیکدا چەندە سەرکەوتووە، بە هیچ شێوەیەکی تر بوونەوەرێکی خاوەن تواناگەلی مرۆڤانی، ناتوانێ لە بەرهەقبوونی خۆی بەشێوەی عەقڵانی خاترجەم بێ.»

وا چاکە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە هەر ئەو نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتیانە کە بوونە سەرچاوەی ئیلهام بۆمیل تاکو ئەم ڕستانە بنووسێ، هاوکات بوونە ئیلهام بۆ مارکسیش تاکو «کاپیتاڵ» بنووسێ. زۆر کەس یاخیبوونە شۆڕشگێڕانەکەی مارکسیان بە لاوە لە بۆچوونە بەرز و شکۆمەندەکانی میل بۆ وەڵامدانەوە بەو هەژارییە تاقەت پڕووکێن و کەلاوەنشینیەی بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا پێ باشتر بوو. بەڵام بەو حاڵەش سەیر لەوەدایە کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەوە هەر بۆچوونەکانی میلن کە لە گوێماندا دەزرینگێنەوە. بۆچوونەکانی کە ئەوکات بەرواڵەت بێ بڕشت بوون، کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایان گەیاندە باری ئێستای و ئەو وڵاتانەی کە تازە لە مۆتەکەی مارکسیزم ڕزگار بوون، وردە وردە دەخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە.

بەڵام ئایا بەڕاست قسەکانی میل ئەوەندە ناکاریگەر بوون؟ لەڕووی تیۆرییەوە لانیکەم ئامۆژگارییەکانی میل ڕاست هەر هێندەی ڕێنوێنییەکانی مارکس دەیانتوانی کار بکەنە سەر ڕەوشی خراپ و شێواوی کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی. میل داکۆکیی لەئازادیی دابینکردنی خواستەکانی تاک دەکرد: مەبەستەکە ئەوە بوو کە بەهرە و وزەی تاک تەواو ئازاد بکرێن و ئەو هەلە بۆ هەمووان بڕەخسێ تاکو پەی بە بەهرەکانیان بەرن. ئازادی بواری بۆ داهێنان و گەشەی داهێنەرانەی بەهرەکان دەکردەوە. بۆیە لە ئەنجامدا دەمانتوانی لەڕووی ئەخلاقی، ڕۆحی و فیکرییەوە گەشە بکەین. ئەو کاتە کۆمەڵگەیەکی باشتر دروست دەبوو کە تێدا دەکرا بە سەر لایەنە ناشیرین و خراپانەدا کە مارکسیان وا تووڕ کردبوو، بە بێ تێکدان و ئاژاوەی توندی شۆڕشگێڕانە، سەرکەوین. جارێکی دیکە وادیارە بوو کە پێشنیارەکانی میل بۆ چارەسەری ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کەوا بەریتانیای سەردەمی ڤیکتۆریا بەدەستیانەوە دەیناڵاند، ئەوەند بەکەڵک و کاریگەر نەبووبێتن. لەهەمانکاتدا ڕەنگە ئەوە بیسەلمێنن کەوا کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لە ماوەی ١٥٠ ساڵی دوای میلدا بەوردی چەندە پێش کەوتووە. کاریگەریی ئازادکەرانەی ئەم جۆرە بۆچوونانە لە سەرەتادا زۆر لە سەرەخۆ بوو، بەڵام لە ماوەی نیو سەدەی دواتردا بەشێوەیەکی بەرچاو خێرا بوون و سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە. «دۆڵەکانی سیلیکۆن» کە ئەمڕۆ□کە لە هەموو جیهانی ڕۆژئاوادا دەبینرێ، نموونەی پڕ بەپێستی وەدیهاتنی ئەو تاکەیە کە میل مەبەستی بوو و ئەمەش چونکە پێوەندیی بە توانای تایبەتی و کار و تێکۆشانەوە هەیە، بێ گومان بە سەر کۆسپەکانی کاتەکییەکاندا زاڵ دەبن.

دەمێنێتەوە سەر شێلگیربوون لەسەر سوودگەرایی لیبراڵی میل. چاکەی گشتی: دابینکردنی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرینەی خەڵک چۆن حیساب دەکەین؟ جارێ وەڵامەکە ئەزموونییە. تێگەیشتن و ئەزموونی باو ڕێنیشاندەر دەبێ. بەڵام تەنانەت ئەمەش بێ کێشە نییە. ئەوەی کە هەر تاکێک ئازادانە بە دوای دابینکردنی ڕەزامەندیی خۆیدا بگەڕێ، هەر بۆ خۆی ڕەزامەندیی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە، کە میلیش بۆخۆی تەواو لەمە ئاگادار بوو. بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە لەڕووی لۆژیکییەوە ناکرێ ڕەزامەندی لە ئاستی کۆمەڵگەدا بپێورێ. هەرچەشنە ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەک لەمەڕ ڕەزامەندیی گشتی، چۆن دەکرێ بڵێ دەزانێ ڕەزامەندیی گشتی کامەیە لەکاتێکدا هەرکەس بەشێوەی تایبەتی خۆی ڕەزامەندی پێناسە دەکا؟ ئایا پێناسە فەردییەکانی ئێمە بۆ ڕەزامەندی، بەکردەکی پێوەندییان بە پێناسەی ڕەزامەندییەوە لە ئاستی کۆمەڵگەدا هەیە؟ بەپێی بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفی لێرەدا وەڵامەکە ڕەنگە نێگەتیڤ بێ. بەڵگەیەکی لۆژیکیی وامان بەدەستەوە نییە تاکو بیسەلمێنین کە بۆچوونگەلی فەردی لەمەڕ ڕەزامەندی هاوبەشن. بەڵام سوودگەراکان دێنە جواب و دەڵێن کە ئەمە بە قەدەر بەڵگەهێنانەوە فەلسەفییەکانی هیوم دوورە لە بابەتەکەوە. ئێمە وەک مرۆڤ خاوەن تایبەتمەندیگەلی هاوبەشی مرۆڤانین و ئەمەش ئەوەندە گشتگیرە کە دەتوانێ بوار بۆ پێکهێنانی ڕێککەوتنێکی فراوان خۆش بکا.

ئەمە لەو بەڵگەهێنانەوانەیە کە دەڵێ: «دەزانی کە مانای هەیە». بەکردەکش لیبرالیزمی دیموکراتیکی مۆدێرن ـ کە تا سەر ئێسقان بۆ خۆی سوودگەرایە ـ لەڕاستیدا هەر ئەمە دەکا. ئابووریناسان فاکتەرێکی گشتیی «هەستی خۆش» دەپێون کە زیاتر لەسەر بنەمای نرخ و بڕی تێچووی بەکارهێنەرە. بەڵام دواجار ئەوە هەر ئابوورییە کە خەریکە بەپێی پێوەرەکانی خۆی، بۆ مەبەستەکانی و بۆ خێر و قازانجی خۆی دەیپێوێ (لێکی دەداتەوە). نیشانەیەک لە ڕەزامەندیی گشتی لە کۆمەڵگەدا دەردەخا، بەڵام بەختەوەریی پراتیکی ناپێوێ. ئەمەش بابەتێکی ترە و بێ گومان یەکسان نییە بەو پارەیەی کە ئێمە خەرجی دەکەین: پێوەندییەکی زەرووری لە نێوان ئەم دووانەدا نییە. بەو حاڵەش وادیارە کە بۆ ئێستا باشترین کارە کە دەبێ بکرێ. لەوسۆنگەیەوە کە هەنووکە کۆمەڵگەی ئێمە لەژێر دەسەڵاتی هۆکارە ئابوورییەکاندایە، نابێ سەرمان لەوە سوڕ بمێنێ کە بوترێ ئەم هۆکارانە دەرخەری ئەوەن کە ئێمە چۆنین و بارودۆخەکە چۆنە. لەڕاستیدا بۆ شتێکی زۆر وەک پێوانەی چێژی بێنتام و سندرومی کەمترین ئاستی دەگەڕێینەوە.



پێشوازی لە بەرهەمە چاپکراوەکانی میل، وای کرد کە تا دەهات ناوبراو زیاتر دەبووە جێ سەرنجی خەڵک. بوو بە کەسایەتییەکی جێگای ڕێز و توانیی بۆ پێشڤەبردنی هەندێک پرسی ڕۆژ کەڵکی باش لە ناوبانگ و بڕشتی خۆی وەربگرێ. کاتێک لە ساڵی ١٨٦١دا شەڕی ناوخۆی ئەمریکا سەری هەڵدا، بە لایەنگری لە باکور هەڵایەکی نایەوە. ئەو پێی وا بوو کێشەی سەرەکی کۆیلایەتی بوو، کە لە چەمکی سوودگەراییدا ئاماژەی پێ نەکرابوو. (میل بە گەنجی بەتوندی داکۆکیی لە گەڵاڵەی «ویلیام ویلبرفۆرس» کردبوو کە گەڵاڵەیەکی دژی کۆیلایەتی بوو و ٣٠ ساڵ پێشتر لە لایەن پارلەمانەوە پەسەند کرا بوو.)

لە ساڵی ١٨٦٥دا میلیان هان دا کە خۆی بۆ ئەندامەێتیی ئەنجومەنی نوێنەران کاندید بکا. بەڵام ئەو بە لایەنگرانی خۆی لە پارتی لیبراڵی وت کە ئەو، کارەکە تەنیا بەشێوەی تا ڕادەیەک ناباوی خۆی دەکا. لە ماوەی هەڵبژاردنەکەدا هیچ پرۆپاگەندەیەکی نەکرد و ڕێگاشی نەدا کەسێک بۆ پرۆپاگەندەکردن بۆی پارە خەرج بکا. لە سەرەتاوە تەنانەت لە وتاردان و پێوەندیکردن بە دەنگدەرانەوە خۆی بەدوور گرت. بەپێی بنەما لیبراڵە سوودگەراکانی، دەیویست ڕێگا بدا کە دەنگدەران بۆ خۆیان لەم بارەیەوە بڕیار بدەن. لە ئەنجامدا لەم دوورگرتنە کەم وێنە سیاسیانەیە پاشگەزیان کردەوە و تەنیا وتارێکی پێشکەش کرد. دوای وتارەکەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە گوێگرەکان لێیان کرد. هەندێ لە پرسیارەکان بەمەبەستەوە کران ـ بەو حاڵەش ناوبراو بەراستگۆییەکی دڵڕفێن وەڵامی دایەوە. پرسیارێکیان لێ کرد کە ئایا تۆ وتووتە کە چینی کریکاری بەریتانیا، هەرچەند شەرم لە درۆکردن دەکا لەگەڵ توێژی کرێکاری ژمارەیەک لە وڵاتانی دیکە جیاوازە، هێشتاش «بەگشتی درۆ دەکا؟» میل بێ ئەملاو ئەولا وەڵامی دایەوە «بەڵێ من وتوومە.» کرێکارانی ئامادە بوو چەپڵەیان بۆ لێ دا و میل هەڵبژێررا.

میل لەو خولەدا کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بوو لەسەر چەند بابەتێک بەتایبەتی مافی دەنگدانی ژنان و گەندەڵیی دەوڵەت قسەی کرد. لە بواری ئابووریدا کۆمەڵە بۆچوونێکی پسپۆڕانەی خستە ڕوو و لە پەسەندکردنی گەڵاڵەی چاکسازیی ساڵی ١٨٦٧دا پشتی بە سەنگ و بڕشتی خۆی بەست. (ئەمە دووەمین گەڵاڵەی سەرەکیی چاکسازی بوو کە لە لایەن پارلەمانەوە پەسەند دەکرا. مافی دەنگدانی زۆر کرد و ڕێژەی دەنگدەرانی کردە دوو هێندە.)

میل سەرەڕای ئەم هەوڵە شایستانەی، ساڵی دواتر لە بەرامبەر «ویلیام هێنری سمیت»ی ڕۆژنامەفرۆشی سەرکەوتوودا دۆڕا. میلی ٦٢ ساڵە لە فەرەنسا لە نزیک ئاوینیون خۆی گۆشەنشین کرد، بەم شێوەیە دەیتوانی لە نزیک گڵکۆی هەرییت تیلۆری خۆشەویستیدا بژی. «هلێن»ی کچی هەرییت لەوێ خزمەتی میلی دەکرد و لەوە بەدوا بەردەوام لە لای بوو (دیارە دیسان بەدوور لە هەرچەشنە «کارێکی ناشیاو»). بەڵام ڕێزی میل بەرامبەر بە هاوسەرە کۆچکردووەکەی زۆر زیاتر لە هەستی باوی ڤیکتۆریاییانە بوو. میل بۆ پەرەپێدانی ئەو ئامانجەی کە خۆی و ژنەکەی هەر دووکیان پێشڕەوی بوون، کتێبی «کۆیلەتیی ژنان»ی نووسی. ئەم بەرهەمە کە یەکێک لەو یەکەمین کتێبانەیە کە لەم بارەیەوە نووسراون، زۆرێک لەو بابەتانەی کە میل لە کتێبی لەبارەی ئازادییەوەدا هێناونیە گۆڕێ لەم کتێبەشدا تاکو دوا ئەنجامە لۆژیکییەکەیان لەسەریان دەڕوا. ئەم بەرهەمە جگە لەوەی بەشێکە لە فەلسەفەی ناوبراو، زیرەکییەکی دەروونناسانەشی تێدا بەدی دەکرێ. «مادام باوەڕێک بەقووڵی لە هەستدا بنجی داکوتابێ، لەڕێی هێزی زیاتری بەڵگەهێنانەوە بەدژی، نەک هەر بنکۆڵ نابێ، بەڵکو زیاتریش دەچەسپێ. چونکە ئەگەر ئەو باوەڕە بە بەڵگەوە وەرگیرابا، بە ڕەتکردنەوەی ئەو بەڵگەیەش ڕەنگ بوو هێزی خۆی لە دەست دابا، بەڵام کاتێک لەسەر هەست دامەزراوە، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر بەڵگە و گرۆڤێکدا، خاوەنی باوەڕەکە زیاتر هەست بەوە دەکا کە هەستەکەی وا ڕیشەی داکوتاوە کە بەڵگەهێنانەوە کاری تێ ناکا.» وەها باوەڕێک دەکەوێتە دەرەوەی کات و شوێنی بەڵگەهێنانەوەی تایبەتی میلەوە.

کوردستان

ئەدەب و هونەر

ژمارە: ٦٢٠

٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٢

٢١ی نوامبری ٢٠١٣


# سانسۆری هەمەلایەنە لە ئێران دا بەردەوامە



عەلی لەیلاخ

دیاردەی سانسۆر مێژوویەکی درێژخایەنی هەیە، ئەگەرچی بەدوای هەڵکردنی چرای «ئازادی ڕا دەربرین»و بەرێکەوتنی تەوەژمی سەرهەڵدانەکان بۆ لابردنی سیستەمە دیکتاتۆرەکان لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە لە هێندێک وڵات ئەم ئاگرە سووتێنەرە دامرکا. بەڵام ئێستاشی بەدوابێ سێبەری ڕەشی سانسۆر کە زۆربەی زۆری ڕووناکبیران بە «دیکتاتۆری»ناوی دەبەن، بە شێوەی جۆراوجۆر لە هێندێک لەوڵاتانی جیهان بە بەربڵاوی ماوەتەوە.

سانسۆر «بە کردەوەیەک دەگوترێ؛ کە شێوە جۆراوجۆرەکانی ڕادەربرین (لە قسە هەتا نووسراوەو چاپەمەنی و..)کونترۆل دەکات. ئەم کردەوە زیاتر لە لایەن دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانەوە بۆ بەرەنگاریی کردن لە دەسەڵاتەکەیان بەڕێوە دەچێ. دەسەڵاتی دیکتاتۆر لەگەڵ هەرچەشنە فرەدەنگیو جیابیری و هەڵویست گرتنێک ڕێگری دەکا. زۆر جار وشەیەک یان چەمکێک کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدا نەبێ سانسۆر دەکرێ. سادەترین مانا بۆ سانسۆر هەمان «سڕینەوە«یە.

«خۆسڕینەوە« (خودسانسوری) شێوەیەک لە شێوەکانی سانسۆرە. تاکی داهێنەر چ نووسەر بێ، چ خاوەن بیرو هونەرمەند کە ناوێری بە تەواوی باسی هێڵەسوورەکان بکاتو ڕەخنەیان لێ بگرێ، جۆرێکە لە «خۆسڕینەوە« کە دەگەڕێتەوە بۆ گوشاری دەسەڵات کە هەرچەشنە دەنگێک کە لە خزمەتیدا نەبێ بە پەتی سانسۆر دەخنکێنێت.

جۆرەکانی سانسۆر

سانسۆری ئیخلاقی، نیزامی، سیاسی و مەزهەبی.

لێرە ئێمە مەبەستمان زیاتر سانسۆری سیاسییە کە لە ئێران بەسەر بڵاوکراوەکان و چاپەمەنییەکان بە گشتی و بەتایبەتی لە کوردستان بەڕێوەدەچێ.

ماشێنی سانسۆر مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام ئێستا ڕەنگە بەراوردکردنی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دیکە بە تایبەت وڵاتانی دەوروبەر زیاتر و بێ ڕۆحمانەتر کەوتۆتەکار.

لە هەر وڵاتێک ڕێژەی سانسۆر لە سەر کتێب و نووسراوە هەبێ، بێ شک ئەو وڵاتە وەک وڵاتێکی دیکتاتۆر و پاوانخواز پێناسە دەکرێ. هەر بەم هۆیەوە زۆربەی زۆری وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دیاردەی سانسۆریان لاواز و بێ ڕەنگ کردووتەوە یان چوارچێوەو ڕەهەندی تایبەتیان بۆ داناوە، ئیدی ڕەخنە گرتن یان بابەتێکی دژە دەسەڵات یان بابەتێک کە بە پێچەوانەی بیروعورفی کۆمەڵگا بێت، هەر زۆر بە پەلە پەل سانسۆر ناکرێ، بەڵکوو ئیزنی ململانی فیکریو هزری دەدرێت.

هەمیشە ئەو وڵاتانە پەرە بەسانسۆر دەدەنو لەوێ سانسۆر وەکوو ئورگانێکی دەوڵەتی کار دەکات کە ترسیان لە نەمانی دەسەڵاتی داسپاوی خۆیان هەیە. بە زمانێکی سادەتر وڵاتێکی دیمۆکراتیک نینو ئیزن بە فرەدەنگی نادەن. بۆ نموونە وڵاتە پاوانخوازەکان وەکوو ئێرانو کورەی باکوورو تورکیاو وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی بلوکی کۆمۆنیزم..

ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتدارن سانسۆریان کردۆتە «کەرەسەیەک» بۆ درێژەدان بە سیاسەتو دەسەڵاتی خۆیان. بێگومان سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی»عیرفانی»و ئەدەبیاتی «نمادین» یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی سانسۆری حکوومەتی بووە، کە لە قۆناخە جیاجیاکانی لە ئێران سەریان هەڵداوە. کاتێک شاعیرانو نووسەران نەیاندەوێرا ڕەخنەی ڕاستەوخۆ لە حاکمییەت بگرن بە «هیماو ئیشارە« مەبەستی خۆیان دەگەیاندە خەڵک. ئەگەرچی ئەمە بۆخۆی باسێکی تایبەتە کە دەڵێن: داری هونەر لە سایەی ترسوسانسۆر سیس نابێت بەڵکوو گەشە دەکات .

بەچاوخشاندنێک بەسەر چەند دەیەی رابردوودا واتە لە دەورانی دەسەڵاتی پەهلەوییەکان بە تایبەت دەورانی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا بەملاوە بە بیانووی جۆراوجۆر چاپەمەنیو نووسراوە لە ئێران سانسۆریان لەسەر بووە و مەجالی چاپ و بڵاوکردەنەوە بە بەشێکی زۆر لە بەرهەمی نووسەران یان هەر نەدراوە، یان بە سڕینەوەو تێبینییەوە ئیزینی چاپیان داوە. یەکێک لە خەسارەکانی بوونی سانسۆری بەربڵاو ئەوەیە کاتێک بەدەرچوونی بەرهەمێکی فیکری و هزری کە ڕەنگە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوڕێک و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا هەبێ، بەڵام سانسۆر دەبێتە بەربەستێک بۆ ڕێگرتن لەم چەشنە چالاکییانەو قەتیس مانەوەی ڕووباری فیکریەتی تازەو خەمۆکی نووسەران و خاوەنبیران. دەتوانین بڵێین لە ئێران بەسەر بەرهەم وئاسەواری زانستە مرۆییەکان وەکوو ئەدەبیات و فەلسفەو ئایین و مێژوو، بەنیسبەت زانستەکانی دیکە سانسۆر زیاتر بووە، بەڵام هەر لە دەورانی دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتی هەتا هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی دەنگ و ڕەنگی نەتەوەکانی بن دەست چ لە نێو «کتێبە دەرسییەکان» بۆ منداڵان چ لە نێو کتێبە مێژووییەکان، یان حەزف کراون یان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

دوابەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بەرەبەرە سێبەری ڕەشی سانسۆر بەربەرینتر دەبێتەوە، بە جۆرێک کە چەندین دامودەزگا و ئۆگانی تایبەت دیاری دەکرێن بۆ سانسۆر و سڕینەوە. بۆ نموونە سازمانی (گزینش)، حیراسەتی ئیدارەکان، تا دەگاتە ئەوە کە بۆ چاودێری بەسەر بڵاوکراوەکاندا «ئیدارەی «ممیزی» کتێب» لە وزارەتی ئیرشاد دامەزرا، کە ئەرکی سڕینەوە و ڕێگرتن لە چاپی هەر چەشنە بەرهەمێک کە بە ویست و دڵخوازی دەسەڵات نەبێ پێدەسپێردرێ.



دەسەڵاتی دەزگای»ممیزی»یان هەمان سانسۆر بەسەر چاپەمەنی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت کورد زۆرترە، بۆ نموونە هێندێک جار بەهۆی دێرێک یان ڕێگەیان لە چاپی بەرهەمێک گرتووە. زۆرجار وشەیەک بۆ نووسەرانی کورد بۆتە هێڵی سوور.

سیستمی «ممیزی» کتێب لە ئێران بەم شێوەیە؛ کە یەکەم بۆیان گرینگە کە کتێبەکە بە چ زمانێکە. ئەگەر بۆ نموونە کوردی بێ ئەوە چەندین جار چاوەدێری لەسەر دەبێ. بەتایبەت هێندێک دەستەواژەی قەدەغەکراو دیاری کراو وەکوو؛ ئازادی، کوردستان، کوفر، دیکتاتۆر، کۆتری سپی و.... هەیە. ئەگەر بەرهەمێک ئەم چەشنە وشانەی تێدا بێ، یان سانسۆری دەکەن، یان ئیزنی چاپی نادەن هەتا خاوەنەکەی بۆخۆی نەیانگۆڕێت.

زۆرجار ڕوویداوە کە کتێبێک چەند ساڵێک بووە چاپ کراوە، بەڵام بۆ چاپی دووهەم بەهانە بە هێندێک وشە گیراوە کە یان دەبێ بگۆڕدرێ یان ئیزنی دووبارەی چاپی پێ نادرێ. بۆنموونە کتێبی شێعری «زامستان»ی رحیم لوقمانی ئەو بەڵایەی بەسەردا هات.

دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای دایرەی «ممیزی»و دەستگای سانسۆر لە ئێران بۆتە هۆی گیروگرفتی زۆر لەبەردەم نووسەران و هونەرمەندان‌دا، ئەمەش بۆتە هۆی دڵساردی و خەمۆکی نووسەران و ڕووناکبیران. ئەوان زۆر جار ناچار دەبن پەنا ببن بۆ چاپی»ژێر زەمینی» کە لەم ڕێگایشەوە تووشی گیروگرفتی ماددی و ئەمنییەتی دەبن.

سانسۆر لە ئێران وای کردووە کە «چاپی ژێرزەمینی» و»موسیقی ژێرزەمینی» بۆتە دیاردەیەکی ناسراو. دیارەئەوەش کێشەی ماڵی وهەروەها هەڕەشەی «ئیدارەی ئیرشاد» و شوێنە ئەمنییەتیەکانی لێدەکەوێتەوە. ڕێگەنەدان و لەمپەروبەربەست سازکردنی دایرەی «ممیزی»و سانسۆرلەسەرڕێی بەرهەمە ئەدەبی و فیکری وهونەرییەکان، بەتایبەت لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نیژاد بوو بە هۆی تەرەبوون و ئاوارەبوونی زۆرێک لە نووسەران و هونەرمەندان.

وەک دیارە لە دەوڵەتی نوێی ئاغای» ڕووحانیش»دا دەسەڵاتی بەربڵاوی سانسۆرو سەرکوت لە ئێران بەتایبەت لە ئاست نەتەوەکانی دیکە بۆ نموونە کورد هەروەکوو جاران ماوەتەوە.

هەڵچێنی

## بۆ دەبێ بەشی مستەفا شێخە لێرەش هەر بەندیخانە بێ؟!

قادر وریا



ڕۆژی هەینی ٢٢ی نوڤەمبر، دەبێتە دوو حەوتووی تەواو کە نووسەری ئەم ستوونە مستەفا شێخە لە گەڵ ٦ کەسی دیکە لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە هەولێر لە بەندیخانە دایە.

مستەفا شێخە میدیاکارێکی کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە هەولێر گیرساوەتەوە. شێخە لە ئێران لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی لەسەر حیزبایەتی و کوردایەتی زیاتر لە ساڵێک چووە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی و لە سەردەمی ئێعدام و کوشتوبڕی زیندانیانی سیاسی دا، شانسی هێنا و گیانی خۆی دەرباز کرد. لە نیوەی دووهەمی دەیەی حەفتای زایینیدا، بوو بە یەک لە ئەندامەچالاکەکانی ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری شنۆ.

سەرەتای دەیەی هەشتای هەتاوی ، لە گەڵ هەموو کۆسپ داتاشین و سانسۆر و قەدەغە و قۆڕغێک کە بە سەر بواری کار و تێکۆشانی کولتووری و ڕۆژنامەنووسی دا زاڵ بوو، سەرەڕای هەموو دەسکورتی و بێئەنواییەک، لە کاری ڕۆژنامەنووسی و چالاکیی فەرهەنگی غافڵ نەبوو. بەو هۆیەوە کە کۆماری ئیسلامی ئیمتیازی دەرکردنی بڵاوکراوەی بە کوردەکان نەدەدا، لە گەڵ خاوەنی تورکی حەوتوونامەی «فردای ما» ڕێک کەوتبوو کە لقی تایبەت بە «شنۆ»ی ئەم حەوتوونامەیە لە ژێر ناوی «کێلەشین» دا بڵاو بکاتەوە. کارێک کە پێشتر لە بۆکان و نەغەدە کرابووو دواتر لە پیرانشاریش کرا. دیارە، شێخە پێشتر لە گەڵ گۆڤار و بڵاوکراوەکانی دیکە بە نووسین وەرگێڕان هاوکاریی هەبوو. بەڵام»کێلەشین» یەکەم ئەزموونی سەرنووسەری و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەیەک لە لایەن مستەفا شێخەوە بوو. دوو حەوتوونامەی «کێلەشین»بوو بە تروسکەی هومێدێک بۆ ئەوانەی خولیای کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسییان هەبوو. بە ئاگاداری لە چەرمەسەریی کاریی ڕۆژنامەنووسی لە جەهەننەمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا و بە گیرفانی بەتاڵ، بەڵام دڵنیا لە پیرۆزبوونی ئەو خزمەتەی لەم ڕێگایەوە بە خەڵکی دەکەن، لە دەوری ئەم روناکییە کۆ بوونەوە .

شێخە، هەرلە مێرمنداڵییەوە شۆخ و قسەخۆش وخاوەن سەرنج و ڕوانینی تایبەت بە خۆی بوو و مایەی تەنزوێژی و گەپنووسیی تێدابوو، بۆیە کاتێک بە جیددی هاتە بواری کاری ڕۆژنامەنووسییەوە، بە بەر کارەکانی دیکەیەوە، توانای خۆی لە تەنزنووسییش دا تاقی کردەوە. لە «مێرگژان»ی دەستەخوشکی «کێلەشین» کە لقی پیرانشاری حەوتوونامەی «فردای ما» بوو، ستوونی «بقە»ی نووسی. بەڵام چونکە چۆغەی کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسی لە سێبەری کۆماری ئیسلامیدا بە بەژنی وی زۆرتەنگ بوو، هاوکات هاوکاریی ڕاگەیەنەکان و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لە هەرێمی کوردستانیشی دەکرد. کاربەدەستانی دەزگای سیخوڕیی ئیتلاعات کە لە مێژ بوو دەستیان لە دەستەمۆبوونی مستەفا شوشتبوو و گومانی ئەوەشیان کردبوو کە هاوکاریی میدیاکانی هەرێمی کوردستان دەکا، هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەی و دەستیان بە سەرکامپیوتێر و کۆمەڵێک دەستنووس و کەلوپەلەکانی داگرت. شێخە هەر ئەوەندەی بۆ کرا خۆی نەداتە دەستیان و بەرەو کوردستانی گەرمێن ڕابکا. نزیکەی دە ساڵە مستەفا شێخە لە هەولێر دەژی. ئەوانەی لە میدیاکان و دامودەزگا کولتوورییەکانی هەرێم هاوکاری بوون، شایەدیم بۆ دەدەن کە لە قسە خۆشی، زمانپاراوی، کارجوانی و ئەرکناسی دا نموونەی میدیاکارێکی سەرکەوتوو و داهێنەربووە. نەک هەر نەبووە بە پەسنبێژی هیچ لایەنێک، تەنانەت ڕەخنەشی لە هەر کەس و لایەن و دەزگایەک گرتوە کە بە پێویستی زانیوە. لە گەڵ ئەوەی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نیە، دۆستایەتی وهاوکاریی هەر هێز و کەسایەتی و تێکۆشەرێکی کردوە کە نیازی خزمەتکردنی پرسی ڕەوای نەتەوەی کورد و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتیی هەیە. بە کوردی و بە کورتی نانی ڕەنجی شانی خۆی خواردوە و دەخوا. بە هۆی سەلماندنی کەسایەتیی خۆی و نیشاندانی بەرزیی عیززەتی نەفس و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لە خۆی، بووە بە کەسێکی جێی متمانە و خۆشەویستی زۆربەی هەرەزۆری ئەو میدیاکار و چالاکە سیاسی و مەدەنییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاونراون و لە هەرێم بە تایبەتی لە هەولێر گیرساونەوە. مستەفا شێخە یەک لەو سیمایانەیە کە ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنان و بەردەوام ڕاگرتنی ئەنجومەنی زێد و ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵات دا هەبووە.

مستەفا شێخە نزیکەی دوو ساڵە ستوونێک لە ژێر ناوی «هەڵەچێنی»دا بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» دەنووسێ. ئەو بە تەنز، لەم ستوونەدا ڕەخنە لەو هەڵە و کەموکووڕییانە دەگرێ کە نووسەران، ڕووناکبیران و نوخبەکانی کورد، سەرچاوە وداهێنەریانن و لە بەستێنی زمان و نووسین و کاری میدیایی دا، دەیانچێنن!! ئەم ژمارەیەی «کوردستان» لە کاتێک دا دەردەچێ کە شێخە لە گەڵ ٦ میدیاکار و چالاکی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەندیخانە دایە. ئەو ٧ کەسە دوای ئەوە لە لایەن پۆلیسەوە گیران کە کۆمەڵێک کوردی ڕۆژهەڵاتیی تووڕە لە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی، کۆنسوڵخانەی ئەو ڕێژیمەیان لە هەولێر دایە بەر بەرد.

ئەوە بوو بە دوو حەوتوو ئەو٧ کەسە، بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێ، لە هەولێر بەند کراون و لە گەڵ دەیان کەسی دیکە، لە شوێنێکی تەنگ و بەرتەسک دا، ڕاگیراون. ئەوان تەنیا ڕێکخەری کۆبوونەوەیەکی هێمنانەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە پارکی شانەدەر بوون وهیچ بەرپرسایەتی و پێوەندییەکیان لە پێوەندی لە گەڵ بەردبارانی کۆنسوڵگەریی ئێران لە هەولێر دا نیە. لێرەدا لەوە دەگەڕێم کە بەردبارانی کۆنسوڵگەریی ڕێژیمێک کە بە ڕێژیمی پەت و سێدارە ناوبانگی دەرکردوە و بۆ خۆی بیدعەتی داگیرکردنی سەفارەتخانە و بەبارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی وڵاتانی دیکەی داهێناوە، بەرد بە کابەدا دان نیە. ئەو خاکەی کۆنسوڵگەریی ئێرانی تێدا بەردباران کراوە هەر ئەو خاکەیەکە کە بە سەدان تێکۆشەر پەناخوازی کوردی ڕۆژهەڵات لە سەری دراونە بەر دەسڕێژی بەکرێگیراوە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و بە داخەوە هیچ هێز و لایەنێکی دەسەڵاتبەدەستیش لێی نەپرسیونەوە. بەڵام ئەگەر سەرەڕای ئەم ڕاستییەش بەردبارانی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی کارێکی جێی لێپرسینەوە بێ، مستەفا شێخە و هاوڕێیانی هاوبەندی، ڕۆڵێکیان تێی دا نەبووە. هیوادارم کاربەدەستان ئەو دەنگانە ببیسن کە داوای ئازادکردنی ئەم ٧ گیراوە دەکەن و کۆتایی بە دەستبەسەرکردنی پاساوهەڵنەگری ئەوان بێنن.

چاپی نوێ

## گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زانا ژمارە (٧) چاپ و بڵاو کرایەوە



ئەم ژمارەیەی گۆڤاری لەیلا قاسم لەیلا زانا وەک ژمارەکانی پێشوو کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی تایبەت بە ژنان تێدایە. ئەم گۆڤارە بە نێوەرۆکە کە وەرزانەیەو سێیەمین ساڵیەتی، بە سەرنووسەری ڕۆژنامەنووسێکی پیاو مومتاز حەیدەری دەردەچێ. وێڕای دەسخۆشی و ماندوو نەبوونی لە کاک مومتاز حەیدەری بەو هیوایە هەر بەردەوام بێ لە خزمەت بە کۆمەڵگە و بەتایبەتی ژنانی کوردستان.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 620 20 Nov 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# شەشەمین ساڵوەگەڕی کۆچی ناوەختی موقبیل هونەرپەژوو



بە ئامادە بوونی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان کە لە شارەکانی وەک نەغەدە، مەهاباد، سەقزو شنۆوە چووبوونە شاری بۆکانو لە سەر گڵکۆی نەمر موقبیل هونەرپەژووە کۆ ببوونەوە، شەشەمین ساڵوەگەڕی کۆچی لە ناکاوی ئەم قارەمانە شاخەوانیەی کوردستان بەرز راگیرا. لەم رێورەسمەدا کە لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرا، جگە لە وتاری نوێنەری بۆکان لە مەجلیسو سەرپەرستی ئیدارەی وەرزشو لاوانی ئەم شارە، پەیامی بنەماڵەی ئەم شاخەوانە بەناوبانگەو چەند پارچە هەڵبەستێکیش خوێندرانەوە.

جێی بیرهێنانەوەیە موقبیل هونەرپەژوو، ساڵی ١٣٦٢ لە دایک بوو، ساڵی ١٣٧٧ دەستی بە چالاکیی شاخەوانی کردو زۆر زوو توانی قۆناغەکانی سەرکەوتن ببڕێ، ساڵی ٧٩ بوو بە ئەندامی تیمی میللیو لە کاتێکدا تەمەنی تەنیا ١٩ ساڵ بوو، توانی وەک لاوترین شاخەوانی سەرکەوتوو لووتکەکانی کێوی «لوتسە نێپاڵ»، چوارەمین کێوی بەرزی جیهان بە بەرزایی ٨ هەزارو ٤١٦ میتر ببڕێ.

ناوبراو ساڵی ٨٢ لە سەر کێوی «گاشربروم یک» لە حاڵێکدا هاوڕێ لەگەڵ شاخەوانی کۆچ کردوو محەممەد ئەوراز بوو، بەهۆی داڕمانی رنوو تا ئاستی نزیکەی ٦٠٠ میتر بەربۆوە خوارێ بەڵام زیندوو مایەوە.

شایانی باسە موقبیل هوونەر پەژوو پاییزی ساڵی ٨٦ لە حاڵێکدا لە بەرزاییەکانی کێوی بەردەزەردی بۆکان سەرقاڵی راهێنانی شاخەوانیی بوو، نزیکەی ٨ میتر کەوتە خوارەوەو گیانی لە دەست دا.

# هەشتەمین فستیواڵی فیلمی کوردی لە لەندەن




لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٥ی نوامبری ٢٠١٣ەوەک فستیواڵی فیلمی کوردیی لەندەن بە ئێوارەخوانێکو دیدارێکی یەکتر ناسین بۆ ئامادەبووان، بە رەسمی دەستی بە کارەکانی کرد.

فستیواڵ بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە میوانانی کورد و بیانی هەروەها چەندین دەرهێنەر بەڕێوە چوو، کە فیلمەکانیان لەو فستیواڵەدا پیشان دەدرێن.

لە بەرنامەی ڕۆژی یەکەمی ئەو فستیڤاڵە دا، شارەداریی ناوچەی هەکنی لە لەندەنو بەیان سامی عبدالرەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، فەلەک ناز ئەندامی پارلمانی کورد لە پارلمانی ئەورووپاو، عیسا موسا وەکیلی پێشووی نلسۆن مەندێلا هەرکام بەجیا وتاریان پێشکەش کرد و سەبارەت بە پیوەندییەکانی لەگەڵ کوردو سینمای کوردیو هەروەها سەرکەوتنەکانی فستیواڵ و بەرێوەبەرانو پشتیوانانی ئەم پرۆژەیەو هەروەها زیاتر کارکردن بۆ هەرچی باشتر و دەوڵەمەندتر کردنی فستیوالی فیلمی کوردی قسەیان کردو پشتگیریی خۆیان لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری فستیواڵ دەربڕی.

بەشێکی تری ئەم ئێوارە خوانە بەشداری کۆری تایبەتی کچان بە دەف لێدان و هەڵپەرکەی کوردی بە دەهۆل و زورنا بوو.

فیلمی «پێش بارینی بەفر» لە دەرهێنانی هیشام زەمان، یەکەم فیلمی کوردی بوو کە لە ڕۆژی دەستپێکی فستیوالەکە دا پیشان درا.

لەو فستیوالەدا کە بە بەشداریی بەهمەن قوبادی، هونەر سەلیم، هیشام زەمانی بەرێوە دەچێ، ١٢١ کورتە فیلمو فیلمی درێژی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان پیشان دەدرێن کە ٤٦ فیلمی دۆکۆمێنتیو ٥٢ فیلمی کورت، کۆی ئەم فیلمانەنو، هاوکات چەندین فیلمی تایبەتیش بە دۆزی ژنان، مافەکانی مرۆڤ و تایبەت بە منداڵان لەو فستیواڵەدا پیشان دەدرێن.

شایانی باسە مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتی لوقمان معروف‌زادە، ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا بەشداری ئەم فسیواڵەن و لەگەڵ بەشێک لە دۆستان و دەرهێنەرانی گەورەی سینەمای کوردی دیدارو چاوپێکەوتنیان پێک هێناو بەتایبەت لەگەڵ بەهمەن قوبادی لەنیزیکەوە سەبارەت بە هەلوێستی بەرێزیان لەپێوەندی لەگەڵ ئێعدامی رۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نامەی بەرێزیان بۆ سەرۆک کۆماری ئێران لەلایەن نوێنەری حیزبەوە دەست خۆشی و سوپاسیان لێکراو هەلوێستەکەیان بەرز نرخێندرا.

پێویست بە ئاماژەیە کە فستیواڵی فیلمی کورد لەندەن تا ڕۆژی سێی سەرماوەز بەردەوام دەبێ.

# ژنێک بە بەرزیی مێژوویەک



بەسێ تەلایی، (حاجی بەسێ) هاوسەر و هاوسەنگەر و هاوڕێی ڕێگای دوور و درێژی تێکۆشانی مامۆستا رەسووڵ پێشنەماز، ناساندن و باسکردنی لە چەند دێڕ دا ناگونجێ. تەنیا ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دیویانە، لە دەیان ساڵ ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری و دوورەوڵاتی دا، شایەدی خۆراگری و ورەبەرزیی ئەو بوون، تەنیا ئەو کەسانەی لە سەردەمی سام و هەیبەتی دیکتاتۆران، لە هەژاری و ماڵبەکۆڵێ و دوورەمێردی، لە کاتی خۆحەشاردانی پیاوان، لە گەرمەی هاوخەمیی ژنومنداڵی مێرد و باوک شەهیدکراودا، دایە بەسی لە فریایان هاتوە، دەزانن بەسێ خانم کێ بوو. ئەو کاتەی پۆل پۆل میوان وەسەر ماڵیان دەگەڕان و حەسانەوە و نێوچاوان تێک نانی نەدەناسی، ئەو کاتەی نوێبووک و یادگاری ئەم و ئەو شەهید و زیندانیی لە بن باڵی دەگرت، بتدیبایە، یا لانیکەم وەک من لە زمانی هاوخەباتانی دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ی هەتاویی کاک رەسوول پێشنەماز بتبیستبایە، باشتر دەتانناسی. ئەو هەر ئەودالی چارەنووسی هاوسەرە تێکۆشەرەکەی نەبوو، بۆ خۆشی سەربازێکی بیناونیشان و بێ پلە و مەقامی ئەو خەبات و بزووتنەوەیە بوو کە ئیستا کەسانی وەک من بە رابردووەکەیەوە دەنازن. بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی مامۆستا رەسوول پێشنەماز بخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن ئێوارەی پێنجشەممە، ٢٣ ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ ی هەتاوی( ١٤ ی نۆامبری ٢٠١٣ی زایینی)، کوردستان چ ژنێکی نیشتمانپەروەر، مرۆڤدۆست و بە مانای راستەقینەی وشە، گەورەی لە دەست دا.

**قادر وریا**
**١٧/١١/٢٠١٣**

# هەولێر
# ئەکادیمیای کوردی رێورەسمێکی رێزلێنانی پێکهێنا




ئەکادیمیای کوردی لە شاری هەلێر، لە رێورەسمێکدا رێز لە دوو کەسایەتی کورد دەگرێ.

ئەکادیمیای کوردی، بۆ بەرزنرخاندنی تەمەنێک خزمەت لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی، دوو کەسایەتی ناسراوی کورد رێز لە عەبدوڵڵای حەسەن زادە و محەممەدی مەلا کەریم دەنێ. رێورەسمەکە کاتژمێر ٣:٣٠ـی دوای نیوەرۆی ئەمرۆ چوارشەممە، لە بارەگای ئەکادیمیای کوردی لە شاری هەولێر بەرێوە دەچێ.

بەرلەماڵاوایی
بەر لە ماڵاوایی

# ئەمەگناسی ( بەبۆنەی کۆچی دوایی موهەندیس محەممەد ڕەزا خەیاتی)





**عەبدوڵا حەسەنزادە**

زۆربەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ بەرامبەر بە ١٦ی نۆڤەمبری ٢٠١٣ کەسایەتیی نیشتمانپەروەری ئازەری‌زمانو کادری لەمێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، موهەندیس محمد رضا خیاطی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری تەکنیکیی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بە ڕووداوێکی هاتوچۆ گیانی لەدەست داو دنیایەک کەسەری بۆ هاوڕێو هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکڕات‌داو بەگشتی بۆ دڵسۆزانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەجێ هێشت.

موهەندیس خیاطی پێش ڕووخانی ڕێژیمی پادشایەتی دەرەجەدارێکی ژاندارمری بوو کە لە ڕشتەی بەرقو موخابەرات‌دا خزمەتی دەکرد. دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەگەر بەوە ڕازی بایە خزمەت بە کاربەدەستە تازە بەدەسەڵات‌گەیشتووەکان بکا بە ئاسانی دەی‌توانی جێگای خۆی بکاتەوەو هەموو ئیمتیازەکانی دەرەجەدارێکی بەسابیقە بەدەست بێنێ. بەڵام ئەو پشتی کردە ئەو دەسکەوتە مادی‌یانەوەو وەک هاونیشتمانێکی ئازەری تێکەڵ بە خەباتی ئازادی‌خوازانەی حیزبی دێموکڕات بوو کە ئامانجی وەدەست‌هێنانی ئازادی‌و بەختەوەری بۆ هەموو هاونیشتمانان بە هەموو مللیەت‌و ئایینو مەزهەبەکانەوە بوو.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی کە حیزبی دێموکڕات بۆ گەیاندنی دەنگی هەق‌خوازانەی بزووتنەوەی کورد پێویستیی بە وەڕێ‌خستنی ڕادیۆیەک هەبوو، موهەندیس خیاطی بە کەلک‌وەرگرتن لە دەزگایەکی بێ‌سیم کە هەر بۆخۆی بۆ حیزبی دێموکڕاتی هێنابوو ڕادیۆیەکی وەڕێ خست کە بە هەوڵ‌تێکۆشانو وردەکاریی ئەو دڵسۆزە هەمووکوردستانو بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشی دادەپۆشی. بۆ ماوەی پێنج‌شەش ساڵیش موهەندیس بۆ هەموو کەرەسەیەکی یەدەکیی ڕادیۆ پشتی تەنیا بە ئەزموونو لێزانیی خۆی بەستبوو، هەتا دواتر لە دەرەوە هێندێ پێداویستیی نوێی بۆ هاتنو سەرەنجامیش حیزب توانی دەزگایەکی دەکیلۆواتی لە دەرەوەڕا بێنێ.

ئەو پیاوە بۆماوەی زیاتر لە سی ساڵ ڕادیۆی دەنگی کوردستانی وەک منداڵێکی جگەرگۆشە پەروەردە کردو نە پیری‌و نە نەخۆشی‌و نە هیچ کەندوکۆسپێکی ژیان نەی‌توانی ئەوو ڕادیۆ خۆشەویستەکەی لێک دابڕێ. شایانی باسە کە موهەندیس بێجگە لە ڕادیۆ سەرپەرستیی وەڕێخستنی سیستمی موخابەراتیی حیزبیشی وەئەستۆ گرت‌و دەیان کادری لەو بووارەدا پێ‌گەیاند. بەوپێیە ئەو نەمرە هەقێکی زۆری نەک هەر بەسەر حیزبی دێموکڕات بەڵکوو بەسەر تەواوەتی بزووتنەوەی کوردو بەگشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیەو هەموو دڵسۆزانی کورد بەڕێزو حورمەت‌و ئەمەگناسی‌یەوە یادی خزمەت‌و زەحمەت‌و فیداکاری‌یەکانی دەکەنەوە.

وەک شەخسی خۆم پێم‌خۆشە بەدڵێکی پڕ لەداخ‌و کەسەرەوە یادی ئەو دۆست‌و هاوڕێ لەمێژینەیەم بکەمەوە کە بۆ ماوەی زیاتر لە سی‌ساڵ گەرمترین پێوەندیی برایانە پێکیەوە گرێ دابووینو لە هەموو ئەو ماوەیەدا جارێک لێک دانەبڕاین. نامەوێ ئەو مەراقەشم بشارمەوە کە تەنیا چل‌وهەشت سەعات پێش ئەو ڕووداوە تەلەفونی کرد گوتی دەمەوێ بێمە سەردانت، کە بەداخەوە لەبەر هێندێ گرفتاری داوام لێ‌کرد سەردانەکە بۆ سەرەتای حەوتووی ئایندە هەڵبگرینو بەم‌جۆرە کورد گوتەنی لێی دیدارئاخرەت بووم.

بە بۆنەی لەدەست‌چوونی ئەو مرۆڤە دڵسۆزەو ئەو دۆست‌و هاوڕێ وەفادارە دەگەڵ ئەو پەڕی پەرۆشیم سەرەخۆشی لە یەک‌یەکی ئەندامانی بنەماڵەکەی‌و تێکڕای هاوسەنگەرانی‌و کۆمەلانی خەڵکی کوردستانو هاونیشتمانە ئازەری‌یەکان دەکەم. بۆ موهەندیس خیاطی بەهەشتی بەرینو باوەشی بەزەیی خواو بۆ ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی سێبووری‌و سلامەتی بە ئاوات دەخوازم. ڕووحی شادو یادی هەمیشە زیندوو بێ.